سووچی گەمارۆکانە یان بێکیفایەتی و گەندەڵیی خۆیان؟ **عەلی بداغی** (٣)

دەسەڵاتی سیاسی و متمانەی کۆمەڵایەتی **ڕەحمان سەلیمی** (٤)

پێشەوا، کاریزمایەکی ڕووناکبیر **ناسر باباخانی** (٦)

ژینۆسایدی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان **شەونم هەمزەیی** (١٠)



# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٧٧١ ■ هەینی ١٥ی خاکەلێوە ١٣٩٩ _ ٣ی ئاوریلی ٢٠٢٠

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا


## وڵامی خەڵکی کوردستان بە کۆماری ئیسلامیی ئێران

# ئەوکات نا، ئێستاش هەر نا




٤١ ساڵ پێش و لە ڕۆژانی ١٠ و ١١ی خاکەلێوەی ١٣٥٨، دەسەڵاتی سیاسیی نوێی ئێران بەناو ڕیفڕاندۆمێکی بۆ دیاریکردنی ڕێژیمی سیاسیی داهاتووی ئێران بەڕێوە برد. ئەم ڕیفڕاندۆمە تەنیا دوو پرسیار بوو: ئایا نیزامی پاشایەتی بێتەوە سەر کار یان لەجیاتی ئەو کۆماری ئیسلامی دابمەزرێ؟!

ئەم هەڵبژاردنە نادێموکراتیکەی "کۆماری ئیسلامی، بەڵێ یان نەخێر" لە کوردستان وەڵامی تایبەتیی پێدرایەوە. خەڵک و حیزبە سیاسییەکانی کوردستان کە چەند هەنگاوێک پێش هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێران بوون، بە تێگەیشتنی زۆر دەقیق لە بیرکردنەوەی ڕێبەرانی ڕێژیمی نوێ و نێوەرۆکی ئەو دەسەڵاتەی بەتەمای چێکردنی بوون؛ سەرەڕای سیاسەتی هاندان و پاشان هەڕەشە و گوشاری دەسەڵاتی ناوەندی "نا"یەکی زۆر گەورەیان بەو ڕێژیمە گوت.

کوردستان دوای ٤١ ساڵ، سەرەڕای ئەو باجە قورسەی لە هەموو ئەو ماوەیەدا لە دژایەتی کردنی کۆماری ئیسلامیدا داویانە، شانازی بەو "نا"یە و بەو بایکۆتکردنەی ڕاپرسییەکەی ١٢ی خاکەلێوە و بەردەوامیی "نا"گوتنەکانی دیکە بەو دەسەڵاتە توتالیتێر و نادیموکراتیکە دەکەن.

## ئێران لە ٢٠١٩، ئێعدامی ٢٨٠ کەس و کوشتنی سەدان کەس لەسەر شەقام



سازمان حقوق بشر ایران

ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران لە دوازدەهەمین ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا ڕایگەیاند: ئێران لە ساڵی ڕابردووی زایینیدا ٢٨٠ زیندانیی ئێعدام کردوە. بەپێی ئەم ڕاپۆرتە لە سەتا٧٠ی ئەم ئێعدامانە دەزگای قەزایی بەڕەسمی ڕاینەگەیەندوون و ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران، لە ڕێگەی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانیەوە توانیویەتی دەستی بەم ئامارانە ڕابگا و پشتڕاستیان بکاتەوە.

لە ڕاپۆرتەکەدا باس لە ئیعدامی منداڵانیش کراوە. سەرەڕای ئەوەی ئێعدامی منداڵان پێچەوانەی کۆنڤانسیۆنی نێونەتەوەیی مافی منداڵانە و، ئێرانیش ئەم کۆنڤانسیۆنەی لە ساڵی ١٣٧٢دا ئیمزا کردوە؛ بەڵام بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە ئێران لە ساڵی ڕابردووشدا بە لانیکەم چوار منداڵ لە ئێران ئیعدام کراون.

لە درێژەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە ئێراندا باس لە خۆپێشاندانەکانی خەزەڵوەری ساڵی ٩٨ کراوە و ڕەخنەیان لەو جۆرە هەڵسوکەوتە سەرکوتکەرانەی دەسەڵاتدارانی ئێران گرتوە کە بە سەدان کەس بە گوللەی ڕاستەوخۆی هێزەکانیان لەسەر شەقامەکان کوژراون.

## زیاتر لە ٤ میلیۆن کرێکار لە ئێران مەترسیی دەرکردن لە سەرکاریان لەسەرە

وەزارەتی "تەعاون، کار و خۆشبژێویی کۆمەڵایەتیـ"ی ئێران ڕایگەیاندوە کە بەهۆی پەتای کۆرۆناوە، بارودۆخی کاروکاسبی بەرەو قەیرانی زیاتر دەڕوا و زیاتر لە ٤ میلیۆن و ٨٠٠ هەزار کەس لە ئێران مەترسیی بێکاری و دەرکردن لەسەرکاریان لەسەرە.

لەم ڕاگەیەندراوەدا هاتوە کە کۆرۆنا لە هەر دوو بواری خواست و خستەڕوو (عرضە و تقاضا)دا کێشە و ئاریشەی بنەڕەتیی بۆ کەرتی وەبەرهێنان دروست کردوە و داخستنی کارگە و کارخانەکان یان کەمکردنەوەی وەبەرهێنان لەواندا دەرکردنی هێزی کاری بەدوودا دێ.

دانانی وەزارەتی "تەعاون، کار و خۆشبژێویی کۆمەڵایەتیـ"ی ئێران بە ڕاوەساتانی ئابووریی و قەیران لە بازاڕی کاری ئێران لە ساڵی ١٣٩٩ لەحاڵێکدایە کە خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیم ئەمساڵی بە ساڵی "جهش تولید" ناودێر کردوە.

کارناسانی ئابووری دەڵێن پێش لە بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆناش، ئێران زۆرترین نرخی بێکاریی ساڵانی ڕابردووی هەبووە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ئاستی ژیانی خەڵک خراپتر دەبوو.



سەروتار

## بە ناوی خەڵک و بۆ گیرفانی خۆیان

**کەماڵ کەریمی**

زیاتر لە دوو مانگ دەبێ دەرکەوتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا سەرەتا لە چین و دواتر بڵاوبوونەوەی لە نزیک بە تەواوی وڵاتاندا لەسەر گۆی زەوی، جیهانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردوە. هەرچەند لە سەرەتادا لە هێندێک لە وڵاتان کەمتەرخەمی دەوڵەتەکان هۆکاری پەرەگرتنی ئەم پەتایە بوو، بەڵام کاتێک هەست بە مەترسی بڵاوبوونەوەی زیاتری لەسەر ژیانی خەڵک و کۆمەڵگەی بەشەری کرا، لێی وەخۆ کەوتن و بە شێوازی جۆراوجۆر و پێویست لە هەر وڵاتێکدا هەوڵی بەربەست کردنی تەشەنەسەندن و جێ خۆشکردنی زیاتری ئەم میوانە نەخوازراوە درا. هەوڵێک کە سەرەڕای قوربانی بوونی نزیک لە ٥٠ هەزار کەس و زیاتر لە ٩٠٠ هەزار تووشبوو بەپێی ئامارە ڕاگەیێندراوەکان خەریکە کاریگەری خۆی دادەنێ و ئاستی ڕێژەی ڕۆژانەی تووشبووان دێنێتە خوارێ. ئەم بەڵا لابەلایە وەک هەموو وڵاتانی دیکە ئێران و خەڵکە هەژار و لێقەوماوەکەشی تووش کردوە، بەڵام بە جیاوازیی یەکجار زۆرەوە.

ئاشکرایە کە خەڵکی ئێران ساڵانێکە بە دەست قەیرانی جۆراوجۆری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە دەناڵێنن. لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا کە خەڵک تەنیا لە پەسەنی کارەکانی ڕێژیمدا مافی دەنگ هەڵبڕینی ئازادانەیان هەبووە، دەنا بۆ هەر دەنگێکیتر سەرکوت کراون، بەهۆی ناکارامەیی و سیاسەتە تەک ڕەهەندییەکانی دەسەڵاتەوە کە هەرگیز بەرژەوەندیی خەڵکی تێدا ڕەچاو نەکراوە ئابووری وڵات بەرەو ئاقارێکی وەها خراپ برا کە ژیانی و گوزەرانی تاک بە تاکی خەڵک جگە لە بەشێک لە دەستووپێوەندەکانی ڕێژیم کەوتووەتە مەترسیی گەورەوە. هەرئەمەش زیانێکی قورسی لە...

درێژە بۆ لاپەڕەی ٢

درێژەی سەروتار

# به ناوی خه‌ڵک و بۆ گیرفانی خۆیان

...پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵک داوە و ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکی بەرەو لێکترازان بردوە. بۆ دروستبوونی ئەم بارووذۆخەش هەموو کەس دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی و بێخەمییەکانیان بەرامبەر بە چارەنووسی خەڵک و وڵاتی ئێران بە بەرپرس دەزانن.

هەر ئەم جارەش دیسان گوێپێنەدان بە چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی پەتای کورونا وپاراستنی گیانی خەڵک و کەمکردنەوەی مەترسییەکانی، وای کرد کە تەنیا بەپێی ئامارە ڕەسمییەکانی خۆیان کە کەس گومانی نیە کە بە درۆ و بە شاردنەوەی قورسی کارەساتەکە بڵاودەبێتەوە بە دەیان هەزار کەس تووشبوون و هەزاران کەسیش گیانیان لە دەست داوە. ئەم ئامارە لەگەڵ درۆکانی ڕووحانیی سەرۆککۆمار کە پەردەی شەرمی دڕاندوە و لە کاتێکدا وەزیرەکانی لە سەرەتای مانگی ڕێبەندانەوە لەم مەترسییە ئاگاداریان کردوونەوە بەڵام جەنابی دەڵێ کە لە ٢٨ی ڕێبەنداندا زانیومانە کە کورونا هەیە، دەریدەخا کە ئەم ڕێژیمە چەندە خۆی لەو خەڵکە هەژار و بێدەرەتانە بەخاوەن دەزانێ و چ کاتێک پێویستیی بەوانە. ئەوەی دیار بوو دەمڕاستەکانی ڕێژیم پێش هەموو کەس زانیبوویان کە ئەم پەتایە بەر دەرکەی ماڵی هەمووانی گرتوە، بەڵام ئەوان کە هەمیشە بیریان لای خۆدەرخستن و نمایشی هێز بووە ئەویش بە پاڵپشتی ئەو خەڵکەی کە چیتر وەدوایان نەدەکەوتن لەبەر ڕێوڕەسمی ٢٢ی ڕێبەندان و بە تایبەت بەڕیوەچوون هەڵبژاردنەکانی مەجلیس ئەم مەسەلە گرینگەیان شاردەوە مەبادا ئەو بەشە خەڵکەش کە بەهەر بەهانەیەک دەچوون بەدەمیانەوە بترسن و لەو ڕۆژانەدا لە حزووریی میلیۆنیی! خەڵکدا دەرنەکەون. ئەمەیە بیرکردنەوەی ڕێژیمێکی ناپەرپرس و بەرپرسانێکی درۆزن. بەڵام بە پێچەوانەی دەمڕاستەکانی ڕێژیم لەولاوە وڵاتانی جیهان بە دەربڕینی نیگەرانی لە دۆخی نالەباری ئێران و بە مەبەستی یارمەتیدان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و پێشگیری لە تەشەنەسەندنی کورۆنا کەوتنەخۆ و ژاپۆن ٢٣ ملیۆن دولار و یەکیەتی ئورووپا ٢٠ ملیۆن یۆرۆ یارمەتیی کۆماری ئیسلامییان دا. لەگەڵ ئەوەش پزیشکانی بێسنوور دەستیان بە سازکردنی بیمارستانێک بۆ نەخۆشەکانی کورۆنا لە شیراز کرد کە بەداخەوە لەبەر ئەوەی پووڵی نەختی بۆ ڕێژیم تێدا نەبوو پێشیان لە کارەکەیان گرت و بڕیاری وەدەرنانیان لە ئێران دەرچوو. جگە لەمەش ئامادەیی ئەمریکا بوو بۆ ناردنی کەرەسە و پێداویستی پێشگیری لەو پەتایە، کە هەر زوو لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە ڕەتکرایەوە.

ئێستا بزانین هۆکارەکانی ئەم سیاسەتبازییانەی ڕێژیم چین و بە دوای چییەوەن؟ ڕاستە کە گیرفانی خەڵک بەتاڵە و بەشی ژیانی ڕۆژانەیانی تێدا نیە، بەڵام خۆ خەزێنەی ڕێبەر و داهاتە بێ ماڵیاتەکانی ئەوەندەی تێدایە کە بۆ ڕۆژی تەنگانەی وا کەڵکی لێوەرگرن. ئەوە نەبوو ساڵی ٩٧ و هەر دوای تێکچوونی بەرجام ٢ میلیارد و ٥٠٠ ملیۆن لە سندووقی پاشەکەوتی دراو، لەلایەن ڕێژیم بە ناوی بەهێزکردنی بونیەی بەرگری درا بە سپای پاسداران و هەر دوای کوژرانی قاسم سولەیمانی بە بڕیاری ڕێبەر ٢٠٠ ملیۆن یۆرۆ لەو سندووقە پێشکەش بە سپای قودس کرا، لە حاڵێکدا هەتا ئێستا ئامادە نەبووە بۆ ئەم بەڵا کوشەندەیە لەو سندووقە کەڵک وەربگرێ. ئەدی چۆنە دیسان بۆ کار و ژیانی خەڵک کەوتوونەتە سواڵ و پاڕانەوە و هۆکاری هەموو نەهامەتییەکانی خەڵکی ئێران دەبەستنەوە بە گەمارۆ ئابوورییەکانی سەریان؟ داخۆ بەڕاستی خەتای ئەو بەڵایانەی بەسەر خەڵکی ئێران دێ گەمارۆ ئابوورییەکانن یان بوونی ڕێژیمێکی نابەرپرس و نەزان و کەمتەرخەم بەرامبەر بە وڵات و ژیانی خەڵکەکەی؟ ڕێژیمێک کە ئەگەر کەمترین هەستی بەرپرسایەتی هەبووایە دەبوو لە جیاتی شاردنەوەی ڕاستییەکان، زۆر زوو خەڵک لە مەترسییەکانی ئەم بەڵایە ئاگادار بکاتەوە و ڕێوشوێنی کەڵکوەرگرتن لە هەموو ئیمکاناتی پووڵی و تکنیکی و پزیشکی وڵات بخاتە بەرنامەی کاری خۆیەوە. ڕێژیم لە جیاتی ئەوەی خەمی چارەسەری ئەم پەتایە بخوا ئەمەی بە دەرفەت زانیوە و دەزگای دیپلۆماسی و پاڕانەوەی خستوەتە کار و دەیەوێ جیهان بێنێتە سەر ئەو باوەڕە کە ئەگەر گەمارۆ ئابوورییەکان نەبن ئەوان دەتوانن چارەسەری ئەم کێشە و هەموو کێشەکانی دیکە بکەن. لە ڕاستیدا ئەوان بە ناوی خەڵکەوە و بۆگیرفانی خۆیان کەوتوونەتە هاوار. بەڵام هەم خەڵکی ئێران و هەم هەموو وڵاتانی جیهان، جگە لە چەند دەوڵەتێک کە بەژەوەندییەکانیان گرێی خواردوە بە بوونی ڕێژیمێکی دواکەوتووی وەک کۆماری ئیسلامی لەوە باش تێگەیشتوون کە ئەو ڕێژیمە تەنیا چاوی لە بەدەست هێنانی سەرچاوە پووڵییەکانە بۆ بردنەسەری توانایی خزمەتکردن بە خۆیان و گرووپە تێرۆریستییەکانی بەستراوە بە خۆیانەوە. ئەی لەخۆڕایە حەسەن نەسروڵڵا لە لوبنانەوە وەدەنگ دێ و دەڵێ کێشەی ئێران گەمارۆ ئابوورییەکانە. بەڵێ خەڵکی ئێران دەزانن گەمارۆکان کێشەی حێزبوڵڵا و هاوشێوەکانی ئەوانن و هەموو هاتووهاوارەکەش بۆ ئەوەیە نەک لەبەر کێشەکانی خەڵکی ئێران.

# پێشەوا ڕەمزی خەباتی شوناسخوازیی کوردە و کۆمارەکەشی ئیلهامە بۆ بنیاتنانەوەی کۆمارێکی دی

**(پەیامی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان)**




**”ڕێژیمی پاشایەتی بەهەڵە پێیوابوو کە بەو سەرکوتە خوێناوییە و ئێعدامی ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان دەتوانێ ئەم بیرە لە ڕەگوڕیشەدا هەڵکێشێ. بەڵام ئەمڕۆ دەبینین کە پێشەوا بۆتە ڕەمزی کورد و خەباتە حەقخوازانەکەی لە هەموو بەشەکانی کوردستان، کۆمارەکەشی بووەتە نوێنگە و ئیلهامی بۆ بنیاتنانەوەی وەها کیانێکی سیاسی“**

**بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!**
**هاوسەنگەرانی شەهیدان!**
**پشتیوانانی بەهێزی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان!**

ئەمرۆ، ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی لە سێدارەدانی پێشەوای نەمر قازی محەممەد و هاوڕێیانی، ڕۆژی شەهیدانی سەربەرزی کوردستانە. ڕۆژی ئەو گیانبەختکەرانەیە کە بە خوێنی خۆیان سەنەدی ڕەوایی و بەحەقی بزووتنەوەی گەلەکەیان مۆر کرد و سەریان کردە بەردەبازی سەرکەوتنی گەلە بێبەشەکەیان. هەر بۆیە لەم ڕۆژەدا پێویستە لە بەرانبەر گەورەیی و خوێنی بە ناحەقڕژاوی پێشەوای نەمر و هاوڕێیانی و گشت شەهیدان سەری کرنۆش و پێزانین دابنوێنین و لەمڕۆژەدا کە بە ڕۆژی شەهیدان ناوزەد کراوە بڵێین: هاوڕێیانی شەهید! ئەگەر ئێوە سەربازانی نیشتمان کە گیانتان بە سەخاوەتەوە لە سەر لەپی دەست دانا و بۆ ئاسوودەیی گەل و نیشتمان و بۆ چەسپاندنی و پاراستنی شوناسی نەتەوەکەتان پێشکەش کرد و چاوە پڕ هومید و ئاواتەکانتان لە سەریەک دانا، ئێمەش لە گەڵ ڕووحتان پەیمان نوێ دەکەینەوە تا زەردەخەنە نەهێنینە سەرلێوی جگەرگۆشە و دایکانی جەرگسووتاو و چاوەڕوان و خەڵکی تامەزرۆی ئازادی؛ لە خەبات و تێکۆشان ناوەستین و درێژەدەری ڕێگاتان دەبین.

هەروەها بە ئیمان بە سەرکەوتنی خەباتی مافخوازانەمان، پێیان بڵێین: ئێمە هاوسەنگەرانی وەفادار، لە سەر ڕێگا و ڕێبازتان قورس و قایم ڕاوەستاوین و لە پێناو ئامانجەکانتاندا بەبەردەوامی تێدەکۆشین و تا وەدیهاتنیان کۆڵ نادەین.

**بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!**

وەک هەموو لایەک دەزانن حیزبی دێموکرات هەموو ساڵێک لە ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستاندا ڕێوڕەسمی تایبەت بەم ڕۆژە بە شکۆوە بەڕێوە دەبا و بە چەپکەگوڵی وەفا و پێزانینەوە سەردانی گڵکۆی شەهیدان و بنەماڵە سەربەرزەکانیان، لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە بن و سەریان نابێتەوە دەکا. بەڵام ئەمساڵ بەو جۆرەی کە پێویست بوو نەمانتوانی ڕێوڕەسمی ١٠ی خاکەلێوە لەسەر مەزاری شەهیدانی خاک و نیشتماندا بەڕێوە ببەین. هۆکارەکەشی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڕۆنا بوو کە دەبینین لە سەرتاسەری جیهاندا هەڕەشە لە گیانی مرۆڤایەتی دەکا و بەداخەوە کوردستانیشی گرتۆتەوە. بۆیە بە ڕەچاوکردنی ئەم پەیامە گشتییە کە (هەموومان لە ماڵەکانمان دەمێنینەوە) و لەبەر پاراستنی گیانی ڕۆڵەکانمان، لەگەڵ داوای لێبووردن لە ڕووحی شەهیدان و بنەماڵەی شەهیدان، خۆمان لە بەڕێوەبردنی ڕێورەسم و سەردانی بەکۆمەڵی گڵکۆی شەهیدان پاراست. بەڵام هەموو دەتوانین لە ماڵەکانماندا بە ڕاگەیاندنی دەقیقەیەک بێدەنگی، ڕێز و حورمەتمان بۆ شەهیدان بە جێ گەیاندبێ و یادی هاوڕێ و هاوسەنگەرە شەهیدەکانمان کردبێتەوە.

**خەڵکی خەباتکاری کوردستان!**

پێشەوا قازی محەممەد ٧٣ ساڵ پێش ئێستا، دوای نسکۆی ڕووخانی کۆمار و لەکاتی لەداردرانیدا فەرمووی بەکوشتنی من خەباتی نەتەوەی کورد و بیری ئازادیخوازی لە کوردستان لەبەین ناچێ، بەڵکوو ئەم خەباتە هەتا سەرکەوتنی ئەم میللەتە درێژەی دەبێ و لە داهاتوودا بەهێزتریش دەبێ. ڕێژیمی پاشایەتی بەهەڵە پێیوابوو کە بەو سەرکوتە خوێناوییە و ئێعدامی ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان دەتوانێ ئەم بیرە لە ڕەگوڕیشەدا هەڵکێشێ. بەڵام ئەمرۆ دەبینین کە پێشەوا بۆتە ڕەمزی کورد و خەباتە حەقخوازانەکەی لە هەموو بەشەکانی کوردستان، کۆمارەکەشی بووەتە نوێنگە و ئیلهامی بۆ بنیاتنانەوەی وەها کیانێکی سیاسی. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بیروباوەڕی پێشەوا قازی محەممەد و ئامانجەکانی کۆماری کوردستان هەروا ڕووناکیدەری خەباتی نەتەوەکەی بۆ ڕزگاری لە بندەستین. ئەمڕۆکە بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ئێران کە میراتگری خەبات و گیانبازیی پێشەوا قازی محەممەد لەپێناو مافەکانی گەلی کوردە، بۆتە فاکتەرێکی بەهێزی خەبات و تێکۆشان بۆ ئازادی و دێموکراسی لە ئێراندا.

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

ئێمە ئەمساڵ لە کاتێکدا یادی ڕێبەرانی شەهیدمان و یادی شەهیدانی سەربەرزی نیشتمانەکەمان دەکەینەوە، کە دەبینین بارودۆخی ئێران و کوردستان بە تایبەت پێی ناوەتە قۆناغێکی دژوار و لە هەمان کاتدا چارەنووسساز. بەهۆی کەڵەکەبوونی قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکان و بێکیفایەتیی کاربەدەستان ئێعتراز و ناڕەزایەتییەکان هەتا هاتوو بەربڵاوتر و گشتگیرتر بووە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیش بەجێی بەخۆداهاتنەوە و هەوڵدان بۆ چارەسەری کێشەکان، هەر وەک پێشوو بە زەبری چەک و سەرکوت بەسەر ئەم ناڕەزایەتییانەدا زاڵ بووە. بەڵام هەر بەو هۆیەش نە لە نێوخۆی وڵات و نە لە دەرەوەی وڵاتیش هیچ متمانە و ئێعتبارێکی بۆ خۆی نەهێشتۆتەوە.

سیاسەتی چەوتی بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی بووەتە هۆی ئەوەی ئەم وڵاتە بخرێتە ژێر سەختترین سزا و گەمارۆ ئابوورییەکان، هەروەها بەهۆی لاساریی ئەم ڕێژیمە لە خۆبواردن و خۆدزینەوەی لە دەروەستییەکانی بە ڕێککەوتنە نێونەتەوەییەکان لە بواری گەڕانی دراو و سیستمی بانکیدا؛ چاوەڕوان دەکرێ گوشار و سزا ئابوورییەکانی سەر ڕێژیم لە داهاتوودا زیاتریش ببن. سیاسەتی دەستێوەردەرانەی ڕێژیم لە هاوکێشەکانی ناوچەش کە خۆی لە خەرجکردنی سەرچاوە و سامانە گشتییەکانی وڵات بۆ تەیارکردنی گرووپ و میلیشیا جۆراوجۆرەکانی لە وڵاتانی لوبنان، سووریە، عێڕاق و یەمەندا دەدیتەوە، ئەویش تووشی بنبەست و شکست هاتوە. ڕیسواییەکانی ڕێژیم دواتر گەیشتە بەردانەوەی بەئەنقەستی فڕۆکە ئۆکڕاینییەکە کە کوژرانی ١٧٦ کەسی لێکەوتەوە و پاشان لە هەڵبژاردنەکانی خولی یازدەی مەجلیسیشدا بینیمان کە خەڵک چ ”نا“یەکی گەورە و مانادارری دیکەی بە ڕێژیم گوت و چۆن ڕێی خۆیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی جیا کردەوە.

ڕێژیم لە نێوخۆی وڵاتیشدا بۆ خۆ دەرباز کردن لەو قەیرانانەی کە سەرتاپای پێکهاتەکەی داگرتوە، _وەک قەیرانە سیاسی و ئابووری و پەرەسەندنی قەیرانە کۆمەڵایەتییە چارەسەرنەکراواوەکان_ دەستی لە هیچ کردەوەیەکی دژی ئینسانی نەپاراستوە و میکانیزمی دیتنەوەی ڕێگاچارەی تەنیا لە سەرکوتی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک، گرتن و کوشتن و بێسەروشوێن و زیندانیکردنی خەڵکی وەزاڵەهاتوو و چالاکانی مەدەنیدا دۆزیوەتەوە. بەڵام سەرباری هەموو ئەوانەدا نەیتوانیوە بەر بە پەرەسەندنی ڕەوتی مافخوازیی خەڵک بگرێ و ئەمڕۆکە دەبینین کە کارنامە و ئاکاری کۆماری ئیسلامی هێندەی دیکە خەڵکی لە سەر بڕیاری گۆڕینی هەلومەرجی ئارایی و خەبات بە دژی ئەم ڕێژیمە سوورتر و لێبڕاوتر کردوە. ناڕەزایەتییە یەک لە دوای یەکەکانی خەڵک لە هەموو چین و توێژەکان بەتایبەت لە چەند ساڵی ڕابردوودا و بە سەرنجدان بە دروشم و نێوەرۆکی خۆپیشاندانەکان پێمان دەڵێن کە خەڵک ئیدی ئەم ڕێژیمە گەندەڵە لە تەواوەتیی خۆیدا ڕەت دەکەنەوە و ئامادەن بۆ گۆڕینی ئەم ڕێژیمە و سەرخستنی ویستەکانیان هەموو تێچوویەک بدەن.

**بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!**

لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان سڵاو و ڕێز دەنێرین بۆ سەرجەم شەهیدانی کوردستان و جارێکی دیکە لە بەرانبەر ڕووحی شەهیدانی سەربەرز بەڵێن دەدەین و بنەماڵە سەربەرزەکانیان دڵنیا دەکەینەوە تاگەیشتن بە خەونە زێڕینەکانیان و ئەو ڕێگا و ڕێبازەی لە پێناویدا گیانیان بەخت کرد دریژە بدەین، تا سەرکەوتن.

سەری وەفا و ڕێز و ئەمەگناسی دادەنوێنین لە بەرانبەر کەسوکاری شەهیدان و منداڵە نازلیشێواوەکانی شەهیدان.

سڵاو لە گیانی پاکی ڕێبەرانی شەهید قازی، قاسملوو، شەرەفکەندی

سڵاو لە شەهیدانی ڕێگای ئازادی

سڵاو لە بنەماڵەی شەهیدان و بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی.

**کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**١٠ی خاکەلێوەی ١٣٩٩ی هەتاوی**

# سووچی گەمارۆکانە یان بێکیفایەتی و گەندەڵیی خۆیان؟



عەلی بداغی

سێ مانگ دوای بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی کۆرۆنا دەرکەوت کە دردی سەرەکی لە ئێران ئەم پەتایە نییە، بگرە حکومەتێکە کە هەر لەجێدا بۆخۆی هێشتی کۆنترۆڵی ئەم نەخۆشییەی لە دەست بترازێ، ئەوەش وایکردوە کە تا نووسینی ئەم دێڕانە بەپێی ئامارە ڕەسمییەکانی وەزارەتی بێهداشتی ئێران، کۆرۆنا نیزیک بە ٧٥ هەزار کەسی لەم وڵاتە لە نەخۆشخانەکان خستبێ و گیانی زیاتر لە ٥ هەزار کەسیش ئەستاندبێ. بەردەوامیی گەمارۆکانی ئەمریکا، ڕاگیرانی بازرگانی لەگەڵ وڵاتان بەتایبەت عێڕاق وەک گەورەترین شەریکە مەعامەلە لەگەڵ ئێران، لەکیسچوونی زیاتر لە ١٠ میلیارد دۆلار لە داهاتی توریسم و گەشتیاریی شوێنە ئایینییەکان و دابەزینی زیاتر لە سەتا ٣٠ی بەرهەمهێنانی پاکنەکراوی نێوخۆیی ئاماژە بۆ ڕاستییەکی تاڵن: قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری، دابەزینی زیاتری توانای کڕینی خەڵک و چوونەسەرێی زیاتری ئاماری مردنەکان بەهۆی پەتای کۆرۆناوە.

وەک "ئێف ئەی تی ئێف" ئیمزا بکەن بۆوەی دەرگا داخراوەکانیان بەڕوودا بکرێتەوە؟ ئەدی سەدان میلیارد دۆلار داهاتی ئێران لە فرۆشی نەوت و هەناردەکانی وڵات لەکوێن؟ ئەو سەدان بنیاتی ئابووری و ماڵییەی سەربە بەیتی ڕێبەری و دامودەزگا دەوڵەتی و ئەمنیەتی و نیزامییەکانی وڵات کە چوار دەیەیە هەموو جومگە ئابوورییەکانی وڵاتیان پاوان کردوە و ماڵیاتیش نادەن لەکوێی ئەم هاوکێشەیەدا جێ دەگرن، بۆ دەست لە باخەڵی ئەوان ڕۆناکەن؟ مەگەر دوای بەرجام کە بە میلیارد دۆلار ڕادەستی ئێران کرایەوە، چەند لەو دراوە خەرجی ژێرخانی ئابووریی وڵات و ئارێشەکانی کۆمەڵگە کرا، چەندەی خەمی خەڵک سووک کرد و مەگەر هەمووی خەرجی بەرنامە نیزامی و ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم و چالاکییەکانی سپای پاسداران نەکرا؟



لەو بارودۆخەدا حکوومەتی ئێران پتر لەوەی لە خەمی مان و ژیانی خەڵکدا بێ، "کۆرۆنا" بە نێعمەت و بەرەکەتێکی یەزدانی دەبینێ و هەوڵێکی دیپلۆماسیی بەرینی وەڕێ خستوە بۆوەی بە هەڵخڕاندنی بیروڕای گشتیی جیهانی و بەبیانووی بەربەرەکانی لەگەڵ کۆرۆنا، گەمارۆکانی سەر خۆی لاببا. بەڵام ئاخۆ هۆکاری پەرەسەندنی کۆرۆنا لە ئێران و سەرتربوونی ئەژماری مردنەکان لەم وڵاتە لە چاو وڵاتانی دی گەمارۆکانی سەر ئێرانن یان گەندەڵیی سیستمی ئیداری و بێکیفایەتی و نادەروەستبوونی بەڕێوەبەران و کاربەدەستانی ئەم وڵاتە؟ چۆنە ئێران بە بیانووی ئەوەی گەمارۆکان ڕێیان لە پرسی چارەسەر و پێڕاگەیشتن بە نەخۆشەکانی کۆرۆنا لە وڵات گرتوە، داوای لابردنیان دەکەن؛ بەڵام ڕێگە لە بەرنامە پزیشکی و خزمەتە دەرمانییەکانی ڕێکخراوی پزیشکانی بێسنوور لە پێڕاگەیشتن بە توشبووانی کۆرۆنا لە نێوخۆی وڵاتدا دەگرن؟ کۆماری ئیسلامی کە چاوی لە گۆڕانی سیاسەتی وڵاتانی دی، بەتایبەت ئەمریکا و ئورووپا لەسەر خۆیەتی _بە دیاریکراوی هەڵگرتنی گەمارۆکان_، ئەدی بۆ خۆی چ گۆڕانکارییەکی لە سیاسەتی توندئاژۆ و ڕەفتاری دوژمنکارانەی بەنیسبەت بەرژەوەندییەکانی ئەم لایەنانە کردوە هەتا ئەم چاوەڕوانییەی لێیان هەبێ؟ ئاخۆ گەمارۆکان بوونە هۆی ڕەگداکوتانی کۆرۆنا لە ئێران یان شاردنەوەی لە لایەن حکوومەت بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێگ لەبەر هەڵبژاردنەکان و خۆپیشاندانەکانی ٢٢ی ڕێبەندان؟ تەشەنەکردنی کۆرۆنا لە وڵات سووچی گەمارۆکان بوو، یان بێکیفایەتی ئەوان لە ئیدارەکردنی ئەم قەیرانەدا بە ڕێگەدان بە بەردەوامیی ڕێوڕەسمە ئایینییەکان و قەرەنتینە نەکردنی شارەکان، بەتایبەت شاری قوم وەک سەرچاوەی سەرەکیی بڵاوبوونەوەی ئەم پەتایە؟

ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی دەڵێن دراو و سەرچاوەی ماڵیی پێویست بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ کۆرۆنایان لەبەردەستدا نییە و چاویان لەوەیە گەمارۆکانیان لەسەر لابچێ، باشە ئەگەر وایە بۆچی ئامادە نین ڕێککەوتننامە نێونەتەوەییەکانی

پێش ئەویش خەڵک و کۆمەڵگەی جیهانیش لەبیریانە کە دوای بوومەلەرزەکەی شاری "بەم" دەیان هەزار خێوەت و پەتۆ بۆ زیاندیتووانی بوومەلەرزە درانە کۆماری ئیسلامی، بەڵام بەشی هەرە زۆریان خرانە بازاڕەکانەوە. خەڵک لە هیچ کوێی هاوکێشەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیدا نییە، وەک چۆن دەبنین ئێستاش قوربانیانی بوومەلەرزە و لافاوەکانی ئەم ساڵانەی دوایی لە خێوەت و کانتینێرەکاندا دەژین، کەچی سەرەڕای داوای دەوڵەت لە خامنەیی بۆ هەڵگرتنی بڕە پارەیەک لە سندووقی گەشەی نیشتمانی؛ ئاوڕ لەو خەم و دەردەی خەڵک نەدرایەوە.

بێگومان لابردنی گەمارۆکانی سەر حکوومەت و دەسکەوتنی داهاتی زیاتر ئاخۆ دەچێتە گیرفانی سپای پاسداران یان خەرجی دەرد و مەرگی خەڵک دەکرێ، مەگەر هەم خەڵکی ئێران و هەم لایەنە بیانییەکان ئەمەیان ئەزموون نەکردوە؟ پاشان، چۆنە خامنەیی لە سندووقی گەشەی نیشتمانیی وڵات بڕی دوو میلیارد و ٥٠٠ میلیون دۆلار (ساڵی ١٣٩٧) بۆ بەرنامە نیزامی و شەرەنگێزییەکانی حکوومەتەکەی لە ناوچە تەرخان دەکا، یان دوای کوژرانی قاسم سولەیمانی (١٣٩٨) بە دیاریکراوی ٢٠٠ میلیون یۆرۆ دەخاتە حسێبی سپای پاسداران؛ بەڵام لەو کاتە ئەستەم و قەیرانەدا کە بەرۆکی خەڵکی وڵاتی گرتوە بۆ دراوەکانی ئەم سندووقە ناگەڕێتەوە؟

ئەم بارودۆخە تاوانی گەمارۆکانە یان دەرەنجامی گەندەڵیی تا ملان هاتووی کاربەدەستانی حکوومەت؟ مەگەر ساڵی ڕابردوو سەعید نمەکی، وەزیری بێهداشت لە زمانی دەرنەپەڕی کە ئەو زیاتر لە یەک میلیارد دۆلار دراوەی بۆ کڕین و هاوردەی داودەرمان تەرخان کرابوو ون بووە و کەس بە سۆراغی نازانێ؟

ئایا هۆکارەکانی بێکاری، وەستانی ئابووری، داخرانی کارخانە و ڕاوەستانی بەرهەمهێنان، کەمایەسیی داودەرمان و کەرەستەی پزیشکی، سیاسەتەکانی ئەمریکایە لەهەمبەر ئێران؛ یان بێکیفایەتی و گەندەڵپیشەیی کاربەدستانی ئەو ڕێژیمە کە سەرەڕای ژێرخانی ئابووریی پتەوی ئێرانی سەردەمی پاشایەتی و چوار دەیە داهاتی زۆروزەوەندی نەوت، لەبەر دزیوفزی و تاڵان و بڕۆ نەیانویستوە و وێ ڕانەگەیشتوون ئاوڕێک لە بارودۆخی وڵات بدەنەوە؟

ئەوەی کۆماری ئیسلامی لە هەڵمەتی بەربڵاوی لابردنی گەمارۆکاندا لێی دەگەڕێ، تۆ بڵێی کەس نەزانێ بە بارمتەگرتنی خەڵک و دۆخی کۆرۆنایە تەنیا بە مەبەستی دەسخستنی دراوی زیاتر، ئەویش بۆ قەرەبووکردنەوەی کورتیهێنانی بودجەی ٩٩ و بەرنامە نیزامی و ئەمنیەتییەکانی دیکەیەتی. ڕوون و ئاشکرایە کە مەبەستی حکوومەت لەو هەڵمەتە _هەڵگرتنی گەمارۆکان_ ئاخنینی گیرفانی خۆیەتی، نەک بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ کۆرۆنا و وەڵامدانەوەی خەم و پێداویستیەکانی خەڵک و تێپەڕین لەم قەیرانە. ئەگەر وا نییە، چۆنە ئێستاش لە بڵاوکردنەوەی ئامار و ڕاستییەکانی زیان و قوربانییەکانی کۆرۆنا خۆ دەبوێرن؟

ئەگەر کۆرۆنا بەو مەترسییە گەورە دەزانن چۆنە ئیزنیان دا لە ڕۆژانی نەورۆزدا پتر لە چەند میلیون کەس سەردانی مەشهەد و شارەکانی باکووری ئێران بکەن و هیچ بڕیارێکی مەنعی هاتوچۆیان نەدا؟ چۆنە هەتا گوشاری کارناسان، خەڵک، کۆڕ و کۆمەڵە مەدەنی و کەرتی پزیشکیی وڵات نەگەیشتە ئەوپەڕی خۆی ئامادە نەبوون ڕێ لە هاتوچۆی گشتیی خەڵک بگرن؟ چۆنە بەجێی سپاردنی ئەم ئەرکە بە وەزارەتی بێهداشت و نێوخۆ دەیان گرووپی هاوتەریب لەژێر ناوی جۆراوجۆری "ستاد" و "قەرارگا" و "بەسیج" دروست کراون کە بە هەموویان نەیانتوانیوە بڕیارێکی شیاویان هەبێ و ڕێوشوێنێکی دروست بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم پەتایە بگرنە بەر؟ چۆنە نەک هیچ بایەخێک بە کاری پڕبایەخی ڕێکخراوە و کۆمەڵە مەدنییە خەڵکییەکان نادەن، بگرە لە زۆر شوێن _بۆ نموونە کوردستان_ کێشە و ئاستەنگیشیان بۆ دروست دەکەن؟ چۆنە لە بارودۆخی قەیراناویی ئێستا یارمەتیی ١٠٠ میلیون دۆلاریی ئەمریکا ڕەت دەکەنەوە و لەولاش لە ڕێگەی وڵاتی سویسەوە کیتی دەرکەوتنی نەخۆشیی کۆرۆنا بۆ خەڵکی "موستەزعەف" و بێئەنوای! ئەمریکا دەنێرن؟

گاڵتەجاڕی شەڕ و دوژمنایەتیی "جندۆکەکان" لە زمان خامنەیی لەهەڵ کۆماری ئیسلامی و، پاشان "طب اسلامی"، "ڕۆنی وەنەوشە"، "خاک و خۆڵی کەربەلا و شارە مەزهەبییەکانی دی" و "عەتری پێغەمبەر"یش با لەولا بوەستێ کە چ سووکایەتییەک بوو بە عەقڵ و کەرامەتی خەڵکی ئەم وڵاتە.

بۆیە بەلەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو شتانەی باس کران، بۆ بەشی هەرە زۆری خەڵکی ئێران و بارودۆخی ژیان و گوزەرانیان، ئێران چ گەمارۆی لەسەر بێ و چ گەمارۆی لەسەر هەڵگیرێ، فەرق ناکا. چونکی بەشی هەرە زۆری سەروەت و سامانی وڵات لە پاوانی مافیا و تاقمی دەسەڵاتدایە. کارنامەی چوار دەیەش دەسەڵاتی ئەم ڕێژیمە جێی شک و گومانی بۆ هیچ کەس و لایەنێک نەهێشتۆتەوە کە ئەوەی بۆ کۆماری ئیسلامی گرینگ و لەپێشە خزمەتکردن و پێڕاگەیشتن بە خەڵک نییە، بەڵکوو چەندیوچۆنیی سەرکوتی ناڕەزایەتی و مافخوازیی ئەوانە.

هەروەها ئەم هەوڵانەی دەزگای دیپلۆماسیی کۆماری ئیسلامیش وێناچێ دەسکەوتی شایانی سەرنجی بۆ ڕێژیم هەبێ، چونکی پەرەسەندنی گرژی و ئاڵۆزییە زارەکییەکانی کاربەدەستانی تاران و کۆشکی سپی و، سزا ئابوورییە نوێیەکانی ئەم ماوەیەی ئەمریکا لەدژی ئێران پێمان دەڵێن هەوڵی ئێران بۆ لابردن یان تەنانەت سووککردنی گەمارۆکان ئاو دەبێژنگ کردنە.

***

## پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ بنەماڵەی شەهیدانی کوردستان

حیزبی دیموکراتی کوردستان
حزب دمکرات کردستان
Kurdistan Democratic party-Iran

**بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!**

مێژووی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد قەرزباری ڕۆڵە خەباتکار و تێکۆشەرەکانیەتی کە لەپێناو سەربەستی نیشتمان و سەرخستنی بزووتنەوەکەدا خۆنەویستانە گیان و ژیانی خۆیان بەختی ئەم ئامانجە کردوە.

بەردەوامیی خەباتی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و شەهیدکرانی پێشەوای سەرکۆمار و پەرەسەندنی بیری نەتەوایەتی و خەباتی شوناسخوازیی ئەم گەلە، بێگومان بەرهەمی گیانفیدایی کەسانێکە، کە لە سەنگەرەکانی پارێزگاری لە مان و بوونی ئەو گەلەدا بە سەخاوەتەوە گیانیان بەخشیوە و ئاڵای خەباتی نەتەوەکەیان شەکاوە ڕاگرتوە.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی "شەهیدانی کوردستان"دا وێڕای ناردنی سڵاو بۆ گیانی پاکی هەموو شەهیدانی کوردستان، قەدر لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان دەگرێ و سڵاو بۆ باوەڕ و خۆڕاگرییان دەنێرێ.

ئێمە هەر لە ڕێبەرانی شەهیدمان فێر بووین کە باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەدانی ڕێگەیانە، بۆیە لەو ڕۆژەدا وێڕای بەرزڕاگرتنەوەی یادی شەهیدان، پەیمانیان لەگەڵ نوێ دەکەینەوە کە هەتا وەدیهاتنی ئامانجەکانیان کە ئازادی و ڕزگاریی کوردستانە، لە سەنگەری ئەم خەباتە ڕەوایەدا دەمێنینەوە و، درێژەدەری ڕێگای خەباتگێرییان دەبین.

سڵاو لە شەهیدانی کوردستان،
سڵاو لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان.

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**٩ی خاکەلێوەی ١٣٩٩ی هەتاوی**

## لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب یادی شەهیدان بەرز ڕاگیرا



لە ڕێوڕەسمێکدا کە بە بەشداریی ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو، یاد و بیرەوەریی شەهیدانی کوردستان بەرز ڕاگیرا.

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە، ١٠ی خاکەلێوە، هەیئەتێکی حیزبێکی دێموکراتی کوردستان بە بەشداریی ئەندامانی دەفتەری سیاسی لەسەر مەزاری شەهیدان لە دەوروو‌بەری بنکەی دەفتەری سیاسی کۆبوونەوە. لەو ڕێوڕەسمە سیمبولیکەدا کە بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا و بۆ ڕەچاوکردنی ڕێنماییە تەندروستییەکان سنووردار بەڕێوەچوو، بەشداران سەردانی گڵکۆی شەهیدانیان کرد و وێڕای ناردنی سڵاوی وەفا، پەیمانی درێژەدانی ڕێگای خەباتیان لەگەڵ نوێ کردنەوە.

لەم ڕێورەسمەدا تاجەگوڵینەی بەرزڕاگرتنی یاد و بیرەوەریی شەهیدان لە لایەن بەڕێز مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبەوە لەسەر مەزاری شەهیدان داندرا.

پێشتر کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکرات پەیامێکی بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان بڵاوی کردبۆوە. لە بەشێک لەو پەیامەدا هاتوە کە حیزبی دێموکرات هەموو ساڵێک لە ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستاندا ڕێوڕەسمی تایبەت بەم ڕۆژە بە شکۆوە بەڕێوە دەبا و بە چەپکەگوڵی وەفا و پێزانینەوە سەردانی گڵکۆی شەهیدان و بنەماڵە سەربەرزەکانیان دەکا. بەڵام ئەمساڵ بەو جۆرەی کە پێویست بوو نەمانتوانی ڕێوڕەسمی ١٠ی خاکەلێوە لەسەر مەزاری شەهیدانی خاک و نیشتماندا بەڕێوە ببەین. هۆکارەکەشی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڕۆنا بوو کە دەبینین لە سەرتاسەری جیهاندا هەڕەشە لە گیانی مرۆڤایەتی دەکا و بەداخەوە کوردستانیشی گرتۆتەوە. بۆیە بە ڕەچاوکردنی ئەم پەیامە گشتییە کە (هەموومان لە ماڵەکانمان دەمێنینەوە) و لەبەر پاراستنی گیانی ڕۆلەکانمان، لەگەڵ داوای لێبووردن لە ڕووحی شەهیدان و بنەماڵەی شەهیدان، خۆمان لە بەڕێوەبردنی ڕێورەسمی گەورە و سەردانی بەکۆمەڵی گڵکۆی شەهیدان پاراست. بەڵام هەموو دەتوانین لە ماڵەکانماندا بە ڕاگەیاندنی دەقیقەیەک بێدەنگی، ڕێز و حورمەتمان بۆ شەهیدان بە جێ گەیاندبێ و یادی هاوڕێ و هاوسەنگەرە شەهیدەکانمان کردبێتەوە.

# دەسەڵاتی سیاسی و متمانەی کۆمەڵایەتی

## (لە پەڕاوێزی ڕاکردنی زیندانیان لە زیندانەکاندا)


ڕەحمان سەلیمی

کارامەیی سیستەمە سیاسییەکان لە کاتی سەرهەڵدانی قەیرانەکاندا ئاشکراتر و ڕوونتر دەردەکەوێ. کاتێک وڵات دەکەوێتە باردۆخێکی ئاوارتەی وەها کە ڕووبەڕووبوونەوەی باردۆخەکە پێویستی بە تەرخانکردنی سەرچاوە مرۆیی و ماددییەکان و بەڕێوەبردنی بەرنامە بۆدارێژراوی دامەزراوە نیشتمانییەکانە بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکانی سەر کۆمەڵگە، ئاستی کارامەیی و توانایی بەڕێوەبەریی دەوڵەت باشتر وەدیار دەکەوێ. ئەوەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە بە متمانەی هاووڵاتیان بە سیستەمە سیاسییەکەیانەوە.

جۆری ڕێژیمی سیاسی کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەر وڵامدەربوونی دەوڵەت هەیە بەرامبەر هاووڵاتیان، بە جۆرێک کە لە سیستەمە دیمۆکڕاتیک و خەڵکیەکاندا، دەوڵەت لە ڕوبەڕووبوونەوەی دۆخی ئاوارتەدا کارامەترە و باشتر و زووتر دەتوانێ بە سەر قەیرانەکاندا زاڵ بێ، دیارە نابێ ئەو ڕاستییەش لەبیر بکرێ کە لە هەندێ حاڵەتدا دەوڵەتانی ناوەندگەرا و نادیمۆکڕاتیک لە کاتی ڕوودانی قەیرانەکاندا کارامە و بەتوانا دەردەکەون و وڵاتەکەیان بەرەو کەناری ئارامی و سەقامگیری دەبەن. لەو وڵاتانەدا سەرەڕای نەبوونی گەشەی سیاسی، گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕوو دەدا، کە هۆکاری تایبەتی وەک سانایی بڕیاردان بەهۆی یەکدەست بوونی دەسەڵاتی بڕیاردان و پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی و هتد.. یارمەتیدەر دەبن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخەکە.

لە ڕۆژانی ڕابردوودا لە ژمارەیەک لە زیندانەکانی ئێراندا، زیندانییەکان ڕاپەڕین و تەنانەت لانیکەم لە یەک کەیسدا (زیندنی سەقز) توانیان لە زیندان ڕابکەن. ئازادکردنی ژمارەیەک لە زیندانییەکان بە مەبەستی بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کرۆنا، لاوازیی دامەزراوەکانی دەسەڵات لە بەڕێوەبردنی وڵات، نیگەرانیی زیندانییەکان لە تەشەنەکردنی ویرووسی کرۆنا لە نێو زیندانەکاندا و گرینگتر لەوانە نەبوونی متمانە لای زیندانییەکان بە پاراستنی تەندروستیان لە لایەن بەرپرسانی دەوڵەتەوە، لە هۆکارە سەرەکییەکانی ڕاپەڕینی زیندانییەکانن. ناکارامەیی دەوڵەت لە پاراستنی زیندانیەکان و هەڵوێستی کۆمەڵگە بەرامبەر ڕاکردنی زیندانیان، کاردانەوەی زۆری لە ناو میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران بەدوای خۆیدا هێناوە.

ڕاکردنی زیندانی لە هەموو سیستەمە یاسایی و قەزاییەکانی جیهان بە تاوان دادەنرێ و وەک هەڕەشە بۆ سەر ئەمنیەت و ئاسایشی کۆمەڵگە لە قەڵەم دەدرێ. سەرەڕای ئەو پرەنسیپە یاساییە و لە هەمان کاتدا ئەو مەترسیانەی تاوانبار بۆ سەر کۆمەڵگە هەیەتی، لە پرسی ڕاپەڕینی زندانییەکانی ئێران و ڕاکردنیان لە زیندانەکان، شاهیدی شەپۆلێک لە ڕەزامەندی و خۆشحاڵیی خەڵکی ئێران و کوردستانین.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو پەیوەندییە دژوازە، پێویستە باس لە چەمکێک بکەین کە لە دەلاقەیەوە دەتوانین ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی خەڵک لە هەمبەر ڕاکردنی زیندانیان شی بکەینەوە. "متمانەی کۆمەڵایەتی" یان هەمان سەرمایەی کۆمەڵایەتی لەو چەمکانەیە کە لانیکەم لە سەردەمی دروست بوونی دەوڵەتی مۆدێڕنەوە بەشێوەیەکی دیاریکراو هاتۆتە ئەدەبیاتی سیاسییەوە. ڕۆسۆ بیرمەندی فەڕانسەوی لە شیکردنەوەی بیردۆزی ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتیدا دەڵێ: "دەوڵەت بەرەنجامی هەوڵی پلانمەندی مرۆڤەکانە بۆ وەدیهێنانی نەزم، ئەمنیەت و ئازادی کە لە ڕێگای ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتییەوە بەدی دێ." ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی کە بەزۆری خۆی لە یاسای بنەڕەتیی وڵاتدا دەبینێتەوە، متمانەی کۆمەڵایەتی دروست دەکا و تاکەکانی کۆمەڵگە بە ڕایەڵەیەک لە نۆرم و هەنجارەکان بە یەکترەوە دەبەستێتەوە کە لە ڕاستیدا ڕێککەوتن لە سەر ئەو بەها و بایەخانەیە کە دەوڵەت و سیستمی سیاسی دروست دەکا و تایبەتمەندییەکانی پێ دەبەخشێ. کاتێک پەیوەندیی نێوان خەڵک و دەسەڵات کەلێنی تێدەکەوێ و ئەو ڕێککەوتنە کۆمەڵایەتییەی دەوڵەتی لە سەر دامەزراوە چیتر بەرهەمی دیمۆکڕاسی یان ویژدانی جەمعی نییە، نە تەنیا دەسەڵات ناتوانێ ئەرک و بەرپرسیارەتیی خۆی جێبەجێ بکا، تەنانەت بنیاتە کۆمەڵایەتییەکانیش بەرەو دارمان و هەرەسهێنان دەڕۆن.

کۆماری ئیسلامی هەر لە دامەزرانییەوە سەرچاوەی مەشرووعیەتی خۆی بە متمانەی هاووڵاتیان نەبەستەوە، بەڵکوو نوێنەرایەتیی دەسەڵاتێکی خوایی کردە هەوێنی حوکمڕانیی، کە بە هیچ جۆر خۆی بەرامبەر گەل بە بەرپرسیار نازانێ. لە دوو دەیەی یەکەمی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیدا، ڕێبەرانی ئەو ڕێژیمە توانیان بە هەڵخڕاندنی دەمارگیریی ئایینزایی تێکەڵ بە پاشماوە فکرییە نەتەوەییەکانی سەردەمی پێشوو، مەشرووعیەتێکی ڕێژەیی بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن. بەدوای پەرەگرتنی ئامرازەکانی پەیوەندی و پێگەیشتنی نەسلەکانی پاش شۆڕشی ٥٧ و هاوکات ئاشنابوونی ئەو نەسلە بە حکوومەتە وڵامدەرەکانی سەردەم، درزێکی گەورە کەوتە مەشرووعیەتی ڕێژیم، بە شێوەیەک کە کۆمەڵگە بەرەو جەمسەربەندییەکی ڕووتی دەسەڵات – هاووڵاتی هەنگاوی نا. ئەوەی ئەوڕۆ لە سەحنەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێراندا دەبینرێ، دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە نەمانی متمانەی کۆمەڵایەتی لە ئێراندا بۆتە هۆی ئەوەی کە تێچووی بەرەوپێشچوونی سیاسەت و بەرنامەکانی دەوڵەت زۆر بەرز ببێتەوەو دەوڵەت تووشی گرفتی گەورە بکا. کاتێک کەلێنی نێوان خەڵک و دەسەڵات دەگاتە ئەو ئاستەی کە هەرچی لەنێو وڵاتدا ڕوویدا گومانی ئەوەی لێکرا کە دەوڵەت بۆ دژایەتیی گەل کردوویەتی، دەوڵەت...

درێژە لە لاپەڕەی ١١

# ڕێژیمی سیاسیی ئێران لەنێوان «ئۆتۆریتاریزم» و «تۆتالیتاریزم»دا

## (٢٢_١)


دیلان هەردی



ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندانی هەر ساڵێک، ساڵڕۆژی بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامییە لە ئێران. ڕێژیمێکی سیاسی بە دوو ڕەهەندی جیاوازەوە، ڕەهەندێکی کۆماری، کە وا دەردەخا، دەسەڵاتی سیاسی، ڕەوایی خۆی لە خەڵک وەردەگرێ و خەڵکی ئێران ڕاستەوخۆ یان لە ڕێگەی هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیانەوە بەشداری لە دەسەڵاتی سیاسیدا دەکەن. ڕەهەندێکی ئایینیش کە پێیوایە نوێنەرایەتیی دەسەڵاتی خودا لە سەر زەوی دەکا و ڕەوایی خۆی لە خەڵک وەرناگرێ، بەڵکوو لە ئاسمان و لە خودای وەردەگرێ. واتە، لە لایەک، دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن کە ڕەوایی لە خەڵک وەردەگرن، لە لایەکیتریش، دەسەڵاتە ئایینییەکان کە ڕەوایی لە ئایین وەردەگرن. لەو توێژینەوەدا هەوڵ دەدرێ بەوردی ئەو پارادۆکسەی ڕێژیمی سیاسیی ئێران شی بکرێتەوە کە لە لایەک باس لە بەشداریی خەڵک و لایەنە جیاوازەکان لە دەسەڵاتدا دەکا و لە لایەکی دیکەوە باس لە دەسەڵاتی بێسنووری وەلی فەقیه وەکوو نوێنەری خودا لە سەر زەوی دەکا.

هەموو ساڵێک لە سەروبەندی ساڵڕۆژی بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامیدا، ئەو ڕێژیمە سیاسییە دەبێتە مژاری گەرمی نووسەران و شرۆڤەکاران و مێدیاکانی ئێرانی و بیانی. ئەگەر لایەنگرانی حکومەت، مانەوەی کۆماری ئیسلامی لە دەسەڵاتدا بەهۆی خەڵکیبوون و جەماوەریبوونی ئەو نیزامە ئەژمار دەکەن، لە بەرامبەردا، نەیارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەو حکوومەتە بە دەسەڵاتێکی ناڕەوا و ناجەماوەری وەسف دەکەن و پێیانوایە کە ئەو دەسەڵاتە تەنیا بە زەبری چەک و سەرکوت خۆی پاراستوە. پرەنسیپی ویلایەتی فەقیه یەکێک لەو بابەتانەیە کە لێکدانەوەی زۆر و قسەی زۆری لەسەر دەکرێ، بەڵام جگە لە لێکدانەوی سیاسی و مێدیایی، پێویستە سیستەمی سیاسیی ئێران بە شێوەیەکی ئاکادیمیانە و زانستییانە شیکردنەوەی بۆ بکرێ. توێژینەوەی زۆر لەسەر سیستەمی سیاسیی ئێران کراون. هەر کام لە توێژینەوەکان، هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی سیستەمی سیاسیی ئێران دەخەنە بەر لێکۆڵینەوە و لەسەر ئەو بنەمایەش پێناسەی دەکەن. بۆ بەشێکیان، سیستەمی سیاسیی ئێران سیستەمێکی ئۆتۆریتە، یان دەسەڵاتخوازە کە پلۆڕالیزمێکی سنوورداری تێدایە. لەو سیستەمەدا هەندێک گرووپی سیاسی ڕێگەیان پێدراوە کە بە شێوەیەکی سنووردار بەشداری لە دەسەڵاتدا بکەن و لەو ڕێگەیەوە هاووڵاتیانیش بتوانن بە شێوەی سنووردار کاریگەرییان بەسەر دەسەڵاتەوە هەبێ. بەشێکی دیکە لە توێژینەوەکان ورد دەبنەوە لەسەر هەندێک تایبەتمەندی، کە سیستەمی سیاسیی ئێران وەکوو سیستەمێکی تۆتالیتەر یان تەواوخواز پێشان دەدا، چونکە دەسەڵاتێکی مەزهەبیی بێسنوور هەموو دەسەڵاتەکانی دیکەی نێو سیستەمی سڕ کردوە و هەر جۆرە پلۆڕالیزمێک و بەشدارییەکی هاووڵاتییانی پەک خستوە. ئەو دەسەڵاتە مەزهەبییە کە لە لایەن ڕێبەری ئایینییەوە نوێنەرایەتی دەکرێ، لە ڕێگەی ئایدۆلۆژیایەکی بەهێزی دەوڵەتییەوە بەناوی "ویلایەتی فەقیه" جێبەجێ دەکرێ کە هەموو جۆرە چالاکییەکی سیاسیی وڵات سنووردار دەکا. توێژینەوەی ئاکادیمی زۆر لەسەر ڕێژیمی سیاسیی ئێران کراون کە نیزیک بە تەواویان بەو ئەنجامە گەیشتوون کە ڕێژیمی سیاسیی ئێران ڕێژیمێکی نادیمۆکراتە، لەبەر ئەوەی بنەماکانی دیمۆکڕاسی لەنێو ئەو ڕێژیمەدا بوونیان نییە.

ڕێژیمە سیاسییەکان هەمان مۆدێلی ڕێکخستنی دەسەڵاتی سیاسین کە دەتوانرێ بە چەند شێوەی جۆراوجۆر پۆلێنبەندی بکرێن، وەکوو ژمارەی بەڕێوەبەرانی دەسەڵاتی سیاسی، شێوازی دەستنیشانکردنی بەڕێوەبەران، جیایی نێوان ئەو دامەزراوانەی حکوومەت دەکەن و هەروەها جۆری پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتداران و خەڵک. هەر بەپێی ئەو پێوەرانە، چەندین ڕێژیمی سیاسیی جیاواز هەن، وەکوو دیمۆکراسی، دیکتاتۆڕی، تۆتالیتاریزم، ئۆتۆریتاریزم، پاشایەتی، کۆماری، پاڕلمانی و هتد. ڕێژیمەکان زیاتر لە دوو ڕوانگەوە خوێندنەوەیان بۆ کراوە: یەکەمیان ڕوانگەی یاساییە کە زیاتر ورد دەبێتەوە سەر بنەمای دەستووری و دامەزراوەکانی دەسەڵاتی گشتی. ڕوانگەی دووهەمیان ڕوانگەی ئاکادێمییە، کە بە شێوەیەکی کەمتر فەرمی و بێسنوور دەڕوانێتە ڕێژیمەکان. لەو ڕوانگەیەوە، ڕێژیمە سیاسییەکان لە ڕەهەندی دامەزراوەیی و یاساییەوە سنوردار ناکرێنەوە، بەڵکوو ڕۆڵی ئەکتەری دیکەش لەبەر چاو دەگیرێن کە دەیانهەوێ کاریگەرییان لەسەر دەسەڵاتی گشتی هەبێ، وەکوو حیزبە سیاسییەکان، مێدیاکان، سەندیکا و هتد.

لە پێناسەی هاوچەرخی ڕێژیمە سیاسییەکاندا، دیمۆکڕاسی وەکوو پێوەرێک بۆ بەراوردکردنی ڕێژیمە سیاسییەکان بەکار دەهێنرێ. هەر ڕێژیمێک کە وەڵامدەری تایبەتمەندییەکانی دیمۆکراسی نەبێ، وەکوو ڕێژیمێکی نادیمۆکرات ئەژمار دەکرێ. زۆر حکوومەت هەن کە لە نێو دەستووری بنەڕەتیی وڵاتەکەیاندا خۆیان وەکوو ڕێژیمێکی کۆماری پێناسە دەکەن، بەڵام دیمۆکڕاتیک نین. لە بەرامبەردا، هەندێک حکوومەت هەن کە خۆیان وەکوو پاشایەتی پێناسە دەکەن، بەڵام دیمۆکڕاتیکن. هەتا ساڵی ١٩٦٠، ڕێژیمەکان بەسەر دوو دەستەدا دابەش دەبوون: دیمۆکرات و نادیمۆکڕات (یان تۆتالیتەر)، بەڵام دواتر ڕێژیمە نادیمۆکڕاتەکانیش بەسەر دوو دەستەدا دابەش کران: ئۆتۆریتەر و تۆتالیتەر. پێشتر ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکانیش هەر وەکوو ڕێژیمە تۆتالیتەرەکان ئەژمار دەکران. یەکەم تیۆری ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکان لە لایەن ژوان لەنزەوە توێژینەوەی لەسەر کرا کە بە شێوەیەکی ورد توانی جیاوازیی لە نێوان تۆتالیتاریزم و ئۆتۆریتاریزم و هەروەها جۆرەکانی دیکەی ڕێژیمە نادیمۆکراتەکان دابنێ. ژوان لەنز پێیوایە کە ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکان و تۆتالیتەرەکان بە لانیکەمەوە یەک تایبەتمەندیی هاوبەشیان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە هەردووکیان نادیمۆکراتن.

ئەمڕۆکە لە جیهاندا نزیک بە ١٠٠ ڕێژیم هەن کە نە دەتوانرێ لە ڕیزی ڕێژیمە دیمۆکراتەکان پۆلێنبەندی بکرێن، نە لە ڕیزی ڕێژیمە تۆتالیتەرەکاندا. ئەو ڕێژیمانە بە ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکان ناسراون.

ساڵی ١٩٦٥، "ڕایمۆند ئارۆن"، کۆمەڵناسی فەڕانسەیی، ڕێژیمە سیاسییەکان بەپێی پرەنسیپێکی دیکە پۆلێنبەندی دەکا، ئەویش ڕکابەریی نێوان پارتە سیاسییەکانە، ئەو پێیوایە ئەو ڕکەبەرییە تەنیا پێورێکە کە دەتوانێ دیمۆکراسی لە تۆتالیتاریزم جیا بکاتەوە. هەروەها پێوەری دەستنیشانکردنی دیمۆکراسی لە ڕێژیمێکی چەند حیزبیدا، زۆربوونی ژمارەی حیزبەکان نییە، بەڵکوو بۆشایی و کەلێنی سیاسی و کۆمەڵایەتییە لەنێو ئەو ڕێژیمەدا، وکوو دابەشبوونی حیزبەکان بەسەر بەرەی چەپ و ڕاستدا. هەر لەو ڕوانگەیەشەوە، زانا سیاسییەکان دەڕوانن کار و کردەوە و ڕەفتاری ڕێژیمە سیاسییەکان نەک تەنیا لایەنی یاسایی و دەستوری. بەو شێوەیە چەمکێکی سیستەمیکتر لە ڕێژیمە سیاسییەکان دێتە کایەوە، هەر بۆیەش لەنێو زانستە سیاسییەکاندا زیاتر باسی سیستەمی سیاسی دەکرێ. چەمکی سیستەمی سیاسی لە چەمکی ڕێژیمی سیاسی بانتر و فراوانترە. سیستەمێکی سیاسی دەتوانێ چەند ڕێژیمی سیاسی وەک پارڵمانی، سەرۆکایەتی، پاشایەتی یان تێکەڵەیەک لە چەند دانەی جیاواز لەخۆ بگرێ. لەگەڵ ئەوەشدا کە چەمکی ڕێژیم و چەمکی سیستەم لێک جیاوازن، بەڵام هەردوو چەمک زۆر جار لە جیاتی یەکتر بەکار دەهێنرێن. ڕێژیمی سیاسی بریتییە لە بنەمای دەستووریی دامەزراوە سیاسییەکان، لە کاتێکدا سیستەمی سیاسی، سیستەمی دەسەڵاتە کە لە ئەنجامی ڕێژیمی سیاسی دێتە کایەوە. ڕێژیمی سیاسی ڕێکخەری فەرمیی دەسەڵاتە، کە دەستوورو کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای باو دەگرێتە خۆ، بەڵام سیستەمی سیاسی زۆر بەرفراوانترە و تەواوی دامەزراوە سیاسی و حکوومییەکان، یاسا، ڕێسا، ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، حیزبی سیاسی، ئەکتەرە سیاسییەکان، سەندیکا، مێدیا و هەموو ئەو کەسایەتی و دامەزراوانەی کە ڕۆڵی کارایان هەیە، دەگرێتە خۆ. هەموو ئەوانەش لە چوارچێوەی دەوڵەتدا ڕێک دەخرێن. لە زانستی سیاسیی بەراوردکاریدا، چەمکی ڕێژیمی سیاسی بۆ تێگەیشتن و ناسینی پێکهاتە و سروشتی ڕەسمی و نارەسمیی دەسەڵاتی سیاسی نێو چوارچێوەی دەوڵەت بەکار دێ.

بۆ زیاتر ناسینی تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکان و جیاوازیی نێوان دیمۆکڕاسی و تۆتالیتاریزم و ئۆتۆریتاریزم، پێویستە هەر سێ جۆر لە ڕێژیمی سیاسیی بە شێوەیەکی وردتر پێناسە بکرێن.

### دیمۆکراسی (دەسەڵاتی خەڵک)

دیمۆکراسی ڕێژیمێکی سیاسییە کە لەودا سەروەری دەگەڕێتەوە بۆ خەڵک، ئەویش لە ڕێگەی بەشداریی ئازادانەی خەڵک لە دەسەڵاتی سیاسیدا. "حکوومەتی خەڵک لە ڕێگەی خەڵکەوە بۆ خەڵک" (فۆرمۆلی لینکۆلن). مەرجەکانی پێویست بۆ دیمۆکراسی ئەوانەن: یەکەم، بەشداریی خەڵک لە حکوومەت، ڕاستەوخۆ یان لە ڕێگەی نوێنەرەکانیانەوە. دووهەم، پلۆڕاڵیزم، کە تێیدا جیاوازی و بەرژەوەندیی گرووپە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لە ڕێگەی حیزبەکانو دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی نوێنەرایەتی بکرێ. سێهەم، سنووردار بوونی ماوەی حکوومەت، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی بۆ ماوەیەکی زۆر یان هەتاهەتایی لە لایەن ئەکتەرە سیاسییەکانەوە دەستی بەسەردا نەگیرێ. پێویستە دوو مەرجی دیکەش بەو سێ مەرجانەوە زیاد بکرێن: دەوڵەتی یاسا، کە لە لایەن سیستەمێکی دادوەریی سەربەخۆوە گەرەنتی دەکرێ و دەبێتە هۆی پاراستنی مافە بنەڕەتییەکانی هاوڵاتییان.

ئالێن سیارۆف پێیوایە، ڕێژیمێکی دیمۆکرات دەبێ سێ ڕەهەندی بنەڕەتیی هەبێ: هەڵبژاردنی ڕکەبەرایەتی، گشتگیربوونی هەڵبژاردن و حکوومەتێکی بەرپرسیار. هەروەها پێیوایە، جیاوازی لەنێوان دیمۆکراسیی لیبراڵ و دیمۆکراسیی هەڵبژاردەیی هەیە. ئەو ڕێژیمانەی کە سێ لەو تایبەتمەندییانەی سەرەوەیان تێدایە، دیمۆکراسی هەڵبژاردەیین. دیمۆکراسییە لیبراڵەکان جگە لەو سێ تایبەتمەندییە، چەند تایبەتمەندیی دیکەشیان تێدایە وەکوو ئازادییە مەدەنییەکان، دەوڵەتی یاسای بەهێز، بەرپرسیاریەتیی کەسانی هەڵبژێردراوو باردۆخێک کە تێیدا ڕێژەی

درێژە لە لاپەڕەی ٥

گەندەڵی زۆر نزم بێ. بەشێوەیەکی گشتی، ڕێژیمێکی دیمۆکرات بە ڕێژیمێکی سیاسی دەگوترێ کە پێنج تایبەتمەندیی سەرەکی تێدا بێ: ١) هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانە بۆ هەموو هاووڵاتیان، ٢) شێوازی هەڵبژاردنی گشتگیر و یەکسان، ٣) نوێنەرانی بەرپرسیار لە بەرامبەر خەڵک، ٤) ئازادییە مەدەنییەکان، ٥) دەوڵەتی یاسا بۆ گەرەنتی کردنی ئازادییە مەدەنییەکان.

ئەو ڕێژیمانەی کە تایبەتمەندییەکانی یەکەم و دووهەم تێیاندا بەدی ناکرێ، بە ڕێژیمی ئۆتۆکرات دادەنرێن، واتە لەو ڕێژیمانەدا هەڵبژاردنی ئازاد و یەکسان بوونی نییە، هەروەها، ڕێژیمە ئۆتۆکراتەکان جگە لەوەی نادیمۆکراتن، سەرۆکێکی بەهێزیشیان هەیە. وشەی دیکتاتۆر لە زمانی ئاسایی و هەروەها لە بەرهەمە زانستییەکانی کارڵ مارکس، ساتۆری (١٩٦٢)، کارڵ شمیت (١٩٢٨)و گاریبالدی، بۆ حکوومەتە نادیمۆکراتە مۆدێرنەکان بەکار دەهێندرێ. سێ جۆری سەرەکی لە ئۆتۆکراسی هەن: ڕێژیمە تۆتالیتەرەکان (تەواوخوازی)، ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکان (دەسەڵاتخوازی)و ڕێژیمە سوڵتانییەکان. لە ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکاندا، سەرۆک وەکوو تاک گرنگە و لە ئەگەری نەمانی، دەسەڵاتەکەشی کەم دەبێتەوە یان لەنێو دەچێ، بەڵام لە ڕێژیمە تۆتالیتەرەکاندا، لە ئەگەری نەمانی سەرۆک، هەر کەسێکتر کە جێگەی بگرێتەوە، هەمان گرنگی پێ دەدرێ، چونکە سەرۆکایەتی بە دامەزراوە کراوە. ڕێژیمە سوڵتانییەکان بەو ڕێژیمانە دەگوترێ کە لە دەوری یەک بنەماڵە دروست دەبن. ڕێژیمە سوڵتانییەکان گرنگییەکی ئەوتۆیان بۆ ئەو توێژینەوە نییە و پێویست بە پێناسەکردنی وردتریان ناکا.

## تۆتالیتاریزم (تەواوخوازی)

تۆتالیتاریزم یان تەواوخوازی بە سیستەمێکی زاڵ دەگوترێ کە لەودا دەوڵەت یان حکوومەت بە تەواوەتی بەسەر کۆمەڵگە و تاکدا زاڵە. لەو جۆرە سیستەمەدا، دەوڵەت بەشێوەیەکی زۆرەملێیانە دەستێوەردان لە تەواوی سێکتەرەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا دەکا. سیستەمێک کە لەودا، هەموو بەشەکانی کۆمەڵگە لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدان. تۆتالیتاریزم بووە بە مژاری دیبەیتی زۆرێک لە توێژەرانی وەکوو هانا ئارێنت، کارڵ پۆپەر، ڕایمۆند ئارۆن، ژوان لەنز و هتد. هەر کام لە توێژەران چەند تایبەتمەندییەکی هاوبەشی ڕێژیمەکان دەخەنە بەر توێژینەوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی، تۆتالیتاریزم سیستەمێکی سیاسییە کە خاوەن چەند تایبەتمەندییەکی بنەڕەتییە وەکوو: ئایدۆلۆژیا، تاکحیزبی، توندوتیژیی پۆلیسی، پروپاگەندا و ئابوورییەکی کۆنترۆڵکراو. لە دوای ساڵی ١٩٤٥ـەوە، هەندێک توێژەر هەوڵیان داوە بە لێکۆڵینەوە لە چەند نموونە لە جیهاندا، تایبەتمەندییە گشتییەکانی ڕێژیمە تۆتالیتەرەکان دەستنیشان بکەن، بەڵام دەستەیەکی دیکە لە توێژەران لەسەر ئەو بڕوایەن، لەگەڵ ئەوەشدا کە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی هاوبەش لەنێوان ڕێژیمە تۆتالیتەرەکاندا هەیە، بەڵام هەر کام لەو ڕێژیمانە تایبەتمەندیی ناهاوبەش و تایبەت بە خۆیانیشیان هەیە کە لە یەکتر ناچن.

هانا ئارێنت، فەیلەسوفی ئەمریکیی بە ڕەگەز ئەڵمانی، یەکێک لەو توێژەرانەیە کە بۆ یەکەمجار تۆتالیتاریزمیان تیۆریزە کرد. لای ئارێنت، ڕێژیمێکی تۆتالیتەر ڕێژیمێکی تایبەتە، چونکە ئەوەی کە ڕەسەنایەتی و بنەمای تۆتالیتاریزم پێک دێنێ، بریتییە لە زێدەڕۆیی لە "ئیزمەکان"دا: هیستۆریسیزم (مێژووگەری)، یوتۆپیزم، ئەنتی لیبراڵیزم، ڕۆمانتیزم و هتد. دابڕانێکە لە هەموو جۆرە ڕێژیمێکی سیاسی کە پێشتر هەبوون، چونکە تۆتالیتاریزم هەوڵ دەدا هەموو شتێک وێران بکا؛ مرۆڤ، سیاسەت و جیهان. ئەو جۆرە ڕێژیمە هەوڵ دەدا لە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی حیزب و ڕێکخراوەکان، تاکەکان لە هەموو جۆرە بەستراوەییەک تەریک بخاتەوە. ئارێنت ناوی ئەوەی ناوە "ئەتۆمیزاسیۆن"ی کۆمەڵگە. بۆ ئارێنت، تۆتالیتاریزم زیاتر لە ڕێژیمێک، بزووتنەوەیەکە کە هەوڵی لە نێوبردنی واقیع و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان دەدا، دیاردەیەکی جەماوەرییە. لە ڕێژیمێکی تۆتالیتەریدا، خەڵک دەگۆڕێ بۆ جەماوەر، چونکە تێکەڵبوونی تاکەکان بەو ڕێکخراوانەی کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش دروست بوون، ئەستەمە. بۆ جەماوەرێک کە بە شێوەی هزری بێمەیل کراوە، پەسندکردنی ئایدۆلۆژیا زۆر ئاسانە. ئارێنت چەمکی "دێزۆلاسیۆن" یان "وێرانی" وەکوو لێکگرێدانی سێ فاکتەر بە کار دێنێ: تۆقاندن، ئایدۆلۆژیا و تەیارکردنی جەماوەر. تۆقاندن بە مەبەستی لەنێوبردنی ئازادیی دەرەکی، ئایدۆلۆژیا بە مەبەستی لەنێوبردنی ئازادیی دەروونی، لە کۆتاییدا، لەنێوچوونی ئەو دوو ئازادییەش دەبێتە هۆی تەیارکردنی جەماوەر بە شێوەیەکی ئاسان. ڕێژیمی تۆتالیتەر لە لایەن حیزبێک یان گرووپێک بەڕێوە دەبرێ کە خاوەن پێکهاتەیەکی سێکتەری و ئایدۆلۆژیکە. بوون بە ئەندام لە حیزب بە شێوەی جەماوەرییە و لە سەر بنەمای ڕازیبوونی تاک نییە، بەڵکوو لە سەر بنەمای نەزانیو شەیدایی بە کۆمەڵە، کە لە ڕێگەی ڕێوڕەسمەکانەوە بەردەوامی پێدەدرێ. لەو سیستەمەدا، دەوڵەت لەنێو حیزبدا دەتوێندرێتەوە و ناوەندی دەسەڵاتی سوپا دەچێتە نێو پۆلیس. ئەو ڕێژیمە چەشنێک لە سیاسەتێکی دەرەکی دەگرێتە بەر، کە هەوڵ دەدا زاڵ بێ بەسەر تەواوی جیهاندا. بۆ ئارێنت، تۆتالیتاریزم " بزووتنەوەیەکی نێونەتەوەییە لە ڕێکخستنیدا، جیهانگیرە لە ئامانجی ئایدۆلۆژیایدا، زەمینییە لە ڕێبازە سیاسییەکانیدا".

کارڵ یواکیم فریدریش بیرمەندێکی دیکەیە کە توێژینەوەی لە سەر تۆتالیتاریزم کردوە و بە ڕێژیمێکی سیاسی پێناسەی دەکا کە خاوەن شەش تایبەتمەندییە: ١) ئایدۆلۆژیایەکی ڕەسمی کە تەواوی ژیانی کۆمەڵگە دادەپۆشێ، ٢) حیزب یان گرووپێکی سیاسی کە پەیڕەوی لە ئیرادەی تاکێک دەکا و ئایدۆلۆژیاکەی جێگیر دەکا، ٣) کۆنترۆڵی کۆمەڵگە لە لایەن پۆلیسێکی نەهێنیی تۆقێنەر، ٤) دەسەڵاتێک کە دەست بەسەر هەموو ڕێگاکانی پەیوەندیدا دەگرێ، ٥) دەسەڵاتێک کە دەست بەسەر کەرەستە و ئامرازەکانی توندوتیژیدا دەگرێ، ٦) دەسەڵاتێک کە کۆنترۆڵی هەموو سێکتەرەکانی ئابووری دەکا بۆ ئەوەی ئابوورییەکی ناوەندگرا بێنێتە کایەوە.

تۆتالیتاریزم بۆ ڕەیمۆند ئارۆن (دیمۆکراسی و تۆتالیتاریزم، ١٩٤٥) ، "توانەوەی کۆمەڵگەیە لەنێو دەوڵەتدا". ئارۆن، تۆتالیتاریزم بە پێنج تایبەتمەندیی بنەڕەتییەوە پێناسە دەکا کە لە نێو پێناسەکەی کارڵ "یواکیم فریدریش"دا هەن. بۆ ئارۆن، تۆتالیتاریزم ڕێژیمێکی سیاسییە کە لە لایەن حیزب یان گرووپێکەوە بەڕێوە دەبرێ، ئایدۆلۆژیا تێیدا بەهێزە، دەست بەسەر ئامرازەکانی هێز و ڕێگەکانی پەیوەندیدا دەگرێ، تۆقاندنی پۆلیسی و ئابوورییەکی دەوڵەتی تێیدا بوونی هەیە. بۆ سیگمۆند نیومەن (١٩٤٠)، تۆتالیتاریزم جۆرێک لە دەوڵەت نییە، بەڵکوو جۆرێک لە کۆمەڵگەیە. ئەو کۆمەڵگەیە ڕاستەوخۆ بە شێوەیەکی زۆرەملێیانە بە ناوی دەوڵەتەوە لە لایەن یەک یان چەند گرووپی زاڵەوە کۆنترۆڵ دەکرێ. دەوڵەتی تۆتالیتەر "بە پێچەوانەی کۆنسێرڤاتیزمی زۆردارە کلاسیکەکان"، شۆڕش بە دامەزراوەیی دەکا بە مەبەستی گەرەنتیکردنی هەتاهەتایی، واتە "شۆڕشی هەتاهەتایی". ئێدوارد هالێت کار (١٩٤٩) پێیوایە، تۆتالیتاریزم "بیروباوەڕێکە کە لەودا، گرووپێک یان دامەزراوەیەکی ڕێکخراو، مەزهەبی، حکوومی یان حیزبی، مافی تایبەتیی بۆ دەستڕاگەیشتن بە هەقیقەت هەیە".

پێناسەکانی تۆتالیتاریزم، یان وەکوو ئەوەی هانا ئارێنت زۆر سنووردارن، کە جگە لە ئاڵمانی نازی دوای ١٩٣٨و ڕێژیمی ستالینی دوای ١٩٣٠، لەگەڵ شوێنی دیکە و ڕێژیمی دیکەدا زۆر گونجاو نییە، یان زۆر بەرفراوانن، وەکوو ئەوەی ئێدوارد هالێت کار، کە کۆمەڵێکی زۆر ڕێژیم لەخۆ دەگرێ، یان زۆر ڕواڵەتین وەکوو ئەوەی کارڵ فریدریش، کە لە لایەکەوە، دینامیکی سیستەمەکە ناڕوونە و لە لایەکیترەوە ئەگەری ئەوە هەیە لەگەڵ ئۆتۆریتاریزم بە هەڵە بگیرێ و جیاکردنەوەیان ئاسان نەبێ. لەبەر ئەوە، توێژەرانی دیکە وەکوو کلاود لیفۆرت و ئالێن بۆزانسۆن هەوڵ دەدەن هەم لەنێو مەنتقی ئایدۆلۆژیادا و هەم لەنێو دینامیکی سیستەمدا بە دوای تایبەتمەندییەکانی تۆتالیتاریزمدا بگەڕێن. بۆ لیفۆرت، تۆتالیتاریزم بە واتای ئەو سیستەمە دێ کە لەودا کۆمەڵگە لەنێو دەوڵەتدا تواوەتەوە و دەسەڵاتەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی سەربەخۆ نین. یەکگرتووکردن، بەناوەندکردن و چڕکردنەوەی دەسەڵات لە کەسێک یان گرووپێکی سیاسیدا، لە تایبەتمەندییەکانی ئەو سیستەمەن و دابەشبوونی کۆمەڵایەتی و ناهاوچەشنی تێیدا ڕەت دەکرێنەوە. گرووپی تایبەت و تاکخوازی و بەتاککردن لە لایەن دەوڵەتەوە دانی پێ دانانرێ. تۆتالیتاریزم هەوڵ دەدا مرۆڤێکی نوێ لە بواری هزرییەوە بەرهەم بێنێتەوە. ئالێن بۆزانسۆن پێیوایە، بۆ تۆتالیتاریزم "نەک تەنیا ئامانج پاساودەری ئامرازە، بەڵکوو تۆتالیتاریزم بە سەپاندنی "سورڕێئالیزمی ئایدۆلۆژیک"، سەربەخۆیی تاک ڕەت دەکاتەوە".

ژوان لەنز لە کتێبەکەیدا (تۆتالیتاریزم و ئۆتۆریتاریزم)، شیکردنەوەیەکی بەراوردکاری بۆ پێناسە جیاوازەکانی تۆتالیتاریزم دەکا و لە ئەنجامدا سێ تایبەتمەندیی بنەڕەتیی سیستەمێکی تۆتالیتەر دەستنیشان دەکا: ١) هەبوونی ئایدۆلۆژیا، ٢) تاکحیزبی یان هەبوونی ئۆرگانی دیکەی تەیارکردن، ٣) تاکێک کە دەستی بەسەر هەموو دەسەڵاتەکاندا داگرتوە. لەنز پێیوایە، ئەو سێ تایبەتمەندییانەن کە تۆتالیتاریزم لە ڕێژیمەکانی دیکە جیا دەکەنەوە، بەڵام دەبێ هەر سێ تایبەتمەندی پێکەوە هەبن، چونکە هەر کام لەو تایبەتمەندییانە بەتەنیا لە ڕێژیمە ناتۆتالیتەرەکانیشدا هەن. هەندێک تایبەتمەندیی دیکەش هەن کە لەنز وەکوو تایبەتمەندیی بنەڕەتی ئەژماریان ناکا، وەکوو: ڕەتکردنەوەی جیاوازی چینایەتی، نەبوونی ڕۆڵی سەرەکی و گرنگی هەندێک دامەزراوەی وەکوو مزگەوت و کەنیسە، سوپای وڵات و دامەزراوەی پیشەیی (ئەو دامەزراوانە لە هێڵی پێشەوەی ململانێیەکانی گەیشتن بە دەسەڵات نین)، ملکەچیی سوپای وڵات، لەنێوبردن یان هەڵوەشاندنەوەی تەواوی ئەو دامەزراوە و ڕێکخراوانەی کە پێشتر هەبوون و ڕێکخستنەوەیان بە ئێلیتی نوێ. لەنز پێیوایە، چەشنێک لە پلۆراڵیزمی سنووردار لە هەندێک ڕێژیمی تۆتالیتەردا هەیە. پلۆرالیزمی سنووردار یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئۆتۆریتاریزمە.

## ئۆتۆریتاریزم (دەسەڵاتخوازی)

پێناسەکردنێکی ڕوونی ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکان دژوارە، چونکە چەمکەکە کۆمەڵێکی زۆر و جۆراوجۆر لە فۆرمەکانی دەسەڵات لەخۆ دەگرێ. ئۆتۆریتاریزم بە چەندین جۆری ڕێژیم دەگوترێ کە نە دیمۆکراتن نە تۆتالیتەر، وەکوو: ڕێژیمە نیزامییەکان، هەندێک لە پاشایەتییەکان، هەندێک لە کۆمارییەکان و جۆرەکانی دیکە، بەڵام خاڵی هاوبەشی هەموویان کەڵکوەرگرتنی خراپە لە دەسەڵات. لە هەموویاندا، دەوڵەت هەوڵ دەدا لە جێگەی سازش لەگەڵ گرووپ و چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، لە ڕێگەی هێزەوە حکوومەت بکا، لە جێگەی قەناعەتپێهێنان فەرمان بدا و لە جێگەی مافەکان ڕێسای کردەیی جێگیر بکا. بە پێچەوانەی ڕێژیمە تۆتالیتەرەکان، ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکان بەردەوام هەوڵ دەدەن وێنەیەکی دیمۆکراتیک لە خۆیان پیشان بدەن، تەنانەت هەندێکیان خۆیان بە دیمۆکراتیک ناو دەبەن. بەپێی پۆلێنبەندیی هاوچەرخی ڕێژیمە سیاسییەکان، ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکان نە دیمۆکراتیکن نە تۆتالیتەر، بەڵکوو لە نێوان هەردوو جەمسەر دان. لە ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکاندا، ئازادی و پلۆڕالیزم سنووردارن و ئایدۆلۆژیای حیزبی دەسەڵاتدار یان حکوومەت بەسەر تەواوی کۆمەڵگەدا ناسەپێندرێ. ئەگەر ڕێژیمە تۆتالیتەرەکان، کۆنترۆڵی تەواویان بەسەر کۆمەڵگەدا هەیە و تەنانەت مۆدێل و شێوازی بیرکردنەوەش بۆ خەڵک دیاری دەکەن، ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکان زیاتر گوشار دەخەنە سەر نارازیان و ئۆپۆزیسیۆن.

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی ئۆتۆریتاریزم کە لە لایەن" زاڤیێ کرێتیێ"وە توێژینەوەی لەسەر کراوە، "ئابووری تالانکردن"ـە. بەپێی ئەو تایبەتمەندییە، ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکان هەوڵی بە کەسی کردن و بنەماڵەیی کردنی سەرچاوەکانی دارایی وڵات دەدەن. لە هەندێک مۆدێلدا، ئایدۆلۆژیایەکی میانڕەو هەیە کە هەوڵ دەدا کۆمەڵگە بێنێتە نێو دەوڵەت. بۆ ئەو جۆرە لە ئۆتۆریتاریزم، مۆدێرنیتە وەکوو هەڕەشە سەیر دەکرێ. سەبارەت بە سەرکوت، لە ئۆتۆریتاریزمدا، سەرکوتکردن ناگشتێندرێ، بەڵکوو تەنیا کۆمەڵێک خەڵک یان چەند گرووپێکی تایبەت دەکرێنە ئامانج. هانا ئارێنت پێیوایە، ئەگەرچی لە ئۆتۆریتاریزمدا ئازادییەکان سنووردار کراون، بەڵام بەتەواوەتی وەلا نەنراون. ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکان بەرگەی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی سنووردار و ئۆپۆزیسیۆنێکی نەرم لە سەر شەقام و لەنێو بڵاوکراوەکاندا دەگرن و ڕەتی ناکەنەوە.

ژوان لەنز سێ تایبەتمەندیی سەرەکیی بۆ ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکان دیاری دەکا: ١) پلۆڕالیزمی سنووردار، لەبەر ئەوەی پلۆڕالیزمی بێسنوور تایبەتە بە دیمۆکراسی لیبراڵ و نەبوونی پلۆڕالیزمیش تایبەتە بە ڕێژیمە تۆتالیتەرەکان، ٢) هەبوونی مێنتالیتە لەجیاتی ئایدۆلۆژیا، چونکە ئایدۆلۆژیا نەگۆڕ، سیستەماتیک، یوتۆپیک و گشتگیرە و بەشێوەی عەقڵانی گەشەی پێدراوە، بەڵام بە پێچەوانەوە، مێنتالیتە شێوەی بیرکردنەوەیە و کەمتر سیستەماتیکە و زیاتر ئامۆرف و بێ فۆرمە، کەمتر عەقڵانی و زیاتر ئیحساسی و عاتفییە، ٣) نەبوون یان لاوازبوونی تەیارکردنی سیاسی، چونکە بە نەبوونی ئایدۆلۆژیایەکی بەهێز، تەیارکردن دژوار یان ئەستەمە. ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکان سیستەمگەلێکی ئاڵۆزن، لەبەر ئەوەی تایبەتمەندی و توخمی مۆدێلی دژ بەیەک پێکەوە کۆ دەکەنەوە و پێکەوە دەیانگونجێنن. لە هەندێک لە ڕێژیمە نادیمۆکراتیکەکاندا، دۆزینەوەی سروشت و نێوەرۆکی ڕێژیمە سیاسییەکە دژوارە، لەبەر ئەوەی ڕێژیمەکە تایبەتمەندیی چەندین جۆری ڕێژیمی لە خۆیدا کۆ کردۆتەوە.

لەبارەی ڕێژیمی سیاسیی ئێران، سنوورەکانی نێوان ئۆتۆریتاریزم و تۆتالیتاریزم ڕوون نین، لەبەر ئەوەی ئایدۆلۆژیای دەوڵەتی (ویلایەتی فەقیهـ)، کە لە تایبەتمەندییەکانی تۆتالیتاریزمە لەگەڵ جۆرێکی سنووردار لە پلۆڕالیزم کە تایبەتمەندیی ئۆتۆریتاریزمە گونجێندراوە، بەڵام بەپێی توێژینەوەکەی ژوان لەنز، جۆرێک لە پلۆڕالیزمی زۆر سنووردار لە ڕێژیمە تۆتالیتەرەکانیشدا هەیە. لە ڕێژیمی سیاسیی ئێراندا، لە لایەک، پلۆڕالیزمی سیاسی تەنیا ئەو لایەنانە لە خۆ دەگرێ کە وەفادارن بە بنەماکانی کۆماری ئیسلامی و ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیهـ ، لە لایەکی دیکەوە، ڕێبەر یان وەلی فەقیهـ وەکوو نوێنەری دەسەڵاتی ئایینی، هێز و دەسەڵاتێکی بێسنووری پێ بەخشراوە بەجۆرێک کە، هەموو دەسەڵاتەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەژێر کۆنترۆڵی ئەودان. تایبەتمەندیی دیکەی ڕێژیمی سیاسیی ئێران ئەوانەن: سەرکوتی لە ڕادەبەدەر، نەبوونی ئازادییە بنەڕەتییەکان، تۆقاندن (تۆقاندن جیاوازە لە ترس، لەبەر ئەوەی ترس کاتییە و کۆتایی پێدێ، بەڵام تۆقاندن ترسێکی بەردەوامە و کۆتاییەکەی دیار نییە)، دەستگرتن بەسەر ئامراز و ڕێگاکانی پەیوەندی، تەیارکردنی کۆمەڵگە، ئابوورییەکی دەوڵەتی کە لە دەست چەند تاک و گرووپی سەربە دامەزراوە ئایینییەکاندایە و لە کۆتاییدا لەژێر کۆنترۆڵی وەلی فەقیهـ دایە، هەروەها کۆمەڵێک تایبەتمەندی دیکە کە ئەو توێژینەوەیە هەوڵی ناسینەوەیان دەدا. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدرێ بەوردی وڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە:

سروشتی ڕێژیمی سیاسیی ئێران چییە (ئۆتۆریتاریزم یان تۆتالیتاریزم؟) و تایبەتمەندییەکانی وەکوو کۆمارێک و دەوڵەتێکی مەزهەبی چین؟

**(درێژەی هەیە)**

# بەسیجی سایبێریی ڕێژیم


ئەیوب شەهابیڕاد

زۆریەک لە ئێمە هەواڵی کامێنت نووسە هەشت هەزار تمەنییەکان و لەشکری بەسیجی سایبێریی نێو دنیای مەجازییمان بیستوە. ئەمانە گرووپ گەلێکی جۆراوجۆرن کە کاری سەرەکییان لەسەر تێلێگرام و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تر بریتییە لە:

کامێنت دانانی بە لێشاو و بە کۆمەڵ لەسەر بابەتەکانی دژبە ڕێژیم، ئامادەکردنی ڕاپۆرتی بە کۆمەڵ و ناڕاست بە مەبەستی داخستنی پێگە ئینتێرنێتییەکانی جیابیران و ڕەخنەگرانی نێوخۆ و بە گشتی هەر جۆرە چالاکییەکی بەسیجییانە لە چوارچێوەی فەرمانی بەڕێوەبەرانی سایبێریی ڕێژیم.

هەندێک لەم گرووپە بەسیجییانە خۆیان وەک ئەفسەرانی شەڕی نەرم دەناسێنن کە بە پێچەوانەی وڵاتانی پێشکەوتوو کە دەوڵەتەکانیان هەموو هەوڵیان ئەوەیە کە بڵێن هاووڵاتییانیان بە خواست و مەیلی خۆیان لەنێو دنیای مەجازیدا چالاکن، بەڵام لە ئێراندا بۆ ئەم جۆرە گرووپ و کەسانە مووچە و ئیمتیازی تایبەت دیاری کراوە و ڕێوڕەسمی ڕێزلێگرتنیان بە بۆنەی چالاکی و بەشدارییان لە شەڕی نەرم و بەرگریی سایبێری، لە لایەن ئۆرگانە نیزامییەکانی بەسیج و سپای پاسدارانەوە بەڕێوە دەچێ.

ئێستا ناوەندە نیزامییەکانی ڕێژیم پێی خۆیان لەمەش درێژتر کردوە و بە وتەی ڕاگەیەندنەکانی خۆیان تەشکیلاتێکی ١٨ هەزار کەسییان بە ناوی "گوردانەکانی بەسیجی سایبێری" دروست کردوە. ئەگەر بابەتی فیلتێرینگی زیرەکمان لە بیر مابێ کە بڕیار بوو نەرمامێرێکی زۆر بەهێز و تایبەت دروست بکەن کە توانایی ئەوەی هەبێ وێنەی بێڕووپۆشی ژنان، فیلتێر بکا و وێنەی "حەڵاڵ" نیشانی کاربەران بدا؛ نەرمامێرێک کە بە دەیان میلیارد تمەنی تێچوو هەبووە، بەڵام هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا وەک خەیاڵێکی وەهمی و بێئاکام ماوەتەوە.

ئێستا لە جێی ئەم نەرمامێرە، ١٨ هەزار بەسیجی سایبێرییان ئەرکدار کردوە کە لەنێو تۆڕی ئینتێرنێتدا بگەڕێن و بابەتە حەرامەکان بدۆزنەوە، تا گرووپێک بە ناوی (گرووپی کاریی دیاریکردن و ناساندنی دەق و نێوەرۆکی تاوانبارانە) بڕیار لەسەر فیلتێرکردن و داخستنی هەژمار، کاناڵ یان پێگە ئینتێرنێتییەکان بدەن.

وردبوونەوەی زیاتر لە سیاسەت و کردەوەکانی ڕێژیم لە پێوەندی لەگەڵ دنیای مەجازیدا، وەبیرمان دێنێتەوە کە ٢٠ ساڵ سیاسەتی فیلتێرینگ و خەرجکردنی میلیاردها دۆلار بۆ فیلتێرکردن لەسەر بنەمای ناوی (پاشگر، پۆرت، وشەی کلیلی، سێرڤیزی ڤیپیئێن، ئایپی ئەدرەس) و هەموو تێکنیکە زیرەک و نازیرەکەکانی تر و گوشار خستنە سەر شیرکەتە نێونەتەوەیی و سەدان شێوازی جۆراوجۆری تر، گۆڕدراوە بۆ دامەزراندنی هەزاران کەس کە لە بەرامبەر گەڕان لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دۆزینەوەی بابەتەکانی دژبە یاسا و ڕێساکانی ڕێژیم و پاشان ڕاپۆرتی ناو و پێناسەی کاربەر و خاوەن کاناڵ و ماڵپەڕەکان، بڕیارە مووچە وەربگرن.

بەڵام ئەم خاڵانەی ئاماژەیان پێ کرا، دەربڕی هەموو داستانەکە نییە، چونکە سیخوڕی کردن و گەڕان بە دوای بە وتەی خۆیان، نێوەرۆکە "ناشەرعی و حەرامەکان" تەنیا بەشێکە لە ئەرکی بەسیجە گیان فیدا سایبێرییەکانیان.

بە گەڕانێکی سەرپێیی لەنێو گووگڵدا، دەتوانین هەزاران لاپەڕە بە ناوەکانی (قەرارگای دنیای مەجازی، گوردانی سایبێری، پایەگای مەجازی) و زۆر ناونیشانی هاوشێوە بدۆزینەوە کە زۆرێک لەمانە ئۆرگانی فەرمیی ناوەندە نیزامییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن. بەشێکی تر لە ئەرکە سایبێرییەکانی ئەم گرووپە مەجازییانە بریتین لە: سیخوڕی و چاودێریی جیابیران، چالاکانی مەدەنی و بە تایبەت بزووتنەوەی مافخوازانەی کوردستان. لەم پێوەندییەدا، ئەم گرووپە سایبێرییانە هەم بەردەوام ڕاپۆرت بۆ ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم دەنێرن و هەم ڕێنوێنییان لێ وەردەگرن.

ئەگەرچی هیچ سەرچاوەیەکی فەرمی لە ئێراندا ئامادە نییە بوودجەی ئاشکرا و نهێنیی چالاکییە سایبێرییەکانی بەسیج و قەرارگاکانی تری سەر بە سپا باس بکا، بەڵام کارناسان تەنیا بەشێک لە بوودجەی چالاکییە (سایبێری-بانگەشەییەکانی) قەرارگایەکی وەک (عەممار) و قەرارگاکانی تری تایبەت بە فەزای مەجازی لە وڵاتدا، بە زیاتر لە ٣ هەزار میلیارد تمەن بەراورد کردوە. بوودجەیەک کە دە بەرامبەری هەموو ئەو بوودجەیەیە کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو (تۆز و خۆڵەی) کە ناسراون بە (ڕیزگەرد) و هەناسە هەڵکێشانی میلیۆنان کەسیان لە پارێزگاکانی باشووری ڕۆژئاوای ئێران تووشی کێشەی جیدی کردوە.

هەر بە پێی ئەو ئامارانەی بە دەستمان گەیشتوە، تەنیا لە کوردستان، تێچووی مادیی ئەو گرووپە سایبێرییانە بۆ چاودێری و سیخوڕی کردنی بزووتنەوەی سیاسی و چالاکانی مەدەنیی کوردستان، زۆر زیاترە لە بوودجەی هەموو ناوەندە پەروەردەییەکان.

بە پێی ئەو بەڵگانەی لە بەردەست دان، "جیهادی سایبێری" لە ئێراندا، بۆتە جۆرێک لە کار و بازرگانی کە قازانجێکی زۆری تێدایە. کاتێک کە بۆ دروستکردنی ئەنیمەیشێنێکی ئاسایی، سەرەتایی و ویلایەت پەسەند، دەتوانی چەند بەرابەری مووچەی چەندین ساڵەی مامۆستایەکی زانکۆ وەربگری، لێرەدا ترسی ڕێژیم لە پێوەندییەکانی نێو دنیای مەجازی و بە فیڕۆدانی سامانی وڵات ئاشکراتر دێنە بەرچاو.

١٨ هەزار بەسیجی چالاک لە نێو فەزای مەجازیدا، کۆمەڵێک مرۆڤی بێکەلک و مشەخۆرن کە ئەوانیش وەک هەموو بەرپرس و ڕێبەرە جەنایەتکار و تالانچییەکانیان، بوونەتە ئافەت و بەڵا بۆ گیان و سامانی کۆمەڵگەی ئێران.

***

**سەرچاوە: ماڵپەڕی (تەوانا)**

# پێشەوا
# کاریزمایەکی ڕووناکبیر


ناسر باباخانی




> "پێشەوا لەسەر بنەمای پاشخانێکی فکریی لەوەپێش، لەگەڵ هاوڕێیانی بە خوێندنەوەیەکی دروست و واقعبینانە و لە هەمان کاتدا پێویست، بنەمای گوتارێک دادەمەزرێنن کە گوزارشت لە خەون و خولیاکانی نەتەوەیەک دەکا کە توخمی شوناس و پێناسەی نەتەوایەتی لێ سەندرابوو. بێ هیچ شک و گومانێک ئەم گوتارە وامداری کەسایەتیی کاریزما و هزری ڕووناکبیری پێشەوایە"

لە مێژووی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورددا، کارەکتێری کاریزما و چەمکی کاریزمایی دەورێکی بنەڕەتییان گێڕاوە. دیارە نموونە زۆرن کە دەکرێ بە نیسبەت کاریگەریی بەربڵاویان، یا ئاستێکی سنووردارتر، باسیان لێوە بکەین، بۆ وێنە کەسایەتییەکی کاریزما دەتوانێ تەنیا سەرۆک عەشیرەتێکی کورد بێ یان سەرکردەی ڕاپەڕینێکی بەرینی جەماوەری یان گشتگیرتر، وەک بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی.

هەندێ کەسایەتی لە پاش مەرگیان لایەنە کاریزماتییەکەیان تۆختر دەبێتەوە کە ڕەنگە ئەمیش بەشێکی بگەڕێتەوە سەر چەمکی مەرگ بە تایبەتی لە قالبی کوژران بە دەستی نەتەوەی باڵادەست کە دواجار دەبێتە چەمکێکی ڕەمزی وەک شەهید بۆ نەتەوەی بندەست. ئەم شەهید بوونە لە پێناو گەل و نەتەوە جۆرە پیرۆزییەک دەبەخشێتە کاریزما، کە شوورەیەکی پۆڵایین لە خۆشەویستیی خەڵک بە دەوریدا دەکێشێ و تەنانەت ئەوەندە ئەم ڕێز و سۆزە بەرز دەبێتەوە کە بە هیچ کلۆجێک کۆمەڵگە تابشتی بچووکترین ڕەخنەی لە کاریزما نامێنێ و ڕەنگە بۆ نەتەوەیەکی ژێردەستی بێبەش لە هەموو مافەکانی، شتێکی سەیر نەبێ وەها پارێزگارییەک لە کاریزماکەی خۆی. بۆیە ماکس ڤێبەر گوتەنی جۆری پەیوەندی کاریزما و خەڵک، زیاتر دێتە خانەی هەست و سۆزدارییەوە، بەتایبەتی کاریزمایەک کە ڕەهەندی ڕووناکبیریشی پێوە دیار بێ.

سەبارەت بە ڕەهەندە ڕووناکبیرییەکەوە ڕەنگە کەلکوەرگرتن لە ڕوانگەی ئێدوارد سەعید بۆ جۆرەکانی ڕووناکبیر بۆ شرۆڤەی باسەکەمان بەسوود بێ. سەعید قایل بە بوونی دوو جۆرە ڕووناکبیرە: ڕووناکبیرە سوننەتییەکان و ڕووناکبیرە ئۆرگانیکەکان. بە باوەڕی ئەو، ڕووناکبیری سوننەتی _وەک مامۆستایانی ئایینی_ زیاتر لە ڕوانگەی پەند و نسحەتەوە مامەڵە لەگەڵ کۆی دیاردەکان دەکەن. بەڵام ڕووناکبیری ئۆرگانیک بوونەوەرێکی شوێندانەر و شوێنوەرگرە. ڕووناکبیرانی ئۆرگانیک لەگەڵ بارودۆخی وڵات و زرووفی زەمانی بیر و باوەڕیان بیچم دەگرێ و دەبن بە بەرهەمهێنەری گوتار.

بەم تایبەتمەندییانە دەکرێ پێشەوا قازی محەممەد وەک کاریزمایەکی ڕووناکبیر لە قەڵەم بدرێ. دەکرێ بڵێین پێشەوا لەسەر بنەمای پاشخانێکی فکریی لەوەپێش، لەگەڵ هاوڕێیانی بە خوێندنەوەیەکی دروست و واقعبینانە و لە هەمان کاتدا پێویست، بنەمای گوتارێک دادەمەزرێنن کە گوزارشت لە خەون و خولیاکانی نەتەوەیەک دەکا کە توخمی شوناس و پێناسەی نەتەوایەتی لێ سەندرابوو. بێ هیچ شک و گومانێک ئەم گوتارە وامداری کەسایەتیی کاریزما و هزری ڕووناکبیری پێشەوایە. گوتارێک کە دواجار دەبێتە گوتاری زاڵی کۆمەڵگە، لە کاتێکدا هەندێ ئاماڵ گوتاری ئایینی و ئامالّ گوتاری "کۆیلە _ ئاغا" و سوننەتیش باڵی بەسەر کۆمەڵگەدا کێشاوە، لەڕاستیدا لە هەموو بوارەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیدا هاوکێشەی "چەوسێنەر_چەوساوە" بەڕوونی دەدیترێ. بۆ وێنە ژن بە گشتی، منداڵ، چینی هەژاری لادێیی، چینی مامناوەندی شار، ڕووناکبیری پەراوێزخراو و... هەموو لەم هاوکێشەیەدا دەچەوسێندرێنەوە.

تا سەرەتای دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕووناکبیرانی سوننەتی، بەهۆی پێگەی کۆمەڵایەتی، ئایینی و ئابوورییان لە لووتکەی دەسەڵاتدا بوون و هێزێکی یەکجار زۆریان هەبوو، بەڵام توانایی گوتارسازی و جەرەیانیان نەبوو، چون لە حەقیقەتدا نە بە تیۆری پشتئەستوور بوون و نە بە پێشوازییەکی ئەوتۆی خەڵکی چەوساوە. هەر بۆیە لەگەڵ هەرەسی کۆمار هەر ئەوانن کە دەبنە هاودەست و هاوداستانی ئەرتەشی پاشایەتی. بەڵام بە پێچەوانەوە ڕووناکبیرانی ئۆرگانیک، بە ناسینی دۆخی وڵات و کەلکوەرگرتن لە هەلی هەڵکەوتوو، بەرەبەرە گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی لەسەر بنەمای پێناسە و شوناسی نەتەوایەتی دەکەن بە گوتاری زاڵ بۆ ڕووخاندنی ئامالّ گوتارە سوننەتییەکان و دواجار لەنێو بردنی هاوکێشەی چەوسێنەر_ چەوساوە.

> ئەگەر سەیری کلیل وشەکانی گوتارەکەی پێشەوا بکەین: ئاڵا، پێشمەرگە، کۆمار، سروودی نەتەوەیی، میللەت، سەربەخۆیی، ئیستقلال و... ئەمانە هەموویان لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بەردەوام وەک مۆتیڤی سەرەکی دووپات دەبنەوە. لەپاڵ ئەمانەوە پێشەوا هەندێ کۆد دەدادتە دەرەوە کە دەکرێ وەک بنەمایەک بۆ پرسی مافی چارەنووسی دواڕۆژ خوێندنەوەیان بۆ بکرێ و پشتیان پێوە ببەسرێ

"دەسکەوت"ەکانی کۆماری کوردستان لە ماوەی کەمتر لە یەک ساڵدا وەک دەرکەوتە و دەرئەنجام گرینگترین چەمکی لێکدانەوەی شرۆڤەکارانە بۆ ئەم کۆمارە ساوایە، کە زۆربەی دەسکەوتەکان خۆی لە هەندێ دامەزراوە و ڕێکخراوەی تایبەتدا دەبینێتەوە کە لەوە پێش بوونیان نەبووە و سەرجەمیان تەعبیر لە دەسەڵاتی خەڵکی دەکەن، وەک شەهید دوکتور قاسملوو دەڵێ: "کۆماری کوردستان کۆمارێکی گەلی بوو، بۆ یەکەم جار لە مێژووی نەتەوەی کورددا بەڕێوەبەری جووڵانەوە بە دەست ئاغایەک، سەرۆک عەشیرەتێک یان شێخێک نەبوو. ڕاستە هێندێک لەمانە لە کۆماری کوردستاندا خاوەن دەسەڵات بوون بەڵام هەوڵ درا کە کۆمەڵانی سادە واتە خەڵکی کۆڵان و بازاڕ نوێنەرانی خۆیان بە شێوەیەکی دێموکراتی هەڵبژێرن و بەڕێوەبەرانی خۆیان دیاری بکەن. بۆ یەکەم جار جووڵانەوەیەکی پانوبەرینی گەلی پێک هاتبوو کە پشتیوانی ئامانجەکانی خۆی و کۆماری خۆی بوو."

ئەوەی ڕاستی بێ ئەم دەسکەوتانە بەرهەمی ئاڵوگۆڕێکی مێژوویین، یان وردتر بڵێم خاڵگۆڕانێکی مێژوویی کە لەسەر دەستی پێشەوا ڕوو دەدا کە بریتی بوو لە گۆڕانی کۆمەڵەی ژێکاف بە حیزبی دێموکراتی کوردستان. بە تەعبیری مامۆستا هەژار حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر داروپەردووی ژێکاف سەرهەڵدەداتەوە، ڕێک ئەوەی نەمر زەبیحی باس لێوە دەکا کە حیزبی ئازادیی کوردستان و کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ڕاستیدا یەک حیزب بوون بەڵام لە سێ قۆناغی زەمەنیی جیاوازدا. دەکرێ جۆری خوێندنەوەمان بۆ ئەم خاڵگۆڕانە ئاوا بێ کە ئەوە پێشەوایە کە هزرەکەی کۆمەڵەی ژێکاف لە چینی ڕووناکبیرەوە دەگوازێتەوە قالبی دامەزراوەیەک وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان، کە ئەم جارەیان نەک هەر ئێلیتەکان و بژاردەکان، بەڵکوو کۆمەڵانی هەراوی خەڵک لەخۆ دەگرێ بۆ ئەوەی هاوکێشەی "چەوسێنەر_چەوساوە" بە یەکجاری لەنێو بچێ. ئەوە ڕێک بەشێنەوەی ناسنامەیەکە بە سەرجەم تاکەکانی نەتەوەیەکی حاشالێکراو و لە هەمان کاتدا کردنی پرسێکی نهێنی و دەروونی و خۆجێیی، بە پرسێکی سەرانسەری و هەروەها تیۆردان و سەرنج ڕاکێشانی زەلهێزەکانی جێگیر لە ناوچەکە بۆ پرسی کورد.

پێشەوا لە تەواوی ئەو ماوەیەدا کە وەک ڕەئیس جمهووری کۆمار کاری کردوە بەردەوام هەندێ کۆدی تایبەتی بڵاو کردۆتەوە کە لە زۆر شوێنی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا _ئۆرگانی حیزب_ دەدیترێ، کە دەکرێ وەک کلیل وشەکانی گوتاری کۆماری کوردستان سەیر بکرێن، ئیتر لە قۆناغی بوونی کۆمەڵەی ژێکاف بە حیزبی دێموکراتی کوردستان کە وەک دەسپێک، کەسایەتیی کاریزمای پێشەوا ئەم حەولە بە ئەنجام دەگەیەنێ، لەمەوبەدوا دەوری پێشەوا جگە لە دەوری کارگێڕێکی کاریزما، دەوری ڕووناکبیرێکی بەرهەمهێنەری گوتاریش بەخۆوە دەبینێ.

ئەگەر سەیری کلیل وشەکانی ئەم گوتارە بکەین: ئاڵا، پێشمەرگە، کۆمار، سروودی نەتەوەیی، میللەت، سەربەخۆیی، ئیستقلال و... ئەمانە هەموویان لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بەردەوام وەک مۆتیڤی سەرەکی دووپات دەبنەوە. لەپاڵ ئەمانەوە پێشەوا هەندێ کۆد دەدادتە دەرەوە کە دەکرێ وەک بنەمایەک بۆ پرسی مافی چارەنووسی دواڕۆژ خوێندنەوەیان بۆ بکرێ و پشتیان پێوە ببەسرێ. بۆ نموونە پێداگری پێشەوا لەسەر مەنشووری ئاتلانتیک وەک جاڕنامەیەک کە ڕێز لە دیاریکردنی مافی چارەنووسی نەتەوەکان دەگرێ، کاتێ ڕاستەخۆ لە ڕۆژنامەی کوردستان سوێند بە شەرافەتی میللیی کورد و بە ئاڵای موقەددەسی کوردستان دەخوا بۆ ڕاگرتنی سەربەخۆیی کوردستان، کاتێ کاروباری دەرەوە و پەیوەندی لەگەڵ بیانییەکان دەسپێرێتە زەبیحی، کاتێ چەمکەکانی سەربەخۆیی لە ڕۆژنامەدا دەبنە مۆتیڤی سەرەکی، کاتێ خەریتەی کوردستانی گەورە لە ژووری کارەکەی هەڵداوسێ و... هەمووی ئەوانە تەعبیر لەوە دەکەن کە پێشەوا چاوی بڕیوتە دواڕۆژی گەلەکەی.

کۆی ئەم کۆدانە و هەروەها مێژووی زارەکی تایبەت بە کۆماری کوردستان، پێمان دەڵێ کە پێشەوا مرۆڤێکی دوورەدەست ڕوان بووە، بیری هەر لە سەردەمی خۆیدا قەتیس نەماوە و گەشبین بووە بە داهاتوو، ئەگینا هەرگیز گیانی خۆی بەخت نەدەکرد. ئەو بێگومان گیانی لە پێناو ئامانجێک دانا کە لە سەردەمی ئێستادا بۆتە خولیای تاکی کورد کە ئەویش پرسی دیاری کردنی مافی چارەنووسە!

***

**پەراوێز:**

١) وەک کەوانەیەک، وەبیرهێنانەوەی ئەم خاڵە زۆر گرینگە کە هەندێ جار سنوورێکی زۆر ورد لە نێوان کاریزماتیسم و دیماگۆژیسم هەیە. دیماگۆژیسم لەسەر بنەمای درۆ و فریو و بەلاڕێدا بردنی خەڵک دامەزراوە و بەپێی بەرەوپێشچوونی زەمان ڕووە شاراوەکەی وەدەردەکەوێ و خۆ دەدۆڕێنێ، کەچی ئەم جۆرە کاریزمایەی وەک لە سەرەوە باسم کرد، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕیشەکانی زیاتر ڕۆدەچێتە قووڵایی هەست و ئاوەزی خەڵکەکەیەوە.

٢) ڕەنگە من لەگەڵ دەستەواژەی ڕووناکبیری سوننەتی گرفتم هەبێ، بەڵام ئەم دابەشکردنەم بۆ ئەم بابەتە پێ گونجاو بوو!

# دیرۆکی خۆڕاگری

(لە دیکۆمێنتەکانی ئەنجوومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

## دادگایی کردنی نێردراوی بەیتی ڕێبەری


فەتاح ڕەسوولی

**(بەشی دووهەم و کۆتایی)**

ورده ورده ئاراستەی چالاکییەکانم گۆڕی و زیاتر ڕووم کردە چالاکیی مەدەنی و تێکەڵاوی لەگەڵ خەڵک، بەڵام بە تەلەفوون ئاگاداریان دەکردمەوە کە هەر لەژێر چاودێریدام. هەر ئەو کاتە چەند جاران لە کۆیە بە نهێنی سەردانی سەرکردایەتیی حیزبم کرد.

لە ساڵی ١٣٨٣ تێکهەڵچوونێک لە نێوان بنەماڵەکەم و مەئمووران ڕووی دا کە دەیانویست بچنە نێو حەوشەی ماڵەکەمان و زۆر بەتوندی پێشیان پێگرتن. گرتن و لێدانێکی باشیان وێکەوت و دەریانپەڕاندن. لە دادگا پەروەندەیەکیان بۆ کردنەوە، هاتن قۆڵبەستیان کردن و بەرەو دادگایان بردن، بەڵام پێش ئەوەی قازی حوکمیان بدا، بە پارە دۆسییەکەم داخست، نەمهێشت بچنە زیندان.

ڕۆژێک لە لایەن فەرماندار و فەرماندەی نیرووی ئینتزامییەوە ئەمن و هەموو ئەندامی بنەماڵەکەم بانگ کراین و گوتیان لە دەستتان وەزاڵە هاتووین و تکاتان لێدەکەین دەست لە کاری سیاسی هەڵبگرن، دەنا ئاکامێکی باش بە خۆتانەوە نابینن.

ڕۆژی ٢٠ـی خاکەلێوەی ٨٨ دەمەویست بەرەو کارگەی بلووکان بڕۆم، کوتوپڕ دوو ماشێن ئەم سەرەوسەری کۆڵانەکەیان گرت. ٩ کەسی چەکدار دەوری منیان دا گوتیان ماڵی فەتاح ڕەسوولیمان دەوێ. گوتم ئەمە ماڵەکەی و خۆشم ئەو کەسەم، ئێوە کێن؟ وتیان لە ئیتلاعاتی ورمێ و پیرانشارین و هاتووین بۆ دەسبەسەرکردنی ئێوە، هەندێک پرسیارە لێت دەکرێن و دوایی دێنەوە. گوتم دەی فەرموون، گوتیان نا بەڵام ماڵەوش دەپشکنین. موبایلەکەم لە گیرفاندا کوژاندەوە و دەگەڵیان چوومە ژووری، زوو موبایلەکەم فڕێ هەڵدا بۆ خێزانم. لێم تێگەیشت و بێترس و بێ ئەوەی بزانن شاردییەوە.

دەستیان بە گەڕان کرد هیچیان دەست نەکەوت، پێشتر هەموو ئەو شتانەی کە خۆم دەمزانی دەبنە کێشە ڕامگواستبوون. پاشان گوتیان موبایلەکەتمان دەیە گوتم ئەمڕۆ بەیانی لە دەستم کەوتە خوارێ و ناردوومەتە مەهاباد بۆم چاک کەنەوە. گوتیان درۆ دەکەی تا یەک ساعەت لەمە پێش قسەت پێدەکرد وتم بەڵێ وایە پێش هاتنی ئێوە وای لێهات.

قۆڵبەستیان کردم بەرەو ئیتلاعاتی پیرانشار. لە پێشدا لێدانێکی باشیان لێدام هەرچی گوتیان وەرم نەگرت، گوتم هیچ پێوەندییەکم بە حیزبی دێموکراتەوە نییە، حەوت تۆمەتیان وەپاڵ دابووم: ١_ دیدار و کۆبوونەوە لەگەڵ ڕێبەرایەتیی حیزب، ٢_ هەوڵدان لەدژی بەرژەوەندییەکانی ڕێژیم، ٣_ بڵاوکردنەوەی تراکت و ئاگرکردنەوە لە بۆنە حیزبییەکاندا ٤_ بەزاندنی سنوور ٥_ ناردنی لاوان بۆ نێو ڕیزەکانی پێشمەرگە و دێموکرات ٦_ دانی زانیاری و هاوکاریی هێزی پێشمەرگە لە نێوخۆدا ٧_ پێوەندیی تەلەفوونیی بەردەوام لەگەڵ ڕێبەرایەتیی حیزب. دوای ٣ ڕۆژ و شەوان ئەشکەنجە و هەڕەشە هیچیان دەست نەکەوت.

دوایە درامە دادگا. لەوێ سڵاوم لە قازی کرد، بەڵام وڵامی نەدامەوە. بە تووڕەیی گوتی دانیشە. گوتی «چەند کەست کوشتوە؟». پێکەنیم؟گوتی بۆچی پێدەکەنی؟ گوتم سڵاوم کرد وڵامت نەداوەمەوە، ئێستاش دەبێ دەستم بکرێتەوە و مەئمورەکانیش بچنە دەرەوە. گوتی: «وادیارە لە قانونیش دەزانی، ئەدی بۆچی کارەکانت هەمووی نایاساییە؟» دەستیان کردمەوە و مەئمورەکان چوونە دەرەوە. گوتی وڵامی پرسیاری یەکەمم بدەوە، گوتم ئەمن پیاوکوژ نیم. گوتی مەگەر پێشمەرگەی دێموکرات نەبووی؟ گوتم ئەمە ٣٠ ساڵ پێش بووە. گوتی پەروەندەی ئەوەش گەڕاوەتەوە سەر ئەم پەروەندەیەت. گوتم بەڵێ ئەوکات لەگەڵ بوومە بەڵام ئەوەی ئیدارە ئیتلاعاتی دەیکا تەنیا تۆمەت و بوختانێکە و هیچی دی. زۆر بە تووڕەیی گوتی وەرن بیبەن.

بەڕێیان کردم بۆ ئیتلاعاتی ورمێ. لەبەر درەنگ گەیشتنمان ناردیانم بۆ زیندانی ناوەندیی ورمێ و ماوەی چەند حەوتویەک لەوێ مامەوە. لە ژوورێکی تاکەکەسیدا بۆ ماوەی ٤٠ ڕۆژان ڕایانگرتم. دوایی کەسێکیان هێنایە لام تەمەنی نیزیک بە ٣٠ ساڵ دەبوو، بە زمانی کوردی و فارسی و تورکی قسەی دەکرد. ڕۆژی یەک-دوو جار دەیانبردم بۆ بازجوویی. چوار ڕۆژان ئەو کەسە لەلام بوو، ژوورەکەمان تاکەکەسی بوو و توالێت و حەمامیش کە دیوارەکەی نیو میتر بوو هەر لەنێو ژوورەکەدا بوو. دەبوو بە نۆرە یەکمان لەسەر دیواری توالێتەکە دانیشین و یەکیشمان بخەوێ. بەڵام کاتێک نۆرەی خەوتنی من دەهات تا خەوم لێدەکەوت، دەیقیڕاند. تا چوار شەو و ڕۆژان بەردەوام بوو. بێخەوی بڕستی لێ بڕیبووم. ئاخری لێم دا و هاواری لێ بەرز بۆوە و هاتن بە فریای کەوتن و بردیانە دەرێ، زانیم فێر کرابوو. بۆ ڕۆژی دواتر بردیانم بۆ بازجوویی لەسەر ئەو کەسە و لێدانێکی زۆریان لێدام، دوای دوو ڕۆژان دیسان بازجووییەکانم دەستیان پێکردەوە، وڵامی منیش هەر ئەوە بوو کە لە پێشدا گوتبووم.

دوایی ٤٠ ڕۆژان بە دەست و چاوی بەستراوەوە بردیانم بۆ جێیەکی دیکە، دەنگی بازجووەکەم نەدەناسی. گوتی تۆ برای منی ئێمە هەر دووکمان هاونیشتمانیی یەکترین، من بازجوو نیم ئەو پرسیارانەم هیچ پێوەندییەکی بە پەروەندەکەتەوە نییە. من لە لایەن بەیتی ڕێبەرەوە هاتووم. شانسی پەروەندەی تۆم دەست کەوتوە، بەبێ ترس وڵامی پرسیارەکانی من بدەوە دیسانیش دڵنیات دەکەمەوە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر دۆسییەکەت نابێ، وڵامی پرسیارەکانت لەگەڵ خۆم دەبەمەوە تاران. باسێکی زۆر دوور و درێژمان کرد و لە ڕاستیدا من ئەوم بازجوویی کرد و، وڵامێکی پێنەبوو بۆ پرسیارەکانم.

بۆ بەیانی بردیانم بۆ دادگای ئینقلابی ورمێ کە گەیشتمە وێ براکەم و خزمەکانم لەوێ بوون. وتیان ئەوە پارێزەری تۆیە سڵاوم لێ کرد نەیوێرا وڵام بداتەوە. وتم ئەو کەسە ناوی چییە و خەڵکی کام شارە؟ گوتیان ناوی ئەوەیە و خەڵکی پیرانشارە. گوتم کوڕی فلان کەسە؟ گوتیان بەڵێ. بە پارێزەرەکەم گوت کاکە تۆ پارێزەری من نابی خواحافیزت بێ. هەرچەند براکەم تووڕە بوو، گوتم خۆم لە خۆم دیفاع دەکەم. بە تەنیا چوومە دادگا. قازی گوتی بیبەنە زیندانی نەغەدە و دوای چەند ڕۆژ ئازاد دەبێ. کەچی چەندین مانگی دیکە لە زیندانی نەغەدە مامەوە. پاش ئازادبوونم لە ساڵی ٩٠یشدا دیسان کەوتمەوە زیندان و دوای چەند مانگان ئازاد کرام.

گوشارەکان لەسەرم هەر بەردەوام بوون و هەتا لە ساڵی ٩٥، بە تەلەفوون بانگیان کردم و منیش وتم لە تەورێز لەلای دوکتورم، بێمەوە پێوەندییتان پێوە دەگرم. زانیم ئەم جارە بگیرێم ڕزگار بوونم ئەستەمە و هەر بۆیە ڕۆژهەڵاتم بەجێ هێشت و هاتمە کۆیە و پێوەندییم گرت بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە. بەمجۆرە تێکەڵ بە ڕیزەکانی ئاشکرای حیزبەکەم بوومەوە.

# کوردستان خۆی بەڕێوە دەبا



سمایل شەرەفی

هەر لە یەکەم ساتەکانی دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی پەیدابوونی پەتای کۆرۆنا لە ئێران و کوردستان، لە کەس شاراوە نەبوو کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران زۆر لەوە بێتواناتر، نابەرپرسیارتر و بێلیاقەتترە کە بتوانێ خەڵک بپارێزێ. کاربەدەستانی ڕێژیم هەر لە سەرەتاوە بە درۆکردن لە گەڵ خەڵک و بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست و کەمتەرخەمبوون بەرانبەر بە گیانی خەڵکی وڵات، نیشانیان دا کە لەم قەیرانەشدا ئەوەی بۆیان گرینگ نیە، خەڵک و سڵامەتیی کۆمەڵگەیە. بۆیە خەڵک بێ ئەوەی چاوەڕوانی "قیمەت" و "هیمەت"ی ئەم ڕێژیمە بن، بە وەڕێخستنی کەمپەینی جۆراوجۆر هاوکاری و خۆپاراستن، قۆڵیان لە بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەم پەتای پڕمەترسییە جیهانییە هەڵماڵی.

کوردستان، وەک هەمیشە درەوشایەوە و بە بەکارهێنانی چەکی "یەکگرتوویی" و "هاودڵی" بەربەرەکانیی دژ بە هەر دوو پەتای "کۆرۆناویرووس" و "ڕێژیمویرووس" دەست پێکرد. لە ماوەی کەمتر لە چەند ڕۆژدا و دوای بڵاوبوونەوەی پەیامی هێز و لایەنە سیاسییەکان، کۆڕوکۆمەڵە مەدەنییەکان، پزیشکانی دڵسۆز و کەسایەتییە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، خەڵک بە مانەوە لە ماڵەکانیان پێش هەموو شتێک یەکەم هەنگاوەکانی خۆپاراستنیان هەڵێنایەوە. ڕێژیم کە هەر لە یەکەم ڕۆژەکاندا تەنانەت توانای گەیاندنی ماسک بە خەڵکیشی نەبوو، بە دەیان کەس لە خەیات و بەرگدرووەکان کارەگە چووکەکانیان تەرخان کرد بۆ دروستکردنی ماسک و دابەشکردنیان بە نێو خەڵکدا. بە دەیان گرووپی خۆڕسک درووست بوون کە خەڵک لە خۆپاراستن ئاگادار بکەنەوە و داوایان لێ بکەن لە ماڵەکانیان بمێننەوە.

هاوکاتبوونی بڵاوبوونەوەی ئەم پەتایە لە گەڵ نزیکبوونەوە لە نەورۆز و نوێبوونەوەی ساڵ کە بە لای خەڵکی کوردستانەوە وەرزی خۆشی و سەیران و گەڕان و بەڕێوەبردنی جێژنە، بەسە بۆ ئەوەی بزانین کە بڕیاری مانەوە لە ماڵەکان و خۆبواردن لە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز و سەری ساڵ و پەکخستنی دیداری خزمان، چەندە سەخت و دژوارە. خۆقەرەنتینەکردن لە ماڵان و پەکخستنی کار و کاسبی لە کوردستان ئەویش لەو هەلومەرجە ئابوورییەی کە لە سایەی سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا بە سەر خەڵکی وڵاتدا زاڵە، هەروا ئاسان نەبوو و نیە. بۆیە هەر وەک لە پەیامی زۆرێک لە حیزبەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کوردستاندا پێداگری لەسەر کرابوو، بەخۆشییەوە زۆرێک لە خەڵکی دەستڕۆیشتووی کۆمەڵگەی کوردستان بە شێوەی جۆراوجۆری وەک؛ تەرخانکردنی پوڵ و پارەیەکی بەرچاو بۆ سازکردنی ناوەندگەلی تەندرووستیی وەک نەخۆشخانە، خۆپاراستنی لە وەرگرتنی کرێ ماڵ و کرێ دووکان و وەرگرتنی قیستی مانگانە و یارمەتیدان بە کەمپەینەکانی بەربەرەکانێ لە گەڵ پەتای کۆرۆنا و هاوکاریکردنی کەسانی دەستەنگ، ئەرکی خۆیان بەجێ گەیاند و لێی بەردەوامن. هەر لەم پێوەندییەدا چالاکانی مەدەنی لە چوارچێوەی کۆڕوکۆمەڵە مەدەنییەکاندا بە وەڕێخستنی دەیان کەمپەینی جۆراوجۆری وەک؛ کۆکردنەوەی پێداویستییەکانی ڕۆژانەی خەڵک، ڕشاندنی کۆڵان و شەقامەکان بە ماددەی دژە ویرووس، گەیاندنی ماسک و شت و مەکی دیکەی بێهداشتی بە خەڵک و، هاندانیان بۆ مانەوە لە ماڵەکانیان وەک هەمیشە پشت و پەنای خەڵک بوون و هەن و لە پێناو سڵامەتیی گەل و نیشتماندا خزمەت دەکەن.




لەم نێوەدا ڕۆڵی پزیشکان و پەرەستاران و بە گشتیی کادری دەرمانیی بیمارستانەکان و ناوەندە بێهداشتییەکان بۆ هەمیشە شانازی پێوە دەکرێ. ئەوان جیا لەوەیکە لەو ماوەیەدا دوورییان لە ماڵ و خێزانی خۆیان تەحەممول کردوە و دەیکەن، ئامادەبوون و هەن کە بۆ پاراستنی گیانی هاونیشتمانانیان، سڵامەتیی خۆیان بخەنە مەترسییەوە. هەر لەم پێوەندییەدا زۆر بوون ئەو پزیشکە بەرێز و دڵسۆزانەی کە لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی ویدیۆ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، زانیارییان لە سەر چۆنیەتی خۆپاراستن لە تووشبوون بە کۆرۆنا بڵاو دەکردەوە. ئەوان بەوپەڕی بێئیمکاناتی و، زۆر جاران بە دەستی بەتاڵ هەموو هەوڵی خۆیان دا و لێی بەردەوامن کە هەر وەک ئاماژەی پێکرا گیانی هاونیشتمانەکانیان بپارێزن.

***

ئەوەی ئاماژەمان پێکرد تەنیا زەڕەییەک لەو ئیرادە ئینسانی و نەتەوەییەن کە ئەمڕۆژانە ئێمە لە شار و ناوچەکانی کوردستاندا دەیبینین. نموونەی ئەوەی لە کوردستان بەڕێوە دەچێ لە وڵاتان و لەنێو گەلانی دیکەشدا هەن و دەیانبینین، بەڵام ئەوەی لە نیشتمانی ئێمە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە دەچێ، شتێکی دیکەیە. ئەوەی گەلانی دیکە لە کۆمەڵگەکانی دیکە و لە زۆرێک لە وڵاتاندا دەیکەن، لەگەڵ ئەوەی لە کوردستانی ئێمەدا دەکرێ زۆری جیاوازی و تەوفیر هەیە. لەوانی دیکەدا دامەزراوەیەکی دێموکراتیکی خەڵکی هەیە بە ناوی "دەوڵەت" کە بە سەدان دامەزراوەی دیکەی ژێرکۆی خۆیەوە، بە هاوکاریی دەیان دامەزراوەی مەدەنی کە بە فەرمی ناسراون و مۆڵەت و پشتیوانیان هەیە کار دەکەن. بەڵام لە کوردستان ڕێژیمێکی نادێموکراتیکی داسەپاوی بێمەسئولییەت هەیە کە نەتەنیا گیان و ماڵی خەڵکی بۆ گرینگ نییە، بەڵکوو گیان و ماڵی هەموو ئەو کەسانەشی کە دەیانهەوێ بە دەستی بەتاڵ و تەنیا بە پشتی بەستن بە ئیرادەی خۆیان خزمەت بە خەڵک بکەن، خستۆتە مەترسییەوە. ئەوەی ئەمڕۆژانە لە وڵاتان و لەنێو گەلانی دیکەدا دژ بە پەتای کۆرۆنا دەکرێ، پشتیوانەیەکی زەبەلاحی مادی، سیاسی، ئەمنیەتی، دەرمانی و میدیایی لە پشتە کە ئاسایشی نەتەوەیی و نیشمانیی تیایدا هاوسانە بە مانای پاراستنی خەڵک و وڵات لە هەموو جۆرە بەڵایەک. بەڵام ئەوەی ئەمڕۆژانە لە کوردستان لە ئارادایە، هەوڵێکی ئازایانەی میللەتێکی دەست بەتاڵی بەڵام خاوەن ئیرادەیە، بۆ خۆپاراستن لە دوو بەڵا و پەتای گەورە بەناوی ویرووسی کۆرۆنا و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران کە هەر دووکیان هەرکام بەجۆرێک سڵامەتی و ئاسایشی نیشتمانی و نەتەوەیی ئەم میللەتەیان خستۆتە مەترسییەوە.

لە بەراوەردی ئەوەی ئەمڕۆژانە لە کوردستانی ئێمە و وڵاتانی دیکەدا دەگوزەرێ، جێی خۆیەتی وەک هەمیشە بە چاوی هیوا و دڵخۆشییەوە بڕوانینە خەڵکی خۆمان. کۆمەڵگەی کوردستان بەتایبەت لە ماوەی پازدە ساڵی ڕابردوودا نیشانی داوە کە خۆڕێکخستنێکی جەماوەری تیایدا شکڵی گرتووە کە دەکرێ خوێندنەوەی جۆراوجۆری بۆ بکرێ. بۆ خۆشییەوە کۆمەڵگەی کوردستان – بەپێچەوانەی هەموو ئەو هەوڵانەی کە لە لایەن سیستەمی دژیگەلییەوە بۆ کپکردن و بێتەفاوەتبوونی درا – لەسەر ئەساسی ئەو وشیارییە سیاسی و نەتەوەییەی کە هەیەتی، کۆمەڵگەیەکی لەسەر هەست و لەسەر پێیە.

وەک زۆر جار باسی لە سەر کراوە، بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان کە کۆڵەکە ئەساسییەکانی لە سەر هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی مافی نەتەوەیی لە چوارچێوەی مافی دیاریکردنی چارەنووس، بنیات نراوە، پاشخانێکی دەوڵەمەندی لە خەبات و تێکۆشانی فرەڕەهەندا هەیە کە هەر هەموویان جێی شانازی پێوەکردنن. ئەوەی لەم قۆناغە لە خەباتی جەماوەریی خەڵکی کوردستاندا خاوەنی زۆرترین کاریگەری لە سەر ڕێکخستنی ڕەفتارەکانی خەڵکە، کۆی ئەو جموجۆڵانەیە کە لە نێوخۆی وڵات و لە نێو کۆمەڵگەدا بوونی هەیە. بە خۆشییەوە یەکانگیربوونی خەبات و تێکۆشانی چالاکان و ڕێکخراوەکانی نێوخۆی وڵات لە چوارچێوەی جموجۆڵی مەدەنی، لەگەڵ خەباتی سیاسیی حیزبەکان، هێزێکی تۆکمە و پتەوی بە جۆری خەباتی جەماوەری لە نێوخۆی وڵات بەخشیوە. درووستبوونی ئەم متمانەپێکردنە لە نێوان بەستێنە جیاوازەکانی خەباتدا، دیاردەیەکی بەهێزی لە "یەکڕیزی و یەکگرتوویی" لە نێو کۆمەڵگەی کوردستاندا درووست کردوە کە بەخۆشییەوە نەتەنیا هەستی پێ دەکرێ، بەڵکوو بە تەواوی بۆتە هۆکارێکی سەلمێندراو بۆ بوونی ئەو نیزامە خۆبەڕێوەبەرییەی کە ئێمە لەم زەمەنە لە خەباتی نەتەوەکەماندا بە ڕەفتاری کۆمەڵگەی کوردستانەوە دەیبینین.

## دارسمە

دارسمە دەنووکی
لە سمین ناپارێزێ

# ساندنی گرێی سەوزەی سێزدەبەدەر

سێزدەبەدەری ئەمساڵ پێچەوانەی هەموو ساڵانی پێشوو سێزدە بەژوورەوە بوو. دیارە سێزدە بەژوورەوەی ئەمساڵ زۆر پێش نوێبوونەوەی ساڵ دەستی پێکردبوو و چوارشەممە سوورەشی گرتەوە. ئەوخەڵکانەی ساڵی ساڵان بەسەر ئاگری ئێوارەی سێشەممەی ئاخری ساڵ بازبازدێنیان دەکرد و بە ئاگریان دەگوت: "زەردیی من بێتە تۆ و سووریی تۆ بێتە من"، ئەمساڵ لە ترسی ڤایرۆسکەیەکی بچووک کە بە چاو نابینرێ، نەیانوێرا لەدەوری ئاگر لە یەکتر کۆببنەوە.

ئەم چوارشەممە سوورەیەی ڕابرد، نەیهێشت پیرەپیاوان و پیرەژنان بە هەڵپەڕین و داپەڕینی سەر ئاگری گەنجەکان نا، بەڵکوو بەو دەستبازییە دزەکییانە پێبکەنن کە گەنجەکان هەتا پاریش وایاندەزانی بەساڵاچووەکان ئاگایان لێی نییە.

بەزمی چوارشەممە سوورەکە هەرچەندە لە ئێران باش پێشی نەگیرا یان ئەگەر بوێرین بڵێین پێشیان پێنەگرت، بەڵام لە نەورۆز و سێزدەبەژووری ئەمساڵدا خەڵکەکە هەر لە ژوورەوە بوون.

ئەم لەژوورە بوونەوەش زۆر شتی دیکەی لێکەوتۆتەوە. ڕاوێژکارێکی یارمەتیدەری کێشە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆژێک پێش سێزدەبەژووری ئەمساڵ لە ئێران ڕایگەیاند، ڕۆژانە چەندین ئەوەندەی جاران لە لایەن ژن و مێردانی بێزار لەیەکەوە زەنگ بۆ ژمارە تەلەفۆنە تایبەتەکەیان لێدەدرێ و بە تایبەت ژن و مێردەکان سکاڵایان هەیە. دیارە زۆربەی ئەو ژن و مێردانەی بەهۆی ئەم سێزدەبەژوورەوە لە یەکتر بێزارن، ماوەیەک بەسەر ژیانی هاوسەرییاندا تێپەڕیوە و قسەی خۆمان بێت هەندێک جاریش پێیانوایە مامری دراوسێکەیان قازێکی سپی و قەڵە و گۆشتنە.

هەرچی ڕاوێژکارەکەیە باسی ئەمەی نەکردوە و زیاتر گوتوویەتی کێشەی ژن و مێردەکان لەسەر ڕاگرتنی پاکوخاوێنی و خۆپاراستن لە ڤایرۆسەکەیە. ڕاوێژکارەکە هەر ئاماژەی بە ئەوەندە کردوە و نەیگوتوە، مێردەکان بیانوویان بە نینۆکی لاکاویی ژنەکانیان گرتوە و گوتوویانە ئەم ڤایرۆسە حیزە خۆی لەژێر ئەم نینۆکە درێژانەدا حەشار دەدا. نەشیگوتوە لە سەر فڕێدانی جووتە ماسییە سوورە بچووکەکان لە نێو ژن و مێردەکاندا کێشە دروست بووە. ئاخر ساڵی ساڵان، ماوەی ئەوچەند ڕۆژەی ماسییە سوورەکانی سەر سفرەی حەوسین لە ماڵەوە دەبوون، ژن و مێردەکانیش کەمتر یەکتریان دەدی و لە ئاکامدا دیارە خۆیان باشتر دەزانن بە درۆ یان بە ڕاست پێدەکەنین و وایان دەنواند ژیانی ئەم دوو ماسیە بە ژیانی بەختەوەرانەی خۆیان دەشوبهێنن. بەڵام ئەمساڵ وا باشتربوو ماسییەکان زوو فڕێ بدرێنە نێو ڕووبارەکان. جا ئەودەم ماسیی گەورەتر هەڵیانبلووشێ یان لەگەڵ ئاوە ساردەکان نەگونجێن و دوور لە ئێوەی خوێنەر، بمرن.

خۆ ئەگەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نەبوایەن و لە ڕێگەی ئەم تۆڕانەوە دەنگ و سەدای نێو ماڵەکان نەهاتبایە دەرەوە، زۆر شتی دیکەش ڕووی دەدا. ئەم خەڵکە ئەوکاتەی دەچنە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش، بە خۆیان ناوەستن و زۆر شتی سەیر و سەمەرە دەکەن. دیارە ئێمە نە حەقمان هەیە لە خۆڕا قسە بۆ ئەو کەسانە هەڵبەستین کە دووبەدوو لە سەر ئەم تۆڕانە پەیام دەگۆڕنەوە و نە زۆر باشیش ئاگامان لە کەینە و بەینەیانە، بەڵام ئەوەی بەئاشکرا باسی دەکەن، لەبەرچاوی هەموانە.

ئەوەی لەگەڵ ئەم کۆڕۆنا و مۆڕۆنایە لە تۆڕە کۆمەڵایتیەکان دەرکەوت، وشەی "قەرەنتینە" یان "کەرەنتینە"یە کە دەگوترێ لە وشەی "کارەنتین"ی فەرەنسایی وەرگیراوە. دیارە ئەم خەڵکە هەر کەیفیان بە "کارەنتین" نایە و لێی بێزارن و زیاتر حەزیان لە ئازادی و سەربەخۆیی و هێندێک جار بەرهەڵڵاییشە، بۆیە لەگەڵ هاتنی ئەم کۆڕۆنایە بەگژی داهاتن و بەرەنگاری بوونەوە. وشەی "دابڕگە"، "هاوێرگە" و تەنانەت "دابەستە"شیان بۆ دانا. پاساوەکانیان ئەمە بوو کە دابڕگە و هاوێرگە لە دابڕین و هاوێرکردن وەگیراون کە دابڕین بە مانای لەیەک جیاکردنەوە و هاوێرگەش لە هەڵاواردنەوە وەرگیراوە. بەڵام بڕوا بکەن من ئەوەندە بە "دابەستە" پێکەنیوم، ژانە سکم گرتوە.

ڕەنگە ئەوانەی بەتەمابوون سەوزەی سێزدەبەدەر گرێ بدەن زیاتر لە قەرەنتینە یان ئێوە بڵێن "دابڕگە" یان "هاوێرگە" بێزارن. ئەوان بەتەمابوون بەهیوای بەیەک گەیشتن لەگەڵ کەسێکی دیکە، ئەم سەوزە و مەوزەیە گرێ بدەن، بەڵام بە خۆشییەوە بۆیان گرێ نەدرا. خۆ من گولی بەخیل نیم پێمخۆش بێ خەڵک بە یەک نەگەن، بەڵام ئەگەر بەیەکیش بگەن، هەر وەک ئەو ژن و مێردانەیان بەسەر دێت کە لە کاتی کەرەنتینە ئەوەندە بڕوبیانوو بە یەکتر دەگرن کە ڕاوێژکاری کاروباری ڕێنوێنیکردنی کۆمەڵایەتیش لە دەستیان بێزار دەبێ.

بەڵام وشەی دابەستە بۆ سکئێشەی پێم گرتوە؟ من کە ئێستا وەک دارسمە لەخزمەتتان دام، لەبەر ئەوەی زیاتر لە گوندان خەریکی دارسمینم، زۆر باش لەم وشە گوندییانە تێدەگەم. "دابەستە" بە حەیوانی وەردە یان جوانەگا دەگوترێ کە بۆ قەڵەوبوون، لە ژوورەوە ڕایاندەگرن و خاوەنەکانیان ئەوەندی پێیان دەکرێ خوراکی باشیان پێدەدەن و بە مەبەستی قەڵەوبوون و زیادکردنی گۆشتی لەشیان و قورسبوونیان خزمەتیان دەکەن. جا پێکەنینەکە لێرە دایە ئەگەر بەمجۆرە ئەم خەڵکەش دابەستە بن، دوای ماوەیەکی دیکە کە ئێزن دەدرێن بڕۆنە دەرەوە، لەبەر قورسایی شان و سنگ و سک و بیلامانییان ناتوانن هەنگاو باوێن. تۆ خوا ئێوش ئەم قەڵافەتانە بهێننە بەرچاوی خۆتان. بەڵام ئەوەندە پێمەکەنن سکتان بێشێنی.

# کارەساتی مرۆیی لە زیندانەکاندا بەڕێوەیە

## (بەیاننامەی ئەنجوومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبارەی ڕاکردنی زیندانیانی زیندانی سەقز)

لە کومەڵگای پێشکەوتوو و مرۆڤسالاری ئەمڕۆدا، یاسا پارێزەر و پشتیوانی بەها بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگایە و لە گرینگترینی ئەو بایەخانە، ڕێزگرتنە لە کەرامەتی زاتیی هەموو مرۆڤەکان، بەبێ لە بەرچاوگرتنی بارودۆخی کەسی یان کۆمەڵایەتیان. یەکێک لە گەورەترین ئاراستەکانی ئەو ڕێزگرتنە لە مرۆڤەکان، لە شێوازی ڕەفتاری دەوڵەت لەگەڵ کەسانی تۆمەتبار یان تاوانبار و زیندانیدا خۆی دەبینێتەوە.

لە وڵاتانی دێموکراتیکدا ئەو کەسانەی دەستبەسەر یان زیندانی دەکرێن، بەبێ لە بەرچاوگرتنی بڕ و گەورەیی ئەو تاوانەی کە بەهۆیەوە تۆمەتبار یان حوکم دراون، بەڕێزەوە و بە شێوەیەکی شایستەی مرۆڤ، مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ و نەتەنیا بێڕێزیان پێ ناکرێ، بەڵکوو لە هەموو مافەکانی تایبەت بە زیندانیان، بەهرەمەندن.

کۆماری ئیسلامی بە هۆی چیەتی نادێموکراتیک و دژیگەلی، نەتەنیا گوێ ناداتە یاسا و ڕێساکانی نێونەتەوەیی پێوەندیدار بە مافی زیندانیان، بەڵکوو بە شێوەیەک مامەڵە لەگەڵ زیندانیان دەکا، وەک ئەوەی هەر مرۆڤیش نەبن.

کۆماری ئیسلامی لە دۆخی ئێستادا کە نەخۆشی کۆڕۆنا بە هۆی ناکارامەیی سیستمی بەڕێوەبەریی وڵات، بەشێوەیەکی بەرین بڵاو بۆتەوە و لەم نێوەدا بە هۆی دۆخی نالەباری زیندانەکان لە ڕووی تەندروستییەوە، کە ئەگەری ئەوە هەیە کارەساتی مرۆیی لێبکەوێتەوە، هەروا لەسەر گوێنەدان بە دۆخی تەندروستی زیندانیان بێخەم و کەمتەرخەمە. هەر بۆیە ژمارەیەکی بەرچاو لە زیندانیانی زیندانی سەقز دوێنێ ٨ی خاکەلێوە لە دژی زیندانبانان ڕاپەڕیون و دەرگای زیندانیان شکاندوە و ڕایانکردوە.

یەکەم؛ بە ناسینێک کە لە کۆماری ئیسلامیمان هەیە و بە لەبەرچاو گرتنی پرۆسەی پڕ لە کەمایەسیی دادگایی و سزادانی تاوانباران لە کۆماری ئیسلامیدا، دەتوانین بڵێین بەشێک لەو کەسانەی زیندانی دەکرێن، لەڕاستیدا بێتاوانن و بە ناحەق زیندانی کراون.

دووهەم؛ لەجێدا لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا پێداویستیەکانی تەندروستی دابین ناکرێن و زیندانبانەکانی کۆماری ئیسلامی گوێ نادەنە دۆخی تەندروستی زیندانیان؛ هەر بۆیە زۆر جار دەبینین کە زیندانیان دوای ماوەیەک مانەوە لە زیندان تووشی چەندین نەخۆشی دەبن.

لە دۆخی ئێستا کە نەخۆشی کۆڕۆنا لە ئێراندا زۆر بڵاو بۆتەوە و مەترسی دروست بوونی کارەساتی مرۆیی لە زیندانەکاندا هەیە، بەشێک لە گرتووەکانی زیندانی سەقز، لەبەر بێبەش بوون لە مەرخەسی کاتی و مەترسیی گیرۆدەبوونیان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا و لەنێوچوونیان، ڕاپەڕیون و هەڵاتوون. ئێستا هێزە نیزامی و ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بەدوایاندان و مەترسی گرتنەوە و ئەشکەنجەدان و تەنانەت سەپاندنی سزای قورستریان بەسەردا هەیە، بۆیە ئێمە وەک ئەنجوومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆڕ و کۆمەڵە مروڤدۆستەکان لەو مەترسییانە ئاگادار دەکەینەوە و داوا دەکەین فشار بۆ کوماری ئیسلامی بێنن کە بە بەهانەی پێشێل کردنی یاسا، مافی زیندانیانی هەڵاتوو، کە ئەگەری دەسبەسەر کردنەوەیان هەیە، لەوە زیاتر پێشێل نەکا و ئەو کارە نەکاتە بیانوویەک بۆ سەرکوتی زیاتر؛ هەروەها فشار بۆ کۆماری ئیسلامی بێنن کە لە دۆخی مەترسیداری ئێستادا گرینگی بە پاراستنی سەلامەتی زیندانیان بدا و لە ئەگەری هاتنەئارای هەر چەشنە کارەساتێک ئاگاداری بکەنەوە.

**ئەنجوومەنی زیندانییە سیاسییەکانی**
**ڕۆژهەڵاتی کوردستان**
**٩ی خاکەلێوەی ١٣٩٩ی هەتاوی**

# یوسی کۆهەنی، سەرۆکی موساد دەچێتە شەڕی ئێران و ڤایرۆسی کۆرۆنا*



و: کەمال حەسەنپوور

کاتێک کە سەرۆک کۆمار بینیامین نەتانیاهو درەنگانێکی شەوی سێشەممە ڕایگەیاند کە سەرۆکی موساد، یوسی کۆهەن بەرپرسایەتی هەوڵەکان بۆ کڕینی کەرەستەی پزیشکی لە دەرەوەی وڵات دەگرێتە ئەستۆ، نەبووە هۆی سەرسوڕمانێکی زۆر.

هەر حەوتووی ڕابردوو، کۆهەن لە هاوردە کردنی ١٠٠ هەزار ئامێری تاقیگەییدا سەرکەوتوو بوو و نزیکەی چوار میلیۆنی دیکە بەڕێوەن.

ئۆرشەلیم پۆست ئەو کاتی بۆی دەرکەوت کە ئامێرەکان لە وڵاتانێک کڕاون کە پێوەندیی دیپلۆماتیکیان لەگەڵ ئیسرائیل نییە (دوایە ئەلجەزیرە ئاشکرای کرد کە وڵاتانی عەرەبی میانڕەوی کەنداوی فارسن)، یەکێک لەو هۆیانە بووە کە بۆچی موساد ئەو ئەرکەی بەڕێوە بردوە.

لەو کاتییەوە، کڕینی سەرسوڕهێنەری دیکەی کەرەستەی پزیشکی لە لایەن کۆهەن و موساد بەڕێوە چوون، چونکە ئەو ڕێکخراوە هەواڵگرییە دەستی بە گشت دونیا ڕادەگا و بەربەستەکان لە هەموو ڕێکخراوەکانی دیکەی ئیسرائیلی باشتر دەبڕێ. هەر بۆیە جێی سەرسوڕمان نییە کە نەتانیاهو بۆچی بۆ ئەرکێک کە گرینگییەکی لە ڕاددەبەدەری هەیە ڕوو لە کۆهەن دەکا، چونکە سەرۆکی موساد چەند ساڵە کاری دراماتیک و سەرسوڕهێنەری دژی ئێران بەڕێوە بردوون.

تەنانەت کاتێک کە کۆهەن بەرەوڕووی قەیرانی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەبێتەوە، وێدەچێ ئەو ئامادە بوون بۆ "ڕۆژی دواتر" و پێشهاتەکانی ئەوکاتی پاشگوێ ناخا، چونکە هەموو ئالنگارییەکانی سەر ئاسایشی نەتەوەیی کە بەرەوڕووی ئیسرائیل دەبنەوە، بە تایبەتی ئێران، مەترسی جیددین. وا مەزندە دەکرێ کە ڕوانگەی سەرۆکی موساد ئەوە بێ کە تەنانەت هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە دێنە ئاراوە، زۆربەی ئەو شتانەی کە دەبنە هۆی هەڵسوڕانی دونیا و ڕکەبەرییە درێژخایەنەکان لە نێوان نەتەوەکاندا بەردەوام دەبن.

شوێنهەڵگرتن و پێشگرتن بە پرۆگرامی ئەتۆمی و چالاکییە تێرۆریستییەکانی ئێران لە خۆرهەڵاتی ناڤین، هەروا ئامانجە سەرەکییەکانی کۆهەن دەمێننەوە.

هەنووکە هەڕەشەی کۆماری ئیسلامیی لەسەر ئیسرائیل چەندە؟ ژمارەکان و بەروارەکان بۆ ئەو باسە یارمەتیدەرن.

لە ١٤ی ژانوییە، سەرۆکی هێزە بەرگریکارەکانی ئیسرائیل، فەرماندەی گشتیی ژەنراڵ ئاڤیڤ کۆچاڤی گوتی کە ئێران تا پێش مانگی دێسامبر ئۆرانیۆمی پیتێنراوی پێویست بۆ موشەکێکی ئەتۆمی (نزیکەی ١٠٠٠ کیلۆ) نابێ، و پێویستی بە ساڵێکی دیکەیە تا بتوانێ موشەکەکە باوێ.

لە ٤ی مارس، ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی لە ڕاپۆرتێکدا باسی لەوە کرد کە ئایەتوڵڵاکان هەرئێستا هێندە ئۆرانیۆمی پیتێنراو بە پلەی نزمیان هەیە کە بتوانن ١،٥ بۆمبی ئەتۆمی پێ دروست بکەن، ئەگەر بیانهەوێ ئەو ئۆرانیۆمە بۆ ئاستی چەکی ئەتۆمی بپیتێنن. پێشگۆیی هێزە بەرگریکارەکانی ئیسرائیل چەندە هەڵە بوو، و بۆ ئیسرائیل لە ئاست تێپەڕ بوونی ئێران لە هێڵێکی سەرەکیی هێندە بێدەنگە؟

جوابی ئەو پرسیارە لە چەند بەش پێک هاتوە.

پێشتریش، کۆهەن و بەشێکی دیکە لە کاربەدەستانی ئاسایشی نەتەوەیی باسی ئەوەیان کردووە کە هێزە بەرگریکارەکانی ئیسرائیل پێی وایە کە ئێران هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەیە، بەڵام ئێرانی ئەتۆمی کەمتر لە موساد و نەتانیاهو وەک هەڕەشەیەکی دەستبەجێ دەبینێ. ئەوە لەگەڵ وتارە یەک لە دوای یەکەکانی بەرپرسانی هێزە بەرگریکارەکانی ئیسرائیل یەک دەگرێتەوە کە حیزبوڵڵا وەک مەزنترین هەڕەشە لە کورتخایەندا ناو دەبەن.

لە پێوەندیی لەگەڵ هاوتەریبی لەگەڵ نەتانیاهودا، کۆهەن وێدەچێ زۆر ڕوانگەی سەربەخۆ و تاکەکەسی هەبن، بەڵام وا هەڵکەوتوە کە ئەو و نەتانیاهو لەبارەی هەڕەشەی ئێران بۆچوونی هاوبەشیان هەبێ. کۆهەن لە وتاری گشتییدا گوتویەتی کە ئێران دەیهەوێ کاریگەریی لەسەر دونیا هەبێ و هێژمۆنی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بە دەستەوە بگرێ، و هەندێک نیشانە هەن کە دەریدەخەن کە کۆهەن پێیوایە لەوانەیە قەیرانی ڤایرۆسی کۆرۆنا ئەو هەڕەشەیەی وەدوا خستبێ، بەڵام کەمی نەکردۆتەوە.

بەشێک لە جیاوازیی هێزە بەرگریکارەکانی ئیسرائیل و موساد لە بارەی ئێران لەوە دایە کە موساد، تەنانەت لە کاتێکدا کە ئەرکی جیهانیی هەیە، جەختی سەرەکیی و سامانەکانی بۆ شوێنهەڵگرتن و بەربەرەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی تەرخان کردوە (لە ناویاندا لە سووریە). بە پێچەوانە، سامانەکانی هێزە بەرگریکارەکانی ئیسرائیل لە نێوان حەماس، حیزبوڵڵا، کەرتی خۆرئاوا و هەڕەشەی جۆراجۆری دیکە لە گەڵ ئێران دابەش بووبن.

بەشێکی دیکە لە جوابی ئەوەی کە بۆچی نە تەنیا هێزە بەرگریکارەکانی ئیسرائیل لە تێپەڕ کردنی هێڵی پیتاندنی ئۆرانیۆم بە پلەی نزم لە لایەن ئێران بێدەنگ بوو، بەڵکوو نەتانیاهوش بێدەنگ بوو ئەوەیە کە هیچکام لە دامودەزگا هەواڵگرییەکانی ئیسرائیل پێیان وانییە کە ئێران، تا ئێستا، گەیشتبێتە ئەو بڕیارە کە بەرەو دروستکردنی چەکی ئەتۆمی هەنگاو بنێ.

وێدەچێ کۆهەن بڵێ کە بڕیارێکی ئەوتۆ خاڵێکی وەرسووڕانی یەکلاکەرەوە دەبێ بۆ ئیسرائیل، تەنانەت ئەگەر ئێران ئامادەی هاویشتنی موشەکێکی ئەوتۆش نەبێ. بە ڕاستی ئیسرائیل چۆن، بە لەبەرچاو گرتنی ئەوە کە ئایەتوڵڵا فێڵبازەکان ئەو شتە بە ئاشکرا ڕاناگەیەنن، دەتوانێ هەڵسەنگاندن بۆ کاتی بڕیاری ئێران بکا؟ وا دێتە بەرچاو کە موساد تەنیا نەڕوانێتە نیشانەیەک.

لەجیاتان، جگە لە چاودێریی و کۆکردنەوەی زانیاری، چەند جۆر فاکتەری دیکەش هەن وەک گۆڕینی ئۆرانیۆم لە پلەی نەزمی پیتێنران بۆ پلەی بەرزتر، یا وەدەرنانی پشکێنەرانی ئاژانسی ناونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی و شتی دیکە، کە وێدەچێ موساد بگەیەنێتە ئاکامی مەبەستەکانی ئێران.

لە هەندێک ڕوانگەوە، پرسی دەستنیشانکردنی ئەو ساتەوەختە لە وانەیە بۆ کۆهەن کەمتر لە خۆ ئامادە کردنی پێشوەختە گرینگ بێ.

بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە، وێدەچێ ڕوانگەی موساد ئەوە بێ کە بۆ سەرکەوتوویی هێرشێکی پێشگیرانەی ئەوتۆ لە بواری ئۆپەراسیۆنی و سیاسییەوە، لە پێشدا پلاندانانی پێشکەتووی بەربڵاو و ڕاهێنان پێویست بێ. کاتێک کە ئێران بڕیاری کۆتایی بۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆمی بدا، ئیسرائیل ساڵێکی تەواوی بۆ ڕێکخستنی هەموو شتێک نابێ.

ئەو لەوانەیە ددان بەوە دابنێ کە هەڵوێستی ناوبراو هێرشبەرانەیە، بەڵام ئەو پێت دەڵێ کە هەڕەشەکە لە خەڵکی دیکە ئاشکراتر دەبینێ و وا نانوێنێ کە دۆخەکە سەقامگیرە.

کۆهەن پشتگەرمە و هەست بە سەلمێنرانی ئۆپەراسیۆنەکانی پێشووی لە لایەن ڕاپۆرتی مانگی مارسی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی دەکا. بەڵگەی ئەو مەسەلە ئەوەیە کە ئاژانسی ئەتۆمی هەموو ئەو زانیارییە سیخوڕییانەیان لەبەرچاو گرتن کە موساد لە ئۆپەراسیۆنی مێژوویی ژانوییەی ٢٠١٨ لە نێو جەرگەی تاران گەلێک لە نهێنییەکانی ئەتۆمییان وەدەست هێنا. ئۆپەراسیۆنەکە بووە هۆی ئاشکرابوونی ئەوە کە ئێران هەوڵی شاردنەوەی کام لایەنی بەرنامەی مۆشەکی ئەتۆمی لە ئاژانسی ناونەتەوەیی وزە ئەتۆمی داوە. ئەو بە هەمان شێوە ئاشکرای کرد کە کۆماری ئیسلامیی کەرەستەی ئەتۆمی لە شوێنێک بە نێوی تورقوزاباد شاردۆتەوە. وێدەچێ کۆهەن ببینێ کە ئەو ئاشکرا کردنانە شتێکی دەست پێکردوە کە ئاژانسی نێونەتەوەیی وزە و تاران بخاتە سەر ڕێگای پێکدادان. یەکتر تۆمەتبار کردنە ئاشکراکانی ئەو دواییانەی ئاژانسی ناونەتەوەیی وزە و ئێران، دوای خۆبواردنی ئایەتوڵڵاکان لە ڕێگەپێدانی ئاژانس بۆ دەستڕاگەیشتن بە هەندێک شوێنی جێگەی گومان کە موساد ئاشکرای کردبوون، چڕتر بوونەوە.

لە سێپتامبری ٢٠١٩، ئۆرشەلیم پۆست ئاشکرای کرد کە مەزنترین دەستکەوتی موساد لە ئۆپەراسیۆنی ژانوییەی ٢٠١٨، ئەوە بووە کە نەخشەی ئەو پێگەیانە ئاشکرا بکا کە ئێران ویستوویەتی لەوێدا لایەنەکانی بەرنامە ئەتۆمییەکەی بشارێتەوە. لەوانەیە کۆهەن بڵێ کە سەرۆکی نوێی ئاژانسی ناونەتەوەیی وزە، ڕافائێل ماریانۆ گرۆسی، بۆ زەخت خستنە سەر ئێران تا ئەرکە نێونەتەوەییەکانی بەجێ بێنێ، زۆرتر لە سەرۆکی پێش خۆی، یوکییا ئامانۆ، شایانی پێزانینە.

گرۆسی ئامادەیە کە ئەگەر کۆماری ئیسلامیی بەرپرسیارییەکانی پێشێل بکا، دژکردەوەی هەبێ. بە پێچەوانە، ئامانۆ هەوڵی دەدا خۆ لە کێشە لەگەڵ ئێران لەسەر ڕێککەوتنی بەرجام، تا ئەوکاتەی کە ئێران ڕێگا بە پشکنینەکانی ئاژانس بدا، بپارێزێ. هەرچۆنێک بێ، ئامانۆ بۆخۆی ڕێککەوتنەکەی واژۆ کردبوو.

کۆهەن وا بیر دەکاتەوە کە لەبەر قەیرانی ڤایرۆسی کۆرۆنا، ئێران ناتوانێ بە هەمان خێرایی لە پیتاندنی ئۆرانیۆم و بەشە پێوەندیدارەکانی دیکەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی بەردەوام بێ. ئەو وێدەچێ پێی وابێ کە ئێران یەکێک لەو وڵاتانەیە کە بە توندترین شێوە گیرۆدەی ئەو قەیرانە بووبێ و هیچ شوێنێکی ئەو وڵاتە و بەڕێوەبەرییەکەی، لە نێویاندا پسپۆڕە ئەتۆمییەکانی ئێران، نییە کە لەوە پارێزراو بن. بە گوێرەی ئەو بیرۆکەیە، تێکەڵاوی قەیرانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەگەڵ گەمارۆ بەربڵاوەکان کە پێش سەرهەڵدانی ئەو قەیرانە ئێرانیان چەماندبۆوە، توانایی ئەوەی هەیە کە ببێتە گەورەترین مەترسی بۆ سەر سەقامگیریی ڕێژیم کە تا ئێستا بەرەوڕووی بۆتەوە. کۆمەڵگەی هەواڵگریی ئیسرائیل لەسەر ئەو بڕوایەیە کە قەیرانەکە لەوەی خراپترە کە کاربەدەستان باسی دەکەن، لە کاتێکدا کە ئەوان هەر ئێستا وێنەی مەرگەسات و گیرۆدەبوونێکی مەترسیداریان باس کردوە. بەڵام، موساد بۆ هەر شێوە هەڕەشەیەکی ئێرانی کە لە قەیرانی ڤایرۆسی کۆرۆنادا سەرهەڵدا ئامادەیە.

## کوشتنی سولەیمانی

ناکرێ باسی شتی پێوەندیدار بە ئێران، بێ ئاماژە کردن بە کاریگەریی کوشتنی قاسم سولەیمانی سەرۆکی سپای قودس لە ١٣ی ژانوییە لە لایەن ئەمریکاوە بکەی. بەڵام بۆچی هەر وڵاتە یەکگرتووەکان؟

لە نێوەڕاستی ژانوییە، ئێن بی سی ڕایگەیاند کە ئیسرائیل لە بە ئامانجگرتن و کوشتنی "قاسم سولەیمانی"دا یارمەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی داوە، ڕاپۆرتێک کە ناڕاستەوخۆ لە لایەن وەزیری بەرگریی پێشوو، ئاڤیگدۆر لیبەرمەن، پشتڕاست کرایەوە.

ئۆرشەلیم پۆست تێدەگا کە زۆر شتی دیکەش، جگە لەوەی کە ئەو ڕاپۆرتانە ئاشکرایان کردوە هەن، بەڵام لە بەرژەوەندیی ئیسرائیلدایە کە تێوەگلانی خۆی لەو مەسەلەدا کم نیشان بدا، هەر وەک ئەو کارەی کە نزیکەی ١٠ ساڵ لەبارەی هێرشی خۆی بۆ سەر ڕێیاکتۆرە ئەتۆمییەکەی سووریە کردی. لەگەڵ ئەوەشدا، بێ ئەوەی کە شتی زیاتر ئاشکرا بکا، نیویۆرک تایمز باسی ئەوەی کردوە کە دەزگای هەواڵگریی ئیسرائیل لە ٢٠١٨ بە وڵاتە یەکگرتووەکانی گوتوە کە سولەیمانی خەریکی کۆکردنەوەی موشەکی دوورهاوێژ و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی کوشندە لە عێراق کۆ کردوونەوە تا بەرەیەکی نوێی بەوەکالەت دژی ئیسرائیل بکاتەوە. ڕاپۆرتەکە ئاشکرای دەکا کە کاربەدەستانی ئیسرائیل لە پێوەندیی لەگەڵ سولەیمانی زۆر پێش ٢٠٢٠ لەگەڵ کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان کاریان کردووە.

## سپای پاسداران دوای سولەیمانی

هەڵوێستی ئیسرائیل بەرامبەر بە سوپای قودسی دوای سولەیمانی چییە؟ جێگرەوەی سولەیمانی، ژەنراڵ ئیسماعیل قائانی، وەک ئەستێرەیەک یا هەڕەشەیەکی وەک سولەیمانی سەیر ناکرێ، هەم لەبەر پێشینەی ناوبراو وەک کەسێکی پشت شانۆ و یاریدەدەری سولەیمانی بۆ ماوەی ١٠ ساڵ و لەبەر ئەوە کە شارەزایی کەمتری لەسەر ئیسرائیل و ئۆپەراسیۆنەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست هەیە. قائانی بەشێکی بەرچاوی تەمەنی کاریی خۆی لە ئۆپەراسیۆنەکانی ئێران لە پاکستان و ئەفغانستان تێپەڕ کردوە، ئەگەرچی ئەو زۆر سەرقاڵی گواستنەوەی میلیشیا شیعەکانی ئەفغانستان بۆ شەڕی سووریە و یەمەن بووە. بەپێچەوانە، سەید محەممەد حوسێنزادە حیجازی، کە پلەکەی بۆ جێگرەوەی قائانی بەرز کراوەوە، وەک هەڕەشەیەکی زۆر جیددیتر سەیر دەکرێ. هۆیەکەی هەم ناوبانگی ناوبراو وەک کەسێکی چالاکتر لەناو سپای پاسداراندا و هەر وەها تێوەگلانی قووڵی ناوبراو لە بەرزکردنەوەی ئاستی هەنگێویی موشەکەکانی حیزبوڵڵا بۆ کەڵکوەرگرتن دژی ئیسرائیلە. لەگەڵ ئەوەشدا، سولەیمانی وەک کەسێک سەیر دەکرێ کە کەس ناتوانێ جێگای بگرێتەوە، و بوونی قائانی وەک سەرۆکی نوێ، چاوەڕوان دەکرێ دەسەڵات و توانایی سپای قودس، لە هەلومەرجی مەترسیداردا کەم کردبێتەوە.

## بۆ پشتیوانی لە دانی پارە لەلایەن قەتەر بە حەماس دەکرێ؟

شوێنێکی سەرەکیی دیکەش کە ناوی کۆهەن دێتە بەرباس زانیاریی ئاشکرابوو لە لایەن لیبەرمەن لەبارەی تێوەگلانی کۆهەن لە ڕێکخستنی بەردەوامیی چوونی پارە لە قەتەر بۆ پێشگرتن لە تێکڕمانی ئابووری غەززەیە. لەوانەیە کۆهەن بە درکاندنی لیبەرمەن سەرسام نەبووبێ، بەڵام پرسیارەکە لە جێی خۆیدایە کە بۆچی موساد وا ڕاستەوخۆ لە وتووێژەکان بۆ دابینکردنی پارە بۆ غەززە، کە لە لایەن حەماسەوە بەڕێوە دەچێ، تێوەگلاوە.

سێ وشە بۆ جوابی ئەو پرسیارە هەن: ئیسرائیل بێدەنگیی دەوێ. پارەی قەتەر بۆ ئەوە نییە کە لەگەڵ حەماس وەک هەڕەشەیەکی سەربازی مامەڵە بکرێ. پارەکە پێوەندی بە ئابووری غەززە بە شێوەیەکی بەربڵاوتر هەیە، تا پێش بەوە بگیرێت کە حەماس هێندە بێ دەرەتان نەبێ کە بە هۆی زەختی ئابووری دەست بە شەڕ بکا، تەنانەت لە کاتێکدا کە شەڕی نەوێ.

سەرۆکی موساد وێدەچێ لایەنگری بۆچوونێک بێ کە پارەی قەتەر بە هەڕەشەی سەربازیی حەماس نەبسترێتەوە، هەڕەشەیەک کە تەنیا بە هێزی سەربازیی ئیسرائیل جێبەجێ نابێ. هەرکەسێک کە ڕوانگەیەکی دیکەی هەبێ لەوانەیە موساد وەک کەسێکی عەودالی ئەفسانە سەیری بکا. وێدەچێ کۆهەن لایەنگری درێژەپێدان بە ڕێککەوتنی هێمنی-لەبەرامبەر-هێمنی لەگەڵ حەماس دابێ، کە هەر شێوە توندوتیژییەک لە لایەن ئەو ڕێکخراوە تێرۆریستییە بە توندی وەڵام بداتەوە، هاوکات تا ئەو کاتەی هێمنی بەردەوامە دەرفەتی ئابووری زیاتر بۆ غەززە برەخسێنێ.

## سودان

موساد لە ڕادەبەدەر شانازی بە پێشوەچوونە مێژوویی و سەرسوڕهێنەری پێوەندیی سیاسی نێوان ئیسرائیل و سودان دەکا. ئەگەرچی نەتانیاهو زۆربەی پێزانینە گشتییەکانی بە نسیب بووە و شیاویشیەتی، بەڵام سەرکەوتنەکە بەرهەمی دوو فاکتەری دیکەش بوو. هەوڵی بەردەوامی کۆهەن، کە تا دوایین هەوڵی سەرکەوتوو، بێ ئاکام مابوونەوە و باسیان لێوە نەکرابوو هۆی سەرەکیی بوو. شیاو بوونی کات بۆ لایەنی سودانی هۆیەکی مەزنی دیکە بوو. بەڵام جارێکی دیکە، کۆهەن وەک کلیلەی جێبەجێ کردنی پرسێکی ئاڵۆز بۆ وڵات دەرکەوت.

## کاریگەریی کۆرۆنا لەسەر ئۆپەراسیۆنە هەواڵگرییەکان

لەو کاتەدا زەختێکی نائاسایی کەوتۆتە سەر دەزگا هەواڵگرییەکان بە موسادیشەوە. چونکە هەموو لێوەشاوەیی و تاکتیکە ژیرانەکانی دونیا ناتوانن لە بەرامبەر هەڕەشە بایۆلۆژیکییەکەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، پارێزگاریی لە سیخوڕان لە چوار گۆشەی جیهان بکەن. هەڵبەت، سیخوڕ دەبێ زۆرتریش لەبارەی چوونە دەر لە ماڵەوە وریا بێ، بەڵام هەندێک چالاکیی سیخوڕیی پێویستە هەڵپەسێردرێن.

لەوانەیە کۆهەن بڵێ کە موساد خۆی وەک هەر دەزگا هەواڵگرییەکی باش لە کاتی دۆخی ئالنگاریکەردا دەگونجێنێ، و لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانێ دەوری خۆی ببینێ.

## هاوکاریی هەواڵگریی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل

موساد لە ئاڵوگۆڕەکانی ئەو دواییانەی کۆمەڵگەی هەواڵگریی وڵاتە یەکگرتووەکان، دوای ئەوەی کە سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتە دۆناڵد ترامپ، جۆزەف مەکگوایەری لەسەر کار لابرد و ڕیچارد گرەنەلی وەک بەڕێوەبەری کاربەڕێکەری هەواڵگریی نەتەوەیی دەستنیشان کرد، لە کاتێکدا کە جان ڕاتکلیفی وەک جێگرەوەی گرەنەل ناوزەد کرد نیگەران نییە. هەردوو گرەنەل و ڕاتکلیف لە لایەن ڕەخنەگرە ئەمریکاییەکانی ترامپ لە نێو کۆمەڵگەی هەواڵگریی وڵاتە یەکگرتووەکاندا کەوتوونە بەر هێرشی ڕەخنەی وەک لێنەهاتوو، دەستنیشانکراوی سیاسی کە بە ئاشکرا خۆ لە پرۆسە هەواڵگرییەکان هەڵدەقوتێنن کە بەپێی نەریت ئەرکی کاربەدەستە ناسیاسیەکانی دەزگای هەواڵگرین.

بۆ کۆهەن، کە پێوەندیی تاکەکەسی گەلێک باشی لەگەڵ سەرۆکی سی ئای ئەی جینا هاسپەل، وەزیری کاروباری دەرەوە مایک پۆمپێئۆ و تەنانەت خودی ترامپ هەیە، بەو مانایەیە کە بەرژەوەندی هەواڵگریی دوولایەنە لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕووبەڕووبوونەوە ناوخۆییە سیاسییەکانی واشینگتۆن دەپارێزرێ. کۆهەن هەروەها لە چەند پلاتفۆرمی جیاوازدا لە چەند ساڵی ڕابردوودا بە ئاشکرا گوتوویەتی کە خولیای کاری سیاسی لە داهاتوودا هەیە.

لە نێوان ئێران، سودان و ئێستا دەوری بەرچاوی لە شەڕ دژی ڤایرۆسی کۆرۆنا، کاتێک کە نۆبەی بێ، ئەو کارنامەیەکی دوورودرێژی پێدەبێ بۆ هەر کارێک کە داوای بکا.

* ئۆرشەلیم پۆست – یوناح جێرێمی باب



# کوژران و بریندار بوونی ٢٤٠ کۆڵبەر، گرتنی ٨٥٤ چالاکی سیاسی، ئێعدامی ٤٦ بەندی و خۆکوشتنی ٢٥٣ کەس لە کوردستان

**(کۆبەندی ڕاپۆرتەکانی وەرزانەی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبارەی پێشێلکرانی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی ١٣٩٨ی هەتاویدا)**

لە درێژەی پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی دەزگای قەزایی و دامودەزگا سیاسی و ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی، لە ماوەی ساڵی ١٣٩٨ هەتاویشدا لانیکەم ١٦٢١ حاڵەتی زبری پێشێلکردنی مافی مرۆڤ ڕووی داوە. با بەخێرایی چاوێک بەسەر چەند حاڵەتێکی زبری پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە کوردستان لەم ساڵەدا بخشێنین:


نادر کەریمی، خەڵکی دێولان لە ناوچەی سنووریی پیرانشار بە تەقەی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی کوژرا.

### کۆڵبەرکوژی

لە کاتێکدا کۆڵبەرکوژی و سەرکوت و کوشتاری خەڵکی کاسبکاری ناوچە سنوورییەکان بەشێکی سەرەکیی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستانە، لە ماوەی ئەم ساڵەدا ٢٤٠ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆ، تەقینەوەی مین، بەربوونەوە لە بەرزایی لە سۆنگەی ڕاوەدوونان و هەروەها ڕەقهەڵاتن لە سەرما گیانیان لەدەست داوە و بریندار بوون. وردەکارییەکان دەریدەخەن کە لەو ٢٤٠ قوربانییەی ئەمساڵ ٧٣ کەسیان کوژراون و گیانیان لەدەست داوە، هەروەها ١٦٧ کەسیش بریندار بوون.

کوژران و برینداربوونی ٢٤٠ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد لە ساڵی ٩٨ی هەتاوی لەحاڵێکدایە کە هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ساڵی پێشتریشدا ٢٤٢ کۆڵبەر و کاسبکاریان دابووە بەر دەستڕێژی چەکەکانیان.

هەر لە پێوەندی لەگەڵ ڕەفتار و کارنامەی کوردکوژیی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیدا ڕۆژی چوارشەممە ١١ی بەفرانبار لاوێکی خەڵکی گوندی "سیس سەر بە شاری دێولان لە پارێزگای سنە بە ناوی "نادر کەریمی" لەکاتی ڕۆشتن بۆ هەرێمی کوردستان و لەلایەن سپای پاسدارانەوە دراوەتە بەر دەستڕێژ و کوژراوە.

ڕۆژی چوارشەممە ١١ی بەفرانباریش، لە نزیک چۆمی "سۆفی ئاوا"ی شاری "جوانڕۆ" تەرمی یەکێک لە خۆپیشاندەرانی ئەو شارە بە ناوی "هاشم مورادی" دۆزراوەتەوە. بە پێی زانیارییەکان لە کاتی دۆزینەوەی جەستەی بێ گیانی ئەم شارۆمەندە کوردە، جێگای ئەشکەنجە بە ڕوونی بە جەستەیەوە دیار بووە.

ڕۆژی پێنج شەممە ١٩ی بەفرانبار تەرمی "سەردار ئەعزەمی" خەڵکی بەخشی شاهۆ سەر بە شاری ڕوانسەر لە پارێزگای کرماشان، لە زێدی خۆی ئەسپەردەی خاک کراوە. سەردار ئەعزەمی ڕۆژی شەممە ٢٥ی خەزەڵوەر و لە ڕەوتی خۆپێشاندانەکانی مانگی خەزەڵوەری ئێران لە شاری پەرەند سەر


موژگان کاووسی، ژنە کوردی دانیشتووی خەڵکی کەلاردەشت بە تۆمەتی ئەندامەتیی حیزبێکی کوردیی دژبەری ڕێژیم سزای 76 مانگ زیندانیی بەسەردا سەپاوە.

بە پارێزگای تاران ون ببوو و لەو کاتەوە هیچ زانیارییەک لە سەر چارەنووسی ناوبراو لە بەر دەستدا نەبوو. حەوتوویەک دواتریش تەرمی نادر ڕەزایی ئابتاف، خەڵکی کرماشان پاش گیان لەدەستدان لەژێر ئەشکەنجەی هێزە ئەمنیەتییەکانی حکوومەتی ئێراندا ڕۆژی ٨ی بەفرانبار ڕادەستی بنەماڵەکەی کراوەتەوە و بە خاک سپێردراوە.

### ڕەشبگیر و گرتنەکان

لە ماوەی ساڵی ١٣٩٨دا ئەوەندەی سەرچاوەکانی هەواڵ پشتڕاستیان کردۆتەوە و دەستیان بە زانیارییەکان ڕاگەیشتووە، ٨٥٤ کەس لە خەڵکی ئاسایی و چالاکانی مەدەنی و سیاسی لەلایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانەوە بەتۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی و سیاسی لە دژی کۆماری ئیسلامی و بەرژەوەندییەکانی ئەو ڕێژیمە گیراون. هەروەها لە ڕەوتی سەرکوتی خۆپیشاندانەکانی خەزەڵوەر لە کوردستان دەیان کەس کوژران کە ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناو و نیشانی لانیکەم ٤٥ کەس لەوانی تۆمار کردوە.


سەردار ئەعزەمی، خەڵکی ڕوانسەر کە لە خۆپێشاندانەکانی مانگی خەزەڵوەردا گیرابوو، ڕۆژی ١٨ی بەفرانبار تەرمی سووتاوی ڕادەستی بنەماڵەکەی کراوەتەوە.

لەو ٨٥٤ کەسەی لە ماوەی ئەمساڵدا دەسبەسەر کراون، لانیکەم ٢٠١ کەسیان دادگایی و سزای لە سێ مانگ تا سزای درێژخایەنی ٣٠ ساڵ زیندانیان بەسەردا سەپاوە و سەرجەم ١٠٤٠٢ مانگ (٨٦٦ ساڵ و ١٠ مانگ) زیندانیان بەسەردا سەپاوە. هەروەها ٢ بەندکراوی کوردیش بەتۆمەتی موحاربە و ئەندامەتیی حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە و ٥ بەندکراوی کوردیش لەژێر ئەشکەنجە یان بەهۆی پێڕانەگەیشتنی پزیشکی لە گرتووخانەکان و ناوەندە ئەمنیەتییەکاندا گیانیان لێ ئەستێندراوە.

شایانی باسە لە ماوەی ساڵی ١٣٩٧یشدا لانیکەم ٦٤١ کەس لە خەڵکی ئاسایی و چالاکانی مەدەنی و سیاسی لە لایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانەوە بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی و سیاسی لە دژی کۆماری ئیسلامی ڕێژیم گیرابوون.

### ئێعدامەکان

ئاماری ئێعدامەکان لە کوردستان لە ماوەی ساڵی ١٣٩٨دا لانیکەم ٤٦ کەس بووە کە بەپێی ڕێژەی حەشیمەتی کورد لە ئێران و ئاماری ئێعدامەکان لەو وڵاتە، لەو بوارەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤیشدا کورد هەر بەشی شێری بەرکەوتووە. بەشی هەرە زۆری ئەو کەسانەی لە ساڵی ١٣٩٨ لە کوردستان ئێعدام کراون، بەتۆمەتی پێوەندیدار بە مادەی هۆشبەر و کوشتنی بەئانقەست لەدار دراون.

دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی ساڵی ڕابردووش لانیکەم ٤٩ زیندانیی کوردی لەدار دابوو کە شەش کەسیان زیندانیی سیاسیی سەربە حیزبە کوردییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی و ٨ بەندکراویشیان بەتۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی لە دژی کۆماری ئیسلامی (ئەندامەتی لە گرووپە سەلەفییەکاندا) ئێعدام کرابوون.


لوقمان وەحید، خەڵکی شیناوێی پیرانشار کە لە کاتی کۆڵبەریدا چاو و لاقێکی لەدەست داوە.

### قوربانییانی تەقینەوەی مین

ژمارەی قوربانییانی مینە لەکارنەخراوەکان لە ساڵی ١٣٩٨دا لانیکەم ٤٨ کەس بوو کە ناو و ناسناوی ٢٠ کەس لەوان بۆ میدیاکان و ناوەندەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ ئاشکرا بووە. وردەکارییەکان دەڵێن لەو ٢٠ کەسە ١٤ کەسیان بریندار و نقوستان بوون و ٦ کەسیشیان گیانیان لەدەست داوە؛ بەڵام بەدڵنیاییەوە ئاماری ورد و دەقیقی قوربانییانی تەقینەوەی مین _ بەهۆی ئەوەی هەواڵدەرییە ڕەسمییەکان خۆ لە بڵاوکردنەوەیان دەبوێرن یان ناوی قوربانییان ئاشکرا ناکەن_ لەوەندە زیاترە کە ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان تۆماری کردوە.

چاونیوز، ماڵپەڕی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێ ساڵی پێشتریش (١٣٩٧) لانیکەم ٨٤ کەس بەهۆی تەقینەوەی مین کوژرابوون و بریندار ببوون کە زانیاریی تەواو لەسەر ٤٨ کەس لەوان ڕاگەیەندرابوو. لەو ٤٨ کەسە ٣٧ کەسیان بریندار و نقوستان ببوون و ١١ کەسیشیان گیانیان لەدەست دابوو.

ئامارە ڕەسمییەکان دەڵێن زیاتر لە ١٦ میلیۆن مینی پاشماوەی شەڕی عێراق و ئێران لە خاکی ئێراندا هەڵنەگیراونەتەوە، هەروەها لە ساڵی ٦٧ ی هەتاوییەوە کە شەڕی ئێران و عێراق کۆتایی هاتووە تا هاوینی ساڵی ٩٣ ـکە دوایین ئامارە ڕەسمییەکان لەو پێوەندییەدا بڵاوبوونەتەوە_ هەرنەبێ ٣٦٨ کەس لە کوردستان بەهۆی تەقینەوەی مین گیانیان لەدەست داوە و ١٦٠٠ کەسیش بریندار بوون.


شەهرام کازمیان کە بە بڕیاری لقی ٢ی دادگای شۆڕشی ورمێ بە سەرۆکایەتیی دادوەر "شێخلوو بە تۆمەتی هاوکاریکردنی حیزبێکی کوردیی دژبەری ڕێژیم دادگایی کراوە و سزای ٥ ساڵ زیندانی تەعزیریی بەسەردا سەپاوە. ئەم حوکمە ڕۆژی ٢٠ی ڕەشەمە، بەم زیندانییە لە زیندانی ناوەندیی ورمێ ڕاگەیەندراوە.

### خۆکوژی

خۆکوژی لە کوردستان دیاردەیەکی خەفەتباری دیکەیە کە بەهۆی بێمافی و هەروەها پەراوێزخرانی کوردستان لەلایەن حکومەتەوە خەسارەکانی لەچاو ناوچەکانی دیکەی ئێران گەلێ زیاترە. ئامارەکانی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاماژە بەوە دەکەن کە لەمساڵدا لانیکەم ٢٥٣ کەس لەو سەدان کەسەی بەهۆی جۆراوجۆی وەک هەژاری، بێهیوایی و کێشەی خێزانییەوە هەوڵی خۆکوژییان داوە، هەوڵەکانیان بەداخەوە سەرکەوتوو بووە و کۆتاییان بە ژیانیان هێناوە. لەو ٢٥٣ کەسە ١٢١ کەسیان ژن و ١٣٢ کەسیان پیاو بوون و کەم تەمەنترینیان کچێکی ١٣ ساڵ و بەتەمەنترینیان پیاوێکی تەمەن ٦٦ ساڵ بووە. "چاونیوز" ڕایگەیاندوە کە ساڵی ڕابردووش (١٣٩٧) لانیکەم ١٧٠ کەس لە کوردستان خۆیان کوشتبوو کە ٦٢ کەسیان پیاو و ١٠٨ کەسیان ژن بوون.

هەروەها ئاماری پەنابردن بۆ خۆکوژی لەو ماوە زەمەنییەدا زیاتر لە دوو هێندەی قوربانییانی ئەو دیاردەیە بووە کە یان خۆکوژییەکانیان سەرکوتوو نەبوون یان کەسوکاریان بەوەخت توانیویانە بە هانایانەوە بچن و لە مردن ڕزگاریان بکەن.

### قوربانییانی ڕووداوی کار

ژمارەی قوربانییانی ڕووداوی کار لە کوردستان لە ماوەی ساڵی ١٣٩٨دا زیاتر لە ١٨٠ کەس بووە کە ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناو و شوناسی ٥٤ کەس لەوانی تۆمار کردوە، ئەوە جیا لەو سەدان کەسەی بەهۆی ڕووداوی کار و لە نەبوونی ستانداردە ئەمنیەتییەکاندا بریندار و نقوستان بوون.

"چاونیوز" ساڵی ڕابردوو (١٣٩٧)ش ناوی ٤٨ کرێکاری کوردی بڵاو کردبۆوە کە ببوونە قوربانیی ڕووداوی کار. لەو ٤٨ کەسە ٤١ کەسیان گیانیان لە دەست دابوو، و ٧ کەسیش بریندار و نقوستان بوون.

گیان لەدەست دان و نقوستانبوونی کرێکاران لە کوردستان بەهۆی ڕووداوی کارەوە لە حاڵێک دایە کە تەنیا سەدی ١٠ی ئەم کرێکارانەی لە کاتی کارکرندا تووشی ڕووداوی کار دەبن بیمەن و، سەدی ٩٠ی کرێکاران، بە تایبەت کرێکارانی کەرتی بیناسازی لەژێر چاودێریی هیچ بیمەیەکدا نین.

هەروەها بارودۆخی کرێکارانی کورد لە ساڵی ١٣٩٨ دڵتەزێنتر و نالەبارتر لە ساڵانی پێشوو بوو. بەهۆی قەیرانی ئابووری و ئاوسانی بازاڕ توانای کڕینی کرێکاران چەند هێندە لە کەمی دا. سەرباری ئەمەش مووچە و حەقدەستی کرێکاران لە زۆربەی کارخانە و ئیدارە دەوڵەتییەکانی وەک شارەوانی سێ مانگ و تەنانەت شەش مانگ دوا کەوتووە و ئەوە جیا لەوەی دەرکردن لە کار و بێکارکرانیان هەمیشە وەک مۆتەکە بەسەریانەوە بووە.

ئەو ئامار و زانیارییانەی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەو بەشەی ئێران بڵاوی کردۆتەوە تەنیا ئەو بەشە لەو حاڵەتانە دەگرێتەوە کە هەواڵ و زانیارییەکان بە ئاشکرا بە میدیایی کراون و لە لایەن سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانەوە ئاماژەیان دراوەتێ، ئەگینا ئەو ناوەندە پێی وایە کە ئاماری ورد و دروستی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە کوردستان بەهۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر زیاتر لەو ئامارەیە کە ڕاگەیەندراوە.


سەیوان شەریفی، کوڕی "خالید، خەڵکی شاری بانە کە ڕۆژی سێشەممە ٢٧ی ڕەشەمە لە "هەنگەژاڵ" بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران گیانی لەدەست دا.

* بۆ بینینی خشتە پێنوێن و وردەکاریی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە وەرزی بەهاری ١٣٩٨ کلیک لەسەر ئەو لینکە بکە:
http://chawnews.com/?p=2473

* بۆ بینینی خشتە پێنوێن و وردەکاریی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە وەرزی هاوینی ١٣٩٨ کلیک لەسەر ئەو لینکە بکە:
http://chawnews.com/?p=2725

* بۆ بینینی خشتە پێنوێن و وردەکاریی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە وەرزی پاییزی ١٣٩٨ کلیک لەسەر ئەو لینکە بکە:
http://chawnews.com/?p=2960

* بۆ بینینی خشتە پێنوێن و وردەکاریی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە وەرزی زستانی ١٣٩٨ کلیک لەسەر ئەو لینکە بکە:
http://chawnews.com/?p=3477

# یەکەم شەهیدی ئێناخی لە شاهۆی سەربەرز


برایم چووکەڵی

دایەگیان ئەگەر بگری و لەسەر لەشی بێگیانی ڕۆڵەی بێنازت فرمێسک بباریێنی، ئەگەر جلوبەرگی ڕەش بپۆشی، دوژمنمان پێ شاد دەبێ. بە تۆسقاڵێک سەرنجدان بە مێژووی خەباتی خوێناویی گەلان، بۆت دەر دەکەوێ کە بۆ گەیشتن بە ئازادی دەبێ خوێن بدرێ. ئازادی خوێنباییەکی گرانی دەوێ و بە لافاوی خوێنی هەزاران لاوی دڵسووتاوی دڵ پڕ لە گڕی نیشتمانپەروەری وەدی دێ. ئەوە بۆ تۆ دایکی دڵسووتاو، ڕوو دەکەمە چیای سەرکەشی شاهۆ و بۆت دەگێڕمەوە؛ ژیان و بە سەرهاتی ٣ ڕۆڵەی پێشمەرگەت، ٣ فەرماندەی قارەمان، ٣ برای تێکۆشەر کە لە ماوەی چەند ساڵ خەباتی بێوچاندا، بە ڕشتنی خوێنی گەشی خۆیان ئاشی ئەم خەباتە ڕەوایەیان گەڕاند و سەرەنجام لاپەڕەکانی مێژووی خوێناویی میللەتەکەیان بە خوێنی خۆیان نووسیەوە.

مستەفا، تاهیر و سابیر حوسێنی، ٣ برا بوون لە گوندی «وارامچی» ناوچەی «ئێناخی» سەر بە ناوچەکانی هەورامان و جوانڕۆ لەدایک بوون، تازە برا گەورەکەیان قۆناغی لاوی تێدەپەڕاند کە هەموویان لە خۆشەویستیی باوک بێبەش مانەوە و، دایە حەبیبە ٧ منداڵی بە سەغیری گەورە کرد و ٣ ڕۆڵەی پێشکەش بە حیزبی دێموکراتی کوردستان و گەلی کورد کرد.

مستەفاحوسێنی کوڕی محەممەد و حەبیبە لە بنەماڵەیەکی هەژار و کەمداهاتی ناوچەی «ئێناخی» لە گوندی «وارامچێ» لەدایک بووە .

شەهید مستەفا هەر لە سەرەتای مێرمنداڵییەوە لە نازی باوک بێبەش دەبێ و، ئەرکی پەروەردەی چوار برا و دوو خوشکی دەکەوێتە ئەستۆی دایکێکی خۆڕاگر و دڵسۆز، هەربەم هۆیەوە ئەم منداڵە بێباوکانە بە ناوی دایکیانەوە ناوبانگیان دەرکردبوو.

ئەو دایکە قارەمانە، ژیانی پڕمەینەتی لەو پەڕی دڵسۆزی و بەرپرسایەتیدا تێپەڕاند و منداڵەکانی گەورە کردن و لە ئاکامدا سێ کوڕی بە دڵاواڵەییەوە پێشکەش بە بارەگای ئازادیی خاک و نەتەوەکەی کرد .

شەهید مستەفا لەگەڵ کوێرەوەری و مەینەتییەکانی ژیان وردە وردە گەورە بوو و، بە هۆی نزیکایەتی و تێکەڵاویی ناوچەکەیان لەگەڵ شۆڕشی ئەیلوول تێکەڵاوی سیاسەت و شۆڕش دەبێ .

ساڵی ١٣٤٥ لە باشووری کوردستان پێوەندی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە دەگرێ. دواتر بە هۆی ئاڵۆزیی ناوچەکە بۆ خۆپاراستن و بەردەوامی لە خەباتدا بۆ ماوەیەک لە «ماوەت» لە پەنای باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتیدا لەگەڵ هاوڕێیانی نیشتەجێ دەبێ، دواتر دەبێتە پێشمەرگەی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی. بە هۆی لێهاتوویی و شارەزایی، زۆر زوو بوو بە جێمتمانەی بەرپرسان و پلەی سەرلقی پێ سپێردرا. پاش هێوربوونەوەی کێشە نێوخۆییەکانی پارتی بە ڕەسمی بوو بە یەکێک لە سەرلقە سەرکەوتووەکانی پارتی لە ناوچەی هەڵەبجە. هەروەک باس کرا شەهید مستەفا و براکانی بە هۆی لەدەست دانی باوکیانەوە لەسەر دەمی منداڵیدا بە ناوی دایکیانەوە ناوبانگیان دەرکردبوو. حەبە، کورتکراوەی حەبیبە ناوبانگی شەهید مستەفا بوو و بەم ناوەوە لەنێو ڕیزەکانی پارتی و هەروەها خەڵکی ناوچەکەش ناسرابوو .

لە پاش ڕووخانی نیزامی پاشایەتی و ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دامەزرانی ڕێکخراوەکانی، شەهید مستەفا دەبێتە ئەندامی کومیتەی هەورامان و جوانڕۆ، پاشان وەک بەرپرسی نیزامیی حیزبی دێموکرات لەو ناوچانە. دواتریش لە لایەن کومیتەکەوە بەرپرسایەتیی پاراستنی ئەمنیەت و ئارامیی ناوچەکە بەشار و گوندەکانەوە بە شەهید مستەفا سپێردرا .ناوبراو وەک کەسێکی خۆشناو و جێمتمانەی خەڵکی ناوچەکە لە کێشە کۆمەلایەتی و سیاسییەکاندا دەوری بەرچاوی هەبوو. لە پاراستنی ئەمنیەتی سێمینار و کۆبوونەوە بەربڵاوەکاندا ڕۆڵی باشی گێڕا.

لە تەحەسونی» قوڕی قەڵا «وەک ئەندامی شوڕای تەحەسونەکە هەڵبژێردرا، پاراستنی ئەمنیەتی بەشدارانی تەحەسونیشی پێ ئەسپێردرا. لە هاتنی هەیئەتی حکوومەت بۆ وتوویژ لەگەڵ شوڕای تەحەسونەکە دەورێکی زۆر باشی هەبوو.

پاشان سپای پاسداران و جاشەکان و مەکتەبی قورئانییەکان کەوتبوونە پیلانگێڕی بۆ تێکدانی تەحەسونەکە، هەر بۆیە شەهید مستەفا بۆ پووچەڵ کردنەوەی ئەم پیلانە لە هەوڵدا بوو .

شەوی ٢٤ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ تیمێک لە هێزەکانی ڕێژیم بە نیازی دزەکردن بۆ لای «قوڕی قەڵا»، لە نیزیک گوندی بندەرە دەکەونە کەمینی پێشمەرگەکان و لە تەقە و لێکدانێکی کورتدا چەند پاسدارێک دەکوژرێن و ئەوانی دیکە بەرەو دواوە پاشەکشە دەکەن. ڕۆژی دواتر پاسدار و جاشەکان بە هەموو هێزیانەوە هێرش دەکەن و پاش شەڕێکی خوێناوی، بەداخەوە مستەفا بریندار دەبێ و لە ڕێگای نەخۆشخانە بە هۆی کارییبوونی برینەکەی شەهید دەبێ؛ هەواڵی شەهیدبوونی مستەفای حەبە شۆڕەسواری ناوچەی ئێناخی بوو بە هۆی خەم و پەژارەی دڵسۆزانی خەباتی ڕەوای نەتەوەکەمان .

شەهید مستەفا کەسایەتییەکی خۆشەویست و جێگەی ڕێزی کۆمەڵانی خەڵک و، فەرماندەیەکی سیاسی و نیزامییەکی بەتوانا بوو. بەم شێوەیە ئەم کەسایەتییە بەرز و پێگەیشتووە بوو بە یەکەم شەهیدی دەستی سپای کۆماری ئیسلامیی ئیران لە ناوچەی هەورامان و جوانڕۆ.

مستەفا دوو کوڕ و دوو کچی بوو، دواتر هەر دوو کوڕەکەی بوون بە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و، بە داخێکی گرانەوە یەکێک لە کوڕەکانی بە ناوی جەهانبەخش لە سنووری باشوور و ڕۆژهەڵات کەوتە سەر مین و گیانی لەدەست دا .جەهانشادیشیان لە پێشمەرگایەتی لاقێکی لەدەست داوە و ئێستا لە وڵاتی نۆرویژ دەژیی. پاش شەهید بوونی مستەفای تێکۆشەر و فەرماندە، براکەی بە ناوی تاهیر حوسێنی چەکی برا شەهیدەکەی لە شان کرد و بوو بە پێشمەگەی حیزبی دێموکرات و بەرپرسایەتیی فەرماندەی پەلی پێ سپێردرا، کە بەداخەوە لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٦٢ لە هێرش بۆ سەر مۆڵگەی دوژمن لە گوندی «ماسان» (نەیجوڵ) کەوتە بەر گوللەی داگیرکەران و گیانی پێشکەش بە خاکی نیشتمان کرد. شەهید تاهیر سێ کیژۆڵەی دڵپاک و ڕووسووری لە پاش خۆی بۆ نیشتمان بەجێ هێشت.

دایکە حەبیبە جارێکی دیکە جەرگی بریندار بوو. بە دەنگی سەربەرزانە هاواری دەکرد کوڕی من سەربەرزن، قارەمانن، کوڕی میللەتن، شانازییان پێوە دەکەم. هێشتا خوێنی دوو ڕۆڵەی وشک نەببوونەوە سابیری فیداکاریشی پێشکەش بە نیشتمان کرد؛ تەنیا سێ مانگ دوای تاهیر، کوڕە فەرماندەیەکی دیکەی قارەمانی میللەتەکەمان بوو بە سێهەمین شەهیدی بنەماڵە.

# ژینۆسایدی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان


شەونم هەمزەیی



"لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەسەڵاتی ناوەندی چ لە سەردەمی پاشایەتی و چ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا بەردەوام لە ڕێگەی"گۆڕینی دێموگرافیی کوردستان"، "قەدەغەکردن بە مەبەستی تواندنەوەی زمانی کوردی، "کوچی زۆرەملێ"، "بە تاڵانبردنی سامانی نەتەوەیی کورد" و "شێواندنی مێژوو" و دەیان بەرنامەو پلانی دیکە، لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە کورد لە نیو نەتەوەی سەردەستدا بتوێننەوە و نیشتمانەکەی داگیر بکەن؛ یان هۆوییەت و شوناسی نەتەوەیی خۆی بەتاڵی بکەنەوە"

ژینۆساید دەستەواژەیەکی یۆنانییە و بە واتای لەنێو بردن یان پاکتاوی ڕەگەزی دێت، دەکرێ هۆکاری ئایینی، نەتەوەیی یان بیری ڕەگەزپەرستانەی لەپشت بێ. ئەم دەستەواژەیە بۆ یەکەمین جار لەلایەن "ڕافائیل لیمکین" شارەزای بواری یاسا لە کۆنفرانسێکدا لە ساڵی ١٩٣٣ کە لە شاری مادرید گیرابوو، بەکار هێنراوە و لە ساڵی ١٩٤٢ بە نووسین تۆماری کردوە. ئەم یاساناسە یەکێک لەو کەسانە بووە کە تەواوی خێزانەکەی بە دەستی ئاڵمانییەکان لەنێو بردراون. دواتر لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٩ی دێسامبری ١٩٤٨ بە بڕیاری ٢٦٠ لە پاریس بە تاوان ناسێنرا.

ژینۆساید بابەتێکی جیهانییە و زۆربەی خەڵکی وڵاتانی جیهان کەم و زۆر لە بوارە جیاوازەکاندا ژینۆساید کراون. بەڵام کاتێک باس لە کوردستان دەکرێ بابەتەکە جیاوازترە، لە چوارچێوەی سیاسەتی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە (ئێران، عێراق، تورکیە و سووریە) کێشەی کورد تا ئێستا لەم وڵاتانە بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە و دابەشکردن و لەنێو بردنی ئەم گەلە هەر بەردەوامە. بۆیە گەلی کورد لە ماوەی چەندین ساڵی ڕابردوودا تا گەیشتن بە ئێستا وەکوو نەتەوەیەکی ژێردەستە کەوتووەتە بەر مەترسیی گەورەی لەنێو بردن و سڕینەوەی مێژوو، کولتوور، ئابووری و شوناس و ... بە جۆرێک کە ڕۆژ بە ڕۆژ هەوڵی زیاتری تێکدانی تایبەتمەندییەکانی دەدرێ.

سیاسەتی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، بریتییە لە لەنێو بردنی شارستانیەت و کولتوور، شێواندنی مێژوو کە هەمیشە هەوڵیان داوە ڕاستییە مێژووییەکان بشارنەوە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش گەلی کورد بە تایبەتی لە مێژووی هاوچەرخدا چەندین سیاسەتی توندوتیژانە بە مەبەستی سڕینەوەی شوناس و کولتوور و لەنێوبردنی ئەم نەتەوەیە لەسەر تاقی کراوەتەوە. لێرەدا بە باس کردن لە جۆرەکانی ژینۆساید و هەوڵی دەسەڵاتە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران بۆ ژینۆسایدی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەم باسە درێژە پێدەدەین.

**ژینۆسایدی فیزیکی یان جەستەیی:** کوشتن و لەنێو بردنی تاکەکانی کۆمەڵ، بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، وەک گوللە باران کردن، زیندەبەچاڵ کردن، کۆمەڵکوژی، بێسەروشوێن کردن و لە سێدارەدان و ...، لە چوارچێوەی ژینۆسایدی جەستەییدا پێناسە دەکرێن.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەسەڵاتی ناوەندی چ لە سەردەمی پاشایەتی و چ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا بەردەوام لە ڕێگەی"گۆڕینی دێموگرافیی کوردستان"، "قەدەغەکردن بە مەبەستی تواندنەوەی زمانی کوردی، "کوچی زۆرەملێ"، "بە تاڵانبردنی سامانی نەتەوەیی کورد" و "شێواندنی مێژوو" و دەیان بەرنامەو پلانی دیکە، لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە کورد لە نیو نەتەوەی سەردەستدا بتوێننەوە و نیشتمانەکەی داگیر بکەن؛ یان هۆوییەت و شوناسی نەتەوەیی خۆی بەتاڵ بکەنەوە. بۆ نموونە هەر مێژووی هاوچەرخ و هەر لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا دەتوانین ئاماژە بە کوشتاری نەورۆزی خوێناویی سنە، کۆمەڵکوژییەکانی قاڕنێ، قەڵاتان، وسووکەند، ئیندرقاش، سۆفییان و چەندین گوندی دیکە و ئێعدامی بەکۆمەڵی ٥٩ لاوی مەهاباد بکەین.

ئەم سیاسەتی دژەکوردییە لە ماوەی ٤ دەیە لە دەسەڵاتی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەتا ئێستاش لە گرتن، بەند کردن، لەسێدارەدان و بێسەروشوێن کردنی ڕۆڵەکانی گەلی کورددا هەر بەردەوامە.

**ژینۆسایدی کولتووری:** بە مانای قەدەغەکردنی بەکار هێنان و فێربوون و خوێندنی زمانی دایک، شێواندنی مێژوو و کولتوور، سڕینەوەی شوێنەوار و ئاسەوارە مێژوویی و شارستانییەکان.

لە ئێراندا لە ماوی نێوان دوو شەڕی جیهانی، دەسەڵاتی تاران سیاسەتێکی توندوتیژانەی دژبە گەلی کورد گرتە بەر و، بەشێکی ئەم سیاسەتە بریتی بوو لە قەدەغە کردنی لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی و بەکارهێنانی زمانی کوردی و هەروەها ڕاگواستنیان بۆ شوێنەکانی دیکەی ئێران، کە پێشتریش و لەلایەن حکوومەتی سەفەوییەکانەوە ئەم هەوڵە درابوو. هەر لە ساڵی ١٣١٦ی هەتاویدا بەشێکی زۆر لە هۆزەکانی " گەڵواخ، جەلالی و پیرانی" بۆ شیراز و کرمان ڕاگوێزران، سیاسەتی ڕێژیمی پاشایەتی دانی بە بوونی کورد وەک نەتەوەیەک نەدەنا و کوردیان بە یەکێک لە هۆزەکانی ئێران پێناسە دەکرد و زمانی کوردییش بە یەکێک لە بنزاراوەکانی زمانی فارسی ئەژمێردرا.

ئەم سیاسەت و ڕوانگە دژەکوردییە بۆ لەنێو بردنی شوناسی کورد تا ئێستاش هەر بەردەوامە و ڕێگە نادرێ نەتەوە بندەستەکان، بۆ نموونە گەلی کورد بە زمانی دایکی خۆیان بخوێنن، لە کاتێکدا لە ئەسڵی پازدەی یاسای بنەڕەتیی ئەم وڵاتەدا هاتوە کە هەموو نەتەوەیەک مافی ئەوەی هەیە لە تەنیشت زمانی فەرمیی وڵات بە زمانی خۆی بخوێنێ.

ساڵانە بەردەوام گوێبیسی هەواڵگەلێک لە لەنێو بردنی شوێنە مێژووییەکانی کوردستان و بەتاڵان بردنیان دەبین، هەوڵ دەدرێ مێژووی کورد بە گێڕانەوەی بێبنەما بشێوێنن و ڕێگری بکەن لە بەڕێوە بردنی بۆنە و ڕێوڕەسمە کولتووری و مێژووییەکانی کورد، وەک بۆنەی نەتەوەیی نەورۆز و چەندین بۆنەی ئایینی تایبەت بە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان.

لە ئێستادا دەبینین ئەرکی پاراستنی شوناس، ژینگە، زمان و مێژوو و کولتووری کورد کەوتووەتە ئەستۆی بەشێک لە چالاکانی ڕێکخراوە مەدەنی، ئەدەبی و فەرهەنگییەکان و هەوڵ دەدەن لەم ڕێگەیەوە بەربەرەکانی لەگەڵ سیاسەتی چەوتی دەسەڵاتداران بکەن و لەم پێوەندییەشدا قوربانییان داوە و زۆر لەو مافخوازانە ئێستا لە چاڵە ڕەشەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بەسەر دەبەن.

**ژینۆسایدی ئابووری:** برسی کردنی خەڵک، لەنێو بردنی سەرچاوە ئاوییەکان، تێکدانی ژینگە، نەبوونی هەلی کار و نەڕەخساندنی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان، بەشێکن لەم جۆرەی ژینۆساید.

کاتێک باس لە دۆخی ئابووری لە ئێران دەکرێ، سەرەڕای بوونی هەموو جۆرە سەرچاوەیەکی گرینگ و بەهێزی ئابووری، بەڵام دۆخی ژیانی خەڵک لەوپەڕی خراپیدایە و لە کوردستانیش چەند قاتە.

ڕەوشـی ژیـانی خەڵـک لـە ڕۆژهـەڵاتـی کوردستان بە دۆخێکی خراپدا تێدەپەڕێ و لەم چەند ساڵەی دواییشدا بە هۆی گەمارۆکانی ئەمریکا و دەستێوەردانی ئێران لە وڵاتانی ناوچە و بەکارهێنانی داهات و سامانی وڵاتەکەی لە خزمەت تێرۆر و بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی و هاتنە دەرەوەی لە بەشێک لە گرێبەستە جیهانییەکان، ئابووریی ئەم وڵاتەی بە تەواوی بەرەو دارمان بردوە.

بەڵام جیا لە سیاسەتی خراپ و بێبەرنامەیی ژێرخانی ئابووری لە ئێراندا بە نسبەت کوردستان بابەتەکە جیاوازترە، هەموو کات دەسەڵاتە یەک لە دوای یەکەکان هەوڵی برسی کردنی خەڵکی کوردستانیان داوە، خەڵکی کوردستان زۆر کەمتر هەلی کاریان بۆ دەرەخسێ و تەنانەت بەشی زۆری خەڵک لە نەبوونی کار ناچارن بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان ڕێگەی پڕمەترسی وەک کۆڵبەری و دوورکەوتنەوە و ڕۆیشتن بۆ شارەکانی ناوەند بگرنە بەر. دەبینین بەشی زۆری زەوییە کشتوکاڵییەکان دەستیان بەسەردا گیراوە و بۆ مەبەستی پرۆژەکانی خۆیان بەکاریان دەهێنن، لە لایەکی تریشەوە بەشێکیان ئێستاش باخچەی مین و تەقەمەنییەکانی شەڕی نێوان ئێران و عێراقن و تا ئێستا ئەو مینانە هەڵنەگیراونەتەوە، یان لە زۆر نموونەدا بە هۆکار و بیانووی جیاواز دەسووتێنرێن و خەڵک ناتوانێ بەکاریان بێنێ. ئەوەی کە ژینگەی کوردستان بە تایبەتی لە کوێستانەکانی زاگرۆس لەنێو دەبردرێن، خەسارێکی گران لە ئابووریی خەڵکی ئەم ناوچانە دەدا کە زیاتر بە کاری ئاژەڵدارییەوە سەرقاڵن و یا لە جۆری گیا و دار و دەوەنەکانی ئەم شوێنانە بە مەبەستی پزیشکی کەڵک وەردەگرن و لەم ڕێگەیەوە بژێوی ژیانی خۆیان دابین دەکەن.

ئەمە بێجگە لەوەی کە نەمانی دار لەم دارستانانە بە وتەی کارناسان لە هەستانی لافاوەکەی نەورۆزی پارەکەدا کاریگەر بوو و، ئەوەش خۆی زەرەر و زیانی گیانی و ماڵییەکی زۆری بە خەڵکی پارێزگاکانی کرماشان، ئیلام و لوڕستان گەیاند.

دزین و ڕاگواستنی سەرچاوە ئاوییەکانی کوردستان بۆ ناوچە فارس نشینەکان سیاسەتێکی تری ئەم ڕێژیمەیە کە وایکردووە دۆخی ژیانی خەڵک لە ڕووی ئابووریەوە بەرەو ئاقارێکی خراپ بڕوا.

**ژینۆسایدی بیۆلۆژیک:** بە ڕێگرتن لە وەچە نانەوە و زۆربوون و گەشەسەندنی کۆمەڵە مرۆڤێکی یەک ڕەگەز بە شێوەی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، ژینۆسایدی بیۆلۆژیک دەگوترێ. کاتێک لە کۆمەڵگەیەکدا بەردەوام هەوڵی کوشتن، زیندانی کردن، برسی کردن و تێکدانی دۆخی ئابووری و شوێنی ژیانی گەلێک بدرێ، هۆکار دەبێ لە بەردەم گەشە و زۆربوونی ئەو نەتەوەیە. کە دەکرێ دەرئەنجامی ئەمانە جۆرێکی دیکەی ژینۆسایدی لێبکەوێتەوە و ئەویش ژینۆسایدی دەروونییە. هەرچەند تا ئێستا بە ڕەسمی وەک جۆرێک لە جۆرەکانی ژینۆساید نەناسراوە، بەڵام دەکرێ پڕمەترسیترین جۆریان بێ کە خەمۆکی، بێهیوایی، خۆکوژی و تووشبوون بە مادە هۆشبەرەکان و چەندین دیاردەی خراپی دیکەی کۆمەڵایەتیی لێدەکەوێتەوە و کۆمەڵگە بەرەو لەنێو چوون پاڵ پێوە دەنێ.

***



ئامانج زیبایی

# ستراتیژیی ئەمریکا لە عێراق کشانەوە یان ڕەگداکوتان؟



لە دوای ڕووداوەکانی بەفرانباری ساڵی پێشوو، پارلمانی عێراق دوای چەند جار دانیشتن (بەبێ بەشداری نوێنەرانی هەرێمی کوردستان و عەرەبی سوونە) پرۆژە یاسایەکیان دەر کرد کە هێزە بیانیەکان دەبێ لە ماوەیەکی دیاریکراودا خاکی عێراق بەجێ بێڵن. یەک لەو لایەنانە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە.

لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە: گرینگی عێراق بۆ ئەمریکا چییە؟ ئایا چۆڵکردنی ناوچە عەرەب‌نشینەکانی عێراق و هێشتنەوەی هێزەکانی لە هەرێمی کوردستان نیشانەی گرینگی پێدانی ئەمریکایە بەم ناوچەیە و دەیەوێ لە هەرێمی کوردستانەوە سیاسەتی کارتێکەریی خۆی بەسەر هەموو عێراقدا جێبەجێ بکا؟ داخۆ ئەمە پاشەکشە یا جێگۆرکەیەکی تاکتیکییە؟ لە کاتێکدا کە شیعەی عێراق کەمتر بایەخ بە ڕێککەوتنە یاساییەکان دەدا، ڕۆڵی هەرێمی کوردستان چ دەبێ لەم پێوەندییەدا؟ ستراتیژی درێژخایەنی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بە گشتی و لە عێراق بە تایبەتی چییە؟

گرینگی‌پێدانی عێراق بۆ ئەمریکا دوو هۆکاری سەرەکیی هەیە: یەکەمیان لە ڕووی جوغرافیایی و ژێئوپۆلیتیکەوە کە وا گریمانە دەکرێ کە ئەگەر ئەمریکا بتوانێت عێراق کە وەک دڵی وڵاتانی عەرەبە بخاتە ژێر هەژموونیی خۆیەوە، ئەوە بە جۆرێک دەسەڵاتی خۆی لە هەموو ناوچەکەدا جێگیرتر لە جاران دەبینێ. هەروەها لەم وڵاتەوە دەتوانێ سەرەڕۆییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران کۆنترۆڵ بکا و بەربەستێکی وشکانی دەبێ لە بەر دەم گەیاندنی یارمەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بە میلیشیاکانی سەر بەو ڕێژیمە و پێگەیاندنی یارمەتیەکانی ئابووری و لۆجێستیکی ئێران بەم حیزب و ڕێکخراوە تیرۆریستیانە کەم بکاتەوە. بەمجۆرە تا ئەو جێگایەی کە بۆی دەکرێ پێش بە سەرەرۆیی و دەستێوەردانی ئێران بگرێ لە ناوچەکەدا و هەروەها ئاسایشی وڵاتی ئیسرائیلیش دابین بکا. دووهەم شت لە ڕووی ئابوورییەوە هەبوونی نەوت لە عێراق هۆکارێکی ترە بۆ مانەوەی ئەمریکا لەم وڵاتەدا. لە کەس شاراوە نییە کە وڵاتانی پیشەیی پێویستییەکی زۆریان بە نەوت هەیە و ئەمریکاش وەک زلهێزێک و وڵاتێکی پیشەیی دەبێ بیر لە دابینکردنی نەوت بکا بۆ چەندین دەیەی داهاتوو و نابێت ریسکی ئەوە بکا کە بۆ دابینکردنی بڕی نەوتی پێویستی خۆی تەنیا پشت بە وڵاتێک و بە سەرچاوەیەک ببەستێ. جگە لەمانە دابینکردنی ئەمنیەتی کەنداو و گەرووی هوورمووزیش گرینگیی تایبەت بە خۆی هەیە لە ستراتیژی ئەمریکا لە ناوچەکەدا و بەو جۆرە ئەمنیەتی ناوچەیی و هەناردەکردنی نەوتی هاوپەیمانەکانی خۆی لە خەلیجیش دابین دەکا.

ڕوویەکی دیکەی چۆڵکردنی بنکە و بارەگاکانی ئەمریکا لە ناوەند و خوارووی عێراق پێوەندیی بە گرووپە دژبەرە عێراقییەکان و لە سەرووی هەموویانەوە حەشدی شەعبییەوە هەیە. ستراتیژی ئەمریکا لە عێراق بەرامبەر بە حەشدی شەعبی دوو ئاراستەی بە خۆیەوە بینیوە هەتا ئێستا، کە بریتی بوون لە ستراتیژی نەرم، کە خۆی لەوەدا دەدیتەوە ئەم هێز و ڕێکخراوانە تێکەڵ بە ئەرتەشی ئەم وڵاتە بکەن کە لە بەرەو پێشچوونی ئەم ستراتێژییەدا واشینگتۆن سەرکەوتوو نەبوو. هەر بۆیە ئەم وڵاتە پەنای بردە بەر ستراتێژی ڕەق، واتە لێدانی ڕاستەوخۆی ئەم گرووپ و لایەنانەی کە لە لیستی ڕەشی ئەمریکادا بوون.

لە داوی هێرش کردنە سەر بالیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا لە لایەن لایەنگرەکانی ئێران و کوژرانی قاسم سولیمانی بارودۆخی عێراق ئاڵوگۆڕێکی دیاری بە خۆیەوە گرت و ناکۆکییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا لە عێراق پەرەی ستاند. هەر لەم پێوەندییەدا چەندین جار پێکدادان لە نێوان ئەمریکا و میلیشیا کانی سەر بە ئێران ڕووی دا و تەنانەت کۆماری ئیسلامی لە ژێر ناوی تۆڵەسەندنەوەی قاسم سولیمانیدا هێرشی مووشەکیشی کردە سەر سەربازگەی "عەینولئەسەد" و فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر. جگە لە هێرشەکەی سەر سەربازگەی عەینولئەسەد لق و پۆیەکانی حەشدی شەعبی بۆ جارێکیتر هێرشیان کردە سەر "ئەلتاجی"، سەربازگەیەکی دیکەی هێزەکانی ئامریکا. لە ماوەیەکی کەم دوای ئەم هێرشدا هێزەکانی ئەمریکا بڕیاری چولکردنی سەربازگە و شوێنە سەربازیەکانی خۆی دا لە بەشی عەرەبیی عێراق و هێنانی هێزەکانی خۆی بۆ هەرێمی کوردستان، لەژێر ناوی خۆ پاراستنیان لە ویرووسی کرۆنادا.

جووڵاندنی هێزەکانی ئەمریکا بۆ هەرێمی کوردستان لە حاڵێکدابوو کە چەند ڕۆژ ئەم بریارە دۆناڵد ترامپ لە نامەیەکی پیرۆزبایی بەبۆنەی جێژنی نەورۆزدا کە بۆ نێچیروان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانی نووسیبوو، باسی لە پەرەپێدانی پێوەندییە ئەمنی و سەربازی و ئابوورییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمریکای کردبوو. هەر لە هەمان کاتدا "پێنتاگۆن"یش لە ڕاگەیندراوێکدا ڕایگەیاند کە بەرنامەیەکی گەورەیان لە بەر دەستدایە بۆ هێرشێکی بەربڵاو بە دژی لق و پۆیەکانی حشدی شەعبیی لایەنگری کۆماری ئیسلامیی ئێران کە گرینگترینیان کەتائیبی حیزبوولڵان لە عێڕاقدا. هەر لەم پێوەندییەدا پێنتاگۆن فەرمانی بە بەرپرسانی سەربازی خۆی کرد کە خۆیان بۆ هێرشێکی بەربڵاو بۆسەر هێزە چەکدارەکانی لایەنگری سپای پاسداران لە عێراق ئامادە بکەن و وا وێدەچێ کە هەموو ئەوانە لەتە لێکجیاکانی پازیلەکە بن.

دوابەدوای ئەم ڕووداوانە ئەوە سپای پاسداران بوو کە ڕۆژی 12ی خاکەلێوە لە ڕاگەیەندراوێکدا هەڕەشەی ئەوەی لە ئەمریکا کرد کە بێتوو لە هەر شوێنێک لە بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی بدا، وەڵامێکی ئەوەندە توندیان دەبێ کە ئەمریکا هەر بە خەیاڵیشیدا نەهاتبێ!

هەڵبەت لە کاتێکی وەک ئێستادا کە لە بواری ئابوورییەوە تەواو دارماوە و لە بارودۆخێکدا کە بەشێک لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە هۆی پەتای کرۆناوە خوازیاری لابردنی گەمارۆکانی سەر ئێرانن، لە ئەگەری کاردانەوە وەڵامدانەوەی ئێران بە لێدانی هێزەکانی هاوپەیمانی لە عێراق زەرەر و زیانەکانی خۆی چاوەڕوانکراو نابێ و بەوەش تاران ئاچمەز بووە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو فاکتۆرانە ئەوەی لە عێڕاقدا ڕوو دەدا، تەنیا تێکەڵچوونێکی سەربازیی نێوان هێزێکی دەرەکی و چەند ڕێکخراو و گرووپ نییە، بەڵکوو گریمانەی ئەوە دەکرێ کە خاکی عێراق ببێتە مەیدانی شەڕ و پێکدادانێکی نێودەوڵەتی و تەنانەت شەڕێکی نێوخۆییش لە نێوان پێکهاتەکانی عێراقیشدا. بەڵگەش بۆ ئەم بۆچوونە هاوتەریب نەبوونی دەرکردنی یاسا و ناتوانایی لە دیاریکردنی کەسێک وەک سەرۆک وەزیران و بڕیاری دەرکردنی هێزەکانی بیانی لەم وڵاتەدا ( کە کورد و عەرەبی سوونە دژی ئەم بڕیارە بوون) وهتد .. ئەم ناتەبایانەش پاڵنەرێکی بەهێزن بۆ تەشەنەسەندنی ناکۆکییەکان لە داهاتوودا و وا وێدەچێ کە ستراتێژیی ئەمریکا لەهەمبەر بەغداوە ئاڵوگۆڕی قووڵ بە خۆیەوە ببینێ و ستراتێژیی ئەمریکا کە لە سەر مێحوەری بەغدا بونیاد نرابوو بگۆردرێ بۆ میحوەری هەولێر.

بەکورتی نیشانەکان دەڵێن ئەمریکا بە نیاز نییە خاکی عێراق بەجێ بێڵێ و تەنیا جێگۆرکەیەکی بە هێزەکانی خۆی کردوە و هەرێمی کوردستانیش بۆ ئەم مەبەستە گونجاوترین جێگایە. هەرێمی کوردستان هەروەها لە ستراتێژیی درێژخایەنی ئەمریکادا جێگە و پێگەیەکی تایبەتی هەیە و نابێت ئەمش لە بەر چاو نەگرین کە گەورەترین کۆنسولخانەی ئامریکا لە ئاستی هەموو جیهاندا لە هەولێرە و ئەمەش خۆی دەتوانێ نیشانەیەکی بەهێز بێت بۆ پشتراستکردنەوەی ئەم بۆچوونە و ئەم گرینگی پێدانەش تەنیا تایبەت نییە بە کۆماریخوازەکان یان دێموکراتەکانی ئامریکا؛ وەک چۆن لە کاتی هێرشی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان ئیدارەی ئۆباما ڕایگەیاند کە هەولێر هێڵی سووری ئامریکایە.





# بنەماکانی مافی مرۆڤ



شارۆخ حەسەنزادە

مانای پێشکەوتووی مافەکانی مرۆڤ لە سەرەتاکانی چاخی مۆدێرن و هاوکات دەگەڵ «سکۆلاریزاسیۆن»ی ئورووپایی لە ئاکاری جوولەکە-کریستییان بەربڵاوتر بووە و گەشەیەکی خێرای بەخۆوە بینیوە.

لە ڕاستیدا مافی مرۆڤ لە هەناوی مافەکانی سرووشت هەڵقوڵاوە و وەرگیراوە، ئەو بۆچوونەی کە لەوێدا هێزی یاسادانەر بە شێوازێکی بەرهەست و لۆژیکی کورت نابێتەوە.

بەپێی ئەم قوتابخانەیە، ژیربێژی مرۆیی، بنەماکانی یاسا و ڕێسا لە سرووشت وەردەگرێ و بە ڕێچکەی یاسای سروشت دا دەستەبەری جێبەجێ بوون وەدەست دێنیت و لە ڕاستیدا بە بەشێک لە نەریتی مافەکانی سرووشت چاخەکانی نێوەڕاست دێتەناسین و پێناسەی بۆ دەکرێ، کە لە دەورانی ڕەوشەنگەری لە لایەن فەیلەسوفانی وەک «جان لاک»، «فرانسیس هاچسۆن»، «ژان ژاک ڕۆسۆ» و... هەتا ڕادەیەکی زاف مانای مۆدێرنیان بەخۆوە گرت و، لە وێژەمانی سیاسی و شۆڕشی ئەمریکا و شۆرشی فەڕانسە سەرنجی کۆمەڵگەی جیهانی و فەیلەسووفانی وەچەی نوێی بۆ لای خۆی ڕاکێشا؛ هەربۆیەم بەم ڕوانینە، نێرینی مۆدێرنی مافەکانی مرۆڤ، لە ماوەی نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم، ڕۆنرا. لەم دەورانە وێژمانگەلی سیاسیی چووە سەر زاران و بووە دەستووری کاری زۆرێک لە دەوڵەتانی جیهانی.

بەپێی بەرایی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ: چوونکی بەڕەسمی ناسینی وەجی خۆیی(منزلت ذاتی) و مافی یەکسان و ڕانەگوازراوی سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەی بەشەری بناخەی ئازادی، دادپەروەری و ئاشتییە لە جیهان و، بە گوێرەی بڕگەی یەکەمی ڕاگەیەنراوی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، هەموو ڕۆڵەکانی مرۆڤ بە ئازادی لەدایک دەبن و لە بواری جێگە و پێگەی مافەکان دەگەڵ یەکتر بەرامبەرن؛ هەموویان لە ئاوەز، وریایی و ویژدان بەشی خۆیان وەرگرتوە و دەبێ دەگەڵ یەکتر هەستی برایەتیان هەبێ.

**بنەماکانی مافی مرۆڤ**

بێگومان ئەمڕۆ مافەکانی مرۆڤ، وەک پێویستییەکی هەنووکەیی باسی لێ‌دەکرێ و سەرجەم وڵاتان و کولتوورەکانیش واپێشان دەدەن کە پێی دەروەستن. هەربۆیە وەک تشتێکی هەرەپێویست کە ژان و زامی مرۆڤەکان کەم دەکاتەوە، سەرنجی هەموولایەکی بۆ پێداویستییەکانی سەرەکی بنیادەم و سارێژکەرەوەی برینەکانی مرۆڤ، نەک هەر کەمتر ڕەخنەی لێ‌دەگیرێ بەڵکوو خەریکە وەک نەریتێکی لێبێ. بەڵام پرسیاری بنەڕەتی ئەمەیە کە، بە چ بەڵگە و ڕێسایەک دەبێ حەتمەن ئەو مافانەی کە ئازاری مرۆڤەکان دەشکێنی یان هەر نەبێ کەم دەکاتەوە و دەبێتە هۆی دەست وێڕاگێشتن بە دەرفەت و هەلی باشتر، بۆ هەموو مرۆڤێک بەبێ لەبەرچاو گرتنی بیروباوەڕی ئۆلی، ڕەنگی پێست و ڕەگەزی، دەبێ بپارێزرێ. بەجۆرێکی دیکە بۆ دەبێ وەها مافێکی مەزن بۆ مرۆڤ دەستەبەر بکرێ؟

هەر وەک ئەوەیکە لە بەشی یەکەمدا باسمان کرد، مافەکانی مرۆڤ لە جۆری مافی ڕەوشتی و سرووشتین و بەسەر هەموو مافێکییەوەن، واتە سەرتر لەهەر مافێکی دەستکرد و دانراون و یاساگەلی ڕۆنراو دەبێ ئەم ڕێسا سرووشتیانە بپارێزێ. پرسیارێکی دیکەش دێتە ئاراوە، باشە بۆچی ئەم یاسایانە زۆریان بەسەر ڕێسا ڕۆنراوەکانی دەوڵەتین و لەسەرترن؟ وڵامەکەی ڕێک ئەو بنەما و بنچینەی مافەکانی مرۆڤە کە ئێمە لێرەدا باسی دەکەین.

ڕەنگبێ کەسێک بپرسێ، وێڕای ئەو هەمووە یاسایانە و پەیماننامە نێودەوڵەتییانەی مافەکانی مرۆڤ کە هێمای بەڵێنی و ڕێکەوتنی حکومەت و مرۆڤەکانە لەسەر ئەم ڕێساگەلە، ئیتر چ پێویست دەکا کە ئەم پرسیارە بخولقێ کە مافەکانی مرۆڤ لەسەر چ بنەمایەک هەڵچنراوە؟ دەبێ بڵێین، دەرک و فام لە بنەماکانی مافی مرۆڤ تەنیا پرسێکی فەلسەفی_تیۆری نییە، بەڵکوو خاوەن لێکەوتەی زانستی و بەکارهێنراویشە، چوونکە ئەگە خەڵک داب و دەستووری حقوقی وەک ئەمرێکی دادپەروەرانە و بنیاتنراو لەسەر بناخەی بەهێزی ئەخلاقی و ئاکاری، وەک پێویستییەک بۆ ژیان دابنێن، لانیکەم بەڕێوەبردنەکەی ئیدی کێشە و گرفتی زۆر کەمتر دەبێ. باشترین شێواز و زامینی باش بەڕێوەچوونی بڕیارەکانی حقوقی ئەوەیەکە، ئەو کەسانەی لەژێر ئەو حوکمەدان، فەرمان و حوکمەکان بە ڕوانگەیەکی دادپەروەرانە، ئاکاری، مرۆڤیانە، پێویست و بنیاتنراو لەسەر بەهاکانی جێ باوەڕی خۆیان دابنێن. هەروەها ئەگە بڕیاراتەکانی مافەکانی مرۆڤ شیاوی قبووڵ و لەسەر خوانی جێگەی بەرگری و ئاوەزپەسند بێ، زۆر بە سانایی دەتوانی بەرگری لەو بۆچوونەش بکەی کە مافەکانی مرۆڤ بەهایەکی ئینسانی، ئاکاری و جیهانداگرە و تایبەت بە کلتوورێکی دیاریکراو نییە. ئێستا بەداخەوە دەبینین لە هیندێک وڵات بەو بۆچوونە کە زاراوەی مافەکانی مرۆڤ، ئەساسەن چەمکێکی ڕۆژئاواییە و تایبەت بە وڵاتانی پێشکەوتوو و یان کریستیانییە! بە خۆ دزینەوە لە بەها ئینسانییەکان و کڵاو لەسەر خۆنان بەتایبەت ئەو وڵاتانەی ئایین و سیستەمی دیکتاتۆڕی تێدا حوکم دەکەن، دژی مافەکانی مرۆڤن و لەبەرامبەریشیدا ڕادەوەستن.

لە ڕاستیدا هەر بەوجۆرەی کە ئاماژەمان پێدا، پرسیار کردن لە باسی بنەماکانی مافی مرۆڤ، ئەوەیە کە ئاخۆ بەسەر یاساکانی ڕۆنراو، بەهایەک بە ناوی ماف بوونی هەیە؟ ماف لە کوێ‌وە سەرچاوە دەگرێ؟ چۆن و بە چ بنەمایەک دەتوانین بگەینە ئەم قەناعەتە کە هەموو مرۆڤێک تەنیا لەبەر ئینسان بوونی، خاوەن هیندێک ماف وەک مافی سەرەکی و مافی ئینسانی هەیە؟

ئێمە لەبەر درێژ بوونەوەی باسەکەمان ناچینەوە سەر هیندێک زاراوە و شرۆڤەی دیکە هەر بۆیە تەنیا باس لەسەر سێ بنەما دەکەین کە وێدەچێ زیاتر و باشتر دەتوانێ لە مەبەستی ئێمە نزیک ببێتەوە و بتوانین ئامانجی خۆمای پێ بپێکین.

**درێژەی هەیە...**

درێژەی بابەت

# دەسەڵاتی سیاسی و متمانەی کۆمەڵایەتی

بە تەواوی سیمای خۆسەپێن و ستەمکار وەردەگرێ و هەوڵ دەدا بەرنامەکانی خۆی لە ڕێگای درۆ و خەڵەتاندن و سەرەنجام سەرکوتی خەڵک بەرێتە پێش. ئەو درزەی نێوان خەڵک و دەوڵەت بەڕادەیەک هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی تێکدەدا کە بەها کۆمەڵایەتییەکانیش دەخاتە مەترسییەوەو بێ متمانەیی کۆمەڵایەتی، هاوکات کاریگەری لە سەر پێگەو ڕێزی بەها کۆمەڵایەتییەکانیش دادەنێ. لێرەدا کۆمەڵگە بەرەو دۆخێکی مەترسیدار دەڕوا و داهاتووی دیمۆکڕاسی و دادپەروەری و بەها مرۆییەکان دەکەونە مەترسییەوەو بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە جێگای خۆیان دەدەن بە بەرژەوەندییە تاکی و بەشەکییەکان.

ڕووداوی ڕاکردنی زیندانیان و ڕەزامەندیی کۆمەڵایەتی لەو ڕووداوە، داڕووخانی تەواوەتی ئەو سەرمایە کۆمەڵایەتییە دەگەیەنێ کە دەوڵەت بۆ بەردەوام بوونی پێویستی پێیەتی. لێرەدا جەمسەری خەڵک باش لەو ڕاستییە ئاگادارە کە نە زیندان ئەو مانا ڕاستەقینەیەیە کە مەترسییەکان لە کۆمەڵگە دوور بخاتەوەو نە زیندانییش لزوومەن ئەو کەسەیە کە مەترسی بۆ سەر کۆمەڵگە دروست کردوە. ئەو سیستەمەی زیندان و زیندانی دروست کردوە دەبێتە مەترسییە گەورەکە بۆ سەر کۆمەڵگە، مەترسییەک زۆر گەورەتر لە زیندان و زیندانی. هەر ڕووداوێک شکۆی دەوڵەت بڕووشێنێ و پێگەی دەوڵەت لاواز بکا، ڕەزامەندیی خەڵکی بەدواوە دەبێ. خەڵک لە ئێراندا متمانەی بەو یاسایە نییە کە وڵات بەڕێوە دەبا، متمانەی بەو ناوەندە نییە کە پێویستە ڕەفتاری تاوانبار ڕاست بکاتەوە، متمانەی بەو حوکمە نییە کە دادگا دەری دەکا و سەرەنجام متمانەی بەو سیستمە نییە کە زیندان بەڕێوە دەبا.

لێرەدا ڕاکردنی زیندانی زەبرێکە وە دەوڵەت دەکەوێ وەک دوژمنی سەرەکیی خەڵک، شکاندنی هێمای سەروەر بوونی دامودەزگای دەوڵەتە، سەرکەوتنی ئەو ئیرادەیەیە کە دەکەوێتە جەمسەری خەڵکەوە بۆ دژایەتی کردنی دەوڵەت. ڕاکردنی زیندانی وەک کردارێکی پێچەوانەی ویستی دەوڵەت لێکدەدرێتەوە بێ ئەوەی بیر لە ناوەڕۆکی کردارەکە بکرێتەوە کە ئایا بەرژەوەندیی گەل دەپارێزێ یان نا.

KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO: 771  3  April 2020



ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com

info@kurdistanukurd.org    info@kurdistanukurd.com

www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East    MHz 11958

polarization: Vertical -27500  FEc : 7/8

Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:

+9647508483312

kdp.tashkilat@gmail.com


# قازی محەممەد سەرمەشقێکی تاهەتایی بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی و بگرە بۆ هەموو مرۆڤێکی شۆڕشگێڕ و خاوەن هەڵوێستە

**(پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی)**



**کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!**

**ئازادیخوازان و نیشتمانپەروەرانی کورد!**

٧٣ ساڵ لەمەوپێش لە بەرەبەیانی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی، پێشەوا قازی موحەممەد، ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان و سەرۆککۆمار و دامەزرێنەری کۆماری کوردستان، یەکەمین کیانی سیاسیی مۆدێڕنی کورد، وێڕای ژنراڵ محەممەد حوسەین خانی سەیفی قازی، وەزیری بەرگریی کۆمار و ئەبولقاسمی سەدری قازی، نوێنەری خەڵکی مەهاباد لە پارلەمانی ئێران لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد، لە لایەن جەللادانی ڕێژیمی پەهلەوییەوە لە سێدارە درا و درێژەی ڕێگای بۆ گەیشتن بە ئامانجە بەرزەکانی کۆماری کوردستانی بە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی سپارد.

بڕیاری لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد پێشتر و لە ئەنجامی دادگاییکردنێکی نادادپەروەرانە لە لایەن دادگای سەربازیی ڕێژیمی دیکتاتۆریی پەهلەوییەوە لە ٣ی ڕێبەندانی ١٣٢٥ی هەتاویدا دەرکرابوو.

پێشەوا قازی موحەممەد وەکوو ڕێبەرێکی مێژووساز و کەسایەتییەکی باوەڕمەند بە ئامانجی پیرۆزی ڕزگاریی نەتەوەیی ڕۆڵێکی گرینگی لە دارشتنی بناغەکانی شوناسی نەتەوەیی مودێڕن و کاناڵیزەکردنی هەستی نیشتمانپەروەریی خەڵکی کوردستان بۆ گەیشتن بە ئامانجی پێکهێنانی کیانێکی سەربەخۆی کوردی هەبوو.

لە قۆناغی هەستیاری کۆتاییەکانی شەڕی جیهانیی دووەمدا کە بە هاتنی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ باشوور و باکووری ئێران، بۆشاییەکی هێز و بەستێنێکی بیری نەتەوەخوازی لە ناوچەی موکریان پێک هاتبوو، ڕێکخستن و یەکخستنی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و پێکهێنانی تەبایی و هاوخەباتی لەگەڵ نەتەوەکانی دراوسێی کورد بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجی ڕزگاریی نەتەوایەتی، پێویستی و ئەرکێکی مێژوویی بوو کە قازی محەممەد وەکوو کەسایەتییەکی لێهاتوو و ڕێبەرێکی دەروەست و خاوەن پێگە و نفووزی کۆمەڵایەتی توانیی بە سەرکەوتوویی ئەو ئەرکە ڕاپەڕێنێت.

ڕۆڵی ئەو لە ڕێبەریکردنی کۆمار و هەوڵدان بۆ وەسەریەکخستنی شانازی و دەسکەوتی زیاتر بۆ نەتەوەکەی و هەروەها پابەندبوونی بەو بەڵێنییانەی کە لە کاتی سوێندخواردنی سەرکۆماریدا بە گەل و نیشتمانەکەی دابوون، قازی محەممەدی لە مێژووی کورددا کردۆتە ئەستێرەیەکی پرشنگدار کە هەموو شۆڕشەکانی دوای ئەو لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا ئیلهامیان لێ وەرگرتوە.

بەرگریی قارەمانانەی پێشەوا لە مافە ڕەواکانی نەتەوەکەی لە کاتی دادگاییکردنیدا یەکێک لە درەوشاوەترین لاپەڕەکانی مێژووی خەباتی هاوچەرخی کوردە، بە جۆرێک کە دەرفەتی دیفاعیاتی خۆی دەکاتە دۆکۆمێنتێکی فەرمی و مانیفێستێکی شۆڕشگێڕانە بۆ داکۆکی لە مافە ڕەواکانی نەتەوەکەی و سەلماندنی ڕەوایی ئامانجەکانی کۆمار. هەر بۆیەشە کە بەپێی دانپێداناني یەکێک لە ئەفسەرانی باڵای ڕێژیمی پەهلەوی، ئەوە قازی محەممەد بوو کە دەسەڵاتی داگیرکەری دادگایی دەکرد.

پێشەوا لە تەنگانەی دادگای سەربازیدا تەنانەت یەک هەنگاویش لە باوەڕی نەتەوەیی خۆی پاشگەز نابێتەوە و کاتێک کە بەشداریی کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە کۆماردا وەکوو یەکێک لە تۆمەتە ڕیزکراوەکانی بۆی دەخوێنرێتەوە، ڕاشکاوانە دەڵی کە ئەوان لێرە بێگانە نەبوونە و کوردستان خاکی هەموو کوردێکە. کاتێک کە دادوەر پرسیاری لێ دەکا، بەڵێن دەدەی هەموو قسەکانت بۆ دادگا ڕاست بووبێ؟ وەڵامی قازی محەممەد ئەوەیە کە: ”ئەگەر لە دێڕێکی دیفاعیاتمدا جۆرێک قسەم کردبێ کە ئێوە پێتان خۆشە، بزانن لەوێدا ڕاستم نەوتوە“. ئەو شێوە دەربڕینە بوێرانەیە و شکۆی ئازایەتیی پێشەوا لە بەردەم سێدارەدا ڕێنوێن و سەرمەشقێکی تاهەتایی بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی و بگرە بۆ هەموو مرۆڤێکی شۆڕشگێڕ و خاوەن هەڵوێست لە هەموو شوێن و سەردەمێکدایە. پێشەوا لە ژیانی سیاسیی خۆیدا هەمیشە جێی متمانە و باوەڕی هەموو چین و توێژ و پێکهاتەکانی کۆمەڵگا بوو و خۆی بە پاراستنی مافەکانیان و ڕێزگرتن لە تۆلێرانس و پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوانیان پابەند دەزانی، هەر بۆیە دواتریش لە وەسیەتنامەکەیدا بە شێوەیەکی تایبەت پێداگریی لەسەر یەکڕیزیی گەلی کورد و وەلانانی ناکۆکییەکانی نێوان تاکەکان و پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی کوردستان کردۆتەوە و یەکڕیزی و یەکهەڵوێستیی بە کلیلی سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانجە ڕەواکانی نەتەوەی کورد زانیوە. لەسێدارەدانی ئەو ڕێبەرە مەزنەی مێژووی کورد، هەوڵێکی نەزۆکی فاشیزمی داگیرکەری زاڵ بە سەر وڵاتەکەماندا بۆ بە چۆکداهێنانی بزووتنەوەی ڕەوای کورد و سڕینەوەی وانەی خۆڕاگری و شۆڕش لە بیری نەتەوەکەی بوو، بەڵام نەک هەر ئەو هەوڵە سەری نەگرت، بەڵکوو وەک پێشەوا لە بێدادگای پەهلەویدا ئاماژەی پێ کردبوو، لە هەر دڵۆپێکی خوێنی ئەو هەزاران قازی موحەممەد سەریان هەڵدا و بە درێژایی زیاتر لە حەوت دەیەی ڕابردوو وانەکانی ئەو هەوێنی شوناسخوازی و گیانبازی و خەباتی تێکۆشەرانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان و لە هەموو لایەنە سیاسییە خەباتگێڕەکانی بزووتنەوەی کورددا بوونە و خەونی لەنێوچوونی کورد و کوردستانیان لە داگیرکەرانیان تێک داوە.

لە ٧٣هەمین ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی ئەو ڕێبەرە مەزنەدا ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای پێداگری لەسەر یەکڕیزی و هاوخەباتی لە پێناوی وەدیهێنانی ئامانجەکانی پێشەوا و هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری و ئازادی و دادپەروەریدا، سڵاو دەنێرێت بۆ گیانی پاکی هەموو خەباتگێڕانی شەهیدی نیشتمان و خۆی بە درێژەدەری ڕێگا و ڕێبازیان دەزانێ.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی**
**کوردستانی ئێران**
**٩ی خاکەلێوەی ١٣٩٩ی هەتاوی**

# بێوێنەن خەمخۆرانی نیشتمان...



ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک هەمیشە مەکۆی یەکڕیزی و بەهاناوە چوونە.

بەپێی ئەو هەواڵانەی کە ڕۆژانە لە شار و ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستانەوە بە ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکڕات دەگەن و بەپێی ئەم هەواڵ و کورتە ڤیدیۆیانەی کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بڵاودەکرێنەوە، خەڵکانی دڵسۆز و گەلدۆستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆژانە خەریکی هاوکاری و یارمەتی خەڵکن و ئەوەندەی لە دەستیان بێ نیشتمان لە بەڵای ڤایرۆسی کۆرۆنا دەپارێزن.

لەگەڵ ئەوەیکە بە هاناوەچوونی خەڵک لە کاتی قەیرانەکاندا ئەرکی دەوڵەتە، بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ٤١ ساڵ تەمەنی پڕ لە شوورەیی و ئینسانکوژی، ئیمتیحانی خۆی داوە و ئیتر خەڵک باوەڕیان بە قسە و بەڵێنەکانی نییە، هەر بۆیە لە کاتە هەستیار و تەنگانەکاندا خەڵکی کورد خۆڕسکانە و بێ گەڕانەوە بۆ بڕیاراتی دەوڵەت بە هانای خەڵکەوە دەچن.

هەروەک چۆن لە ساڵانی ڕابردوودا ناوەند و ئەنجومەن و خەڵکانی دڵسۆز و خەمخۆر بەهانای لێقەوماوانەوە چوون، ئەوە ئەمجارەشیان بەوپەڕی هەست بە بەرپرسایەتی کردن لەبەرابەر گەل و نیشتمانی کورددا هاتوونەتە مەیدان و بەهەر شێوەیەک کە بۆیان بلوێ خەڵک لە مردن و برسیەتی و ڤایرۆسی کۆڕۆنا دەپارێزن.

دوکتۆر و پەرەستارە ماندوویی نەناسەکانی کوردستان، ئەنجومەنەکان، کەسانی دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتوو و خەڵکانی خۆبەخش و نیشتمانپەروەر ئەم ماوەیە بێ ڕاوەستان خەریکی کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ هەژاران، پاکوخاوینی گوند و شارەکانی کوردستان، ڕێنمایی کردنی خەڵکن و ڕۆژبەڕۆژ ئەم هەرەوەزە کوردانەیە بەربڵاوتر و بەربەرینتر دەبێتەوە.

بەرلەماڵاوایی

# «نا»ی هەمیشەیی کوردستان به کۆماری ئیسلامی



هەردی سەلیمی

کۆماری ئیسلامی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ٥٧، هەر لە یەکەم تاقیکاریی جدیی بەردەمی لە پرۆسەی هەڵبژاردن و ئەگەری بوون بە دەسەڵاتێکی دێموکراتیکدا پێی خوار داناوە، هەر ئەو کات بە بەڕێوەبردنی ڕێفراندۆمێکی شەل کە هەر سەربەرگە سوور و کەسکەکەی دەرخەری ئاراستە پێدانێکی نادێموکراتیک و ناڕوون و چەواشەکارانە بوو، سەلماندی کە لەم دەسکەوتە مرۆییە بۆ ڕەوایی دان بە خۆی و دەسەڵات کەلک وەردەگرێ و خەڵک و داواکاریان ناگرینگترین بەشی بابەتەکەیە. ئەمە بەو واتایەشە کە ئامرازێکی مودێڕن و سەردەمیانەی بە تەواوی لە پێناو جێگیرکردنی بیرۆکەیەکی کۆن و نامودێڕندا بە خزمەت گرتوە و؛ ئەمەش یەکێک لەو سەدان پارادۆکسەیە کە بە درێژایی ئەم ساڵانە لە تەنیشت یەکتر بەکاری هێناون.

خەڵکی کوردستان بە پێشەنگایەتیی حیزبەکانیان زۆر زوو هەستیان بەو ناڕاست بوونەی دەسەڵات کرد و بە بایکۆتی ئەو هەڵبژاردنە جیا لە هەموو جوغرافیای ئێراندا هەڵوێستێکی تاقانەیان لە خۆیان نیشان دا و، ئەمەش دەسپێکێک بوو بۆ بەرەوڕوو بوونەوەیەکی چەندین ساڵە. خەڵک و حیزبەکانی کوردستان بە درێژایی ئەم ساڵانە لە گەیشتن بە مافەکانیان و خەباتی فرەڕەهەند لەم پێناوەدا دەستیان هەڵنەگرتوە و بۆ ساتێکیش شلوێ نەبوون. ئەمە ڕاستە کە دنیای سیاسەت لە کۆمەڵێک کایە و بردنەوە و دۆڕان و پێشبینیی دروست و نادروست پێک دێ، بەڵام لە مێژووی سیاسیی ئێرانی دوای شۆڕش ئەمە نەتەوەی کورد و حیزبە کوردییەکان بوون کە سەرەڕای نەگەیشتن بە ئامانجەکانیان پێشبینییەکانیان دروست بوو و، لە ناسینی سیستمی دەسەڵات و پێکهاتەکەی، ڕۆڵی ئاوانگاردیان گێڕا و؛ هەنووکەش ئەم دەسکەوتە کە سەرچاوە لە وشیاریی سیاسیی ڕێبەرانی ئێمە دەگرێ، مایەی سەربەرزیی ئەم گەلەیە.

ئێستا کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پەردە لە جینایەتە کۆن و نوێکانی ڕێژیم هەڵدەدرێتەوە و بەم بۆنەیەوە پتر لە پێش پێگەی جەماوەریی کۆماری ئیسلامی داتەپێ و بەرەو هەرەسهێنان و لەدەست دانی ڕەواییەتەکەی هەنگاو دەنێ، ئێمە کە لە ناسین و تێگەیشتن لە کاکڵەی سیستمەکە تێگەیشتوون و ئەوە نەیهێشتووە هیچ کات بەرەو پیری بچین و، لە سیاسەتی درۆ و دزی و جەنایەتەکانیدا بە هیچ شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەشدار بین؛ هەست بە شانازی دەکەین.

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە پێوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و سیاسەتەکانیدا، هیچ کات بێهەڵوێست نەبووە و وشیارانە لەگەڵی بەرەوڕوو بووەتەوە. لە کۆتاییەکانی دەیەی پەنجای هەتاوی و دەیەی شەست بە گشتی -کە سەردەمی زێڕینی خەباتی چەکدارایی نەتەوەی کورد بۆ گەیشتن بە مافە پێشێل کراوەکانی بوو و سەدان قارەمانی و گیانبازیی بێوێنە لە لایەن ڕۆڵە فیداکارەکانی ئەم گەلەوە خولقێندرا- کەمترین ڕێژەی بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا لە ئێران تایبەت بە کوردستان بوو. دوای ئەم سەردەمە و کۆتایی شەڕ و ئێران و عێراق هەندێک گۆڕانی ڕواڵەتی بەسەر فەزای سیاسیی وڵاتدا زاڵ بوو، بەڵام کەشی ئەمنیەتیی کوردستان هەر لەسەر جێی خۆی ماوە و دانانی کەسانی ناشارەزا و ناخۆیی و سپایی لە کاروباری پێوەندیدار بە ئیدارەی کوردستانەوە، ئەوەندەی دیکە ئەم بەشە لە کوردستانی میلیتاریزە کرد.

لە ساڵی ٧٢ ڕەفسەنجانی کە بۆ سەرۆککۆماری خۆی کاندید کردبوو و لە هەموو ئێران زۆرینەی ڕەهای دەنگەکانی هێنایەوە، بەڵام لە کوردستان و بە بەشدارییەکی مانادار لە لایەن خەڵکەوە بە تۆڵەی ڕێبەرانی شەهیدیان «نا»یەکی گەورەی پێ وترا و ئەم «نا»یە ئەوەندە لەسەر دڵی گران هات کە ناڕاستەوخۆ لە بەرنوێژێکی هەینیدا ئاماژەی پێکرد. ئەم ڕەوتە لە هەڵبژاردنەکانی دواتریشدا هەر بەردەوام بوو و ئەو کاندیدانەی کە لە لایەن ڕێبەری ڕێژیمەوە ساپۆرت دەکران، لە کوردستان تووشی دۆڕانێکی سووکانە دەبوون، بۆ نموونە ناتق نووری لە بەرامبەر خاتەمیدا، ئەحمەدینژاد لە بەرامبەر موعین و دواتر مووسەوی و ... مەبەست لە هێنانەوەی ئەم فاکتە مێژووییانە ئەوەیە کە گەلی کورد ئەگەر بایکۆتی بۆنە و هەڵبژاردنەکانیشی نەکردبێ بەشدارییەکەی زۆر مانادار و بە ئاراستەیەکدا بووە کە ڕێک دژایەتیی باڵی سەرەکیی دەسەڵات بووە.

لە پێوەندی لەگەڵ چالاکییە مەدەنییەکانیش دەبێ بڵێین کوردستان بە تەواوی بەشێکی جیاوازە و دەکرێ بڵێین کانتۆنێکی سەربەخۆی نافەرمییە. بۆنەی تایبەت بە خۆی و مێژووی نەتەوەکەی هەیە، لە بۆنە و جەژن و شادی و ناخۆشی و شیوەنی حکوومەتدا هیچ ڕۆڵێکی خۆڕسکانە لە کوردستان ناگێڕدرێ. بە ڕووداوە جۆربەجۆرەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە ماندووە -ئەمە تەنانەت نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی هەتا ئەم ساڵە دواییانەش تووشی سەرسووڕمان کردبوو و نەیاندەزانی دەربڕینی ناڕەزایەتی و خۆشیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێوەندیی بە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانەوە هەیە-. لە پێوەندی لەگەڵ هەڵمەتی یارمەتیدەرانە بە خەڵکی لێقەوماو (چ ئاوارەکانی باشووری کوردستان، چ بوومەلەرزە و لافاو لێدراوانی کرماشان و ئیلام و تەنانەت نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش) بەردەوام ڕۆڵی کارای هەبووە.

داخستنی دووکان و بازاڕ و مانگرتن و لە ماڵدا مانەوە، جۆرێکی دیکەی ناڕەزایەتی لە حکوومەت و دژایەتی لەگەڵ ئەوە، کە لەم بوارەشدا دەبێ بڵێین خەڵکی کوردستان ئەو پەڕی توانا و هەوڵی خۆیان بەکار هێناوە و، نموونە لەم بارەوە زۆرن: مانگرتن لە ساڵڕۆژی ڕێبەرانی شەهید سەرەڕای هەڕەشە و گوڕەشەکان، مانگرتن بە بۆنەی شەهیدکرانی مامۆستا فەرزاد کەمانگەر، مانگرتنی پڕشکۆ و سەرانسەریی ڕۆژی ٢١ی خەرمانانی ٩٧ و ... نموونەگەلێکن کە شایەدن بۆ ئەم ئیدیعایە.

٤١ ساڵە کوردستان لە ئێراندا لە باری مەعنەوییەوە سەربەخۆیە و سیستمێکی خۆڕسکی خۆبەڕێوەبەریی ڕەچاو دەکا و لە چکۆلەترین دەرفەتەکان باشترین کەلک وەردەگرێ بۆ نیشان دانی ئەم جیاوازییە مێژووییە و گەیشتن بە مافە سەرەکییەکانی؛ کوردستان لەم بوارەشەوە پێشەنگ بووە.